# ڕێکخستنی یاسایی
# پێگەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان

نووسینی: هیوا حامد

٢٠٢٢

**پەرلەمانی کوردستان**
**سەرۆکایەتی دیوان**
**سەنتەری توێژینەوە**
KURISTAN PARLIAMENT - RESEARCH CENTER

# چاپی یەکەم
# ٢٠٢٢

| |
|---|
| **ناوی کتێب:** ڕێکخستنی یاسایی پێگەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان |
| **بابەت:** توێژینەوە |
| **نووسینی: هیوا حامد** |
| **زمانەوانی:** |
| **دیزاین ناوەڕۆک:** سۆران عەبدولڕەحمان |
| **دیزاین بەرگ:** حامد سەقزی |
| ژمارەی سپاردن: |

**ناونیشان**
هەرێمی کوردستان - هەولێر: پەرلەمانی کوردستان شەقامی ٦٠ مەتری – بەرامبەر پارکی سامی عەبدولرەحمان
Erbil, 60sAvenue, Kurdistan parliament, Iraq
www. parliament.krd
KPI-Research center
E-mail: researchcenter42@gmail.com
0750 940 2405

# ناوەڕۆک

١- پێشەکی
٢- بەشـــی یەکەم:چوارچێـــوەی یاســـایی رێکخســـتنی پـــێگەی سەرۆکی هەرێم
٣- بەشـــی دووەم:ناونیشـــانی ســـەرۆکی هەرێـــم و پێکهاتـــەی سەرۆکایەتی
٤- بەشی سێیەم: خولی سەرۆکایەتی و چۆنیەتی هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم
٥- بەشـــی چـــوارەم: ئـــەرک و تایبەتمەنـــدی و دەســـەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێم
٦- بەشی پێنجەم : پرساندنی سەرۆکی هەرێم و کۆتایی هاتنی ماوەی سەرۆکایەتی
٧- بەشی شەشەم : ماف و ئیمتیازاتەکانی سەرۆکی هەرێم
٨- دەرەنجام و ڕاسپاردەکان
٩- پاشکۆی یاساکان

# پێشەکی

هاتنە کایەی پێگەی سەرۆکی هەرێم لە روی یاساییەوە کۆنترە لە ساڵی ٢٠٠٥ و دەرچونی یاسای سەرۆکایەتی هەرێم، بەڵکو مێــژووەکەی دەگەرێــتەوە بــۆ ســاڵی ١٩٩٢ واتــا ســەرەتای درووست بوونی قەوارەی سیاسی هەرێمی کوردستان . لەو ساتەی کە بەرەی کوردستانی بریاریدا بگەرێتەوە بۆ رای گەل و، رەوایەتی شۆرشگێری بگۆرێت بۆ رەوایەتی دەستوری ،لەو چوارچێوەیەدا دوو یاسای گرینگی دەرچواند بۆ بونیاتنانی هەریەکە لە دەســــەڵاتەکانی یاســــادانان و جێبەجێکـــردن. کە بریتیبوون لە یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتیمانی ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ بۆ رێکخستنی دەسەڵاتی یاسادانان، هەروەها یاسای (سەرۆکی بزاڤی رزگاریخوازی کورد) ژمارە ٢ی ساڵی ١٩٩٢، کە تیاییــدا بە شــێکی گرینــگ و لــوتکەی دەســەڵاتی جێبەجێکردنــی لە هەرێمــدا رێکخســت. ئەمە ســەرەتای هەوڵە یاســاییەکان بــوو بــۆ هێنــانە کــایەی پــێگەی ســەرۆک (کەســی یەکەمی دەسەڵاتی جێبەجێکردن) لە هەرێمی کوردستان.

لەبەرمەبنــــای ئەم دوو یاســــایە، لە یەککاتــــداو لە بەرواری ١٩٩٢/٥/١٩ دوو هەڵبژاردن لە هەرێمی کوردستان ئەنجامدران ،

یەکێکیــان بــۆ هەڵبژاردنــی ئەنجــومەنی نیشــتمانی کوردســتان ، ئەوەی دیکەیـــان بـــۆ هەڵبژاردنـــی ســـەرۆکی بـــزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کورد،بە پێی ماددەی ٨ی یاسای سـەرۆکی بزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کورد، دەبوایە لە گەڕی یەکەمـی هەڵبـژاردن پـالێوراو ، رێـژەی لە سـەدا پەنجـاو یەکـی دەنگەکـان بەدەسـت بێنێت، تـاوەکو سـەرکەوتوو بێت بۆ گرتنەدەسـتی ئەو پۆسـت و پـێگەیە ، بە هـۆی ئەوەی هـیچ کـام لە پاڵێوراوەکـان لە گەڕی یەکەمـی هەڵبـژاردنەکەدا نەیـانتوانی ئەم رێـژەی دەنـگە بە دەسـت بهێـنن، بـۆیە دەبـوایە گەڕی دووەمـی هەڵبـژاردن ئەنجـام بـدرێتەوە ، بە داخەوە بـارودۆخی سیاسـی ئەو کـاتەی هەرێمـی کوردسـتان و ئـاڵۆزی پەیوەنـدی نێـوان حـزبە سـەرەکییەکان بە تـایبەت دوو حزبـی بـراوەی هەڵبژاردنـی ئەنجـومەنی نیشـتیمانی، رێگربـــوون لەبەردەم ئەنجامـــدانی گەڕی دووەمـــی هەڵبژاردنـــی سەرۆکی بزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کورد.

ئەگەر چـی ئەم پـێگەیە بە چـۆڵی مـایەوە تـاوەکو سـاڵی ٢٠٠٥ ، بەڵام بە درێژایـی سـاڵانی نێـوان ١٩٩٢ تـاوەکو سـاڵی ٢٠٠٥ لە رووی یاساییەوە بوونی هەبـووە، دەسـەڵات و تایبەتمەندییەکانی لە رێـگەی کۆمەڵێـک دەقـی یاسـاییەوە رێکخـراوەو بە شـێوازی جۆراوجـــۆریش پیـــادە کـــراون کە دواتـــر لە درێـــژەی ئەم توێژینەوەیەدا ئاماژەیان پێدەکەین.

ساڵی ٢٠٠٥ بۆ یەکەم جار توانرا کەسێک وەک سەرۆکی هەرێم بۆئەم پێگەیە هەڵبژێردرێت و لەو ساتەشەوە تاوەکو نوسینی ئەم توێژینەوەیە چەندین گۆرانکاری بەسەر پێکهاتە و دەسەڵات و تایبەتمەندی و چۆنیەتی هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێمدا هاتوە ، ئەمەش ئەوە دەهێنێت ببێتە پاساو و پاڵنەر بۆ نوسینی توێژینەوەیەکی یاسایی لە بارەیەوە، تاوەکو خوێنەرانی کوردزمان و خەڵکی کوردستان بە گشتی و هەروەها توێژەرانی بواری یاسا، ئاشنابن بە قۆناغە جیاوازەکان و ئەو گۆرانکاریانەی بەسەر چۆنیەتی رێکخستنی ئەو پێگە گرنگەداهاتوە.هەوڵماندراوە رێچکەیەکی شیکاری و بەراوردکاریانە بگرینەبەر بۆ تاوتوێکردنی ئەو یاسایانەی پێگەی سەرۆکی هەرێمیان رێکخستوە، تاوەکو توێژینەوەکەمان گشتگیرو هەمەلایەن بێت، بۆ ئەم مەبەستەش توێژینەوەکەمان دابەش دەکەین بۆ شەش تەوەرەی سەرەکی ،لە تەوەرەی یەکەمدا تیشک دەخەینە سەر چوارچێوەی یاسایی رێکخستنی پێگەی سەرۆکی هەرێم، لە تەوەرەی دووەمدا ئاماژە بە ناو و ناونیشانی سەرۆک و پێکهاتەی سەرۆکایەتی دەکەین ، لە تەوەرەی سێیەم هەوڵدەدەین چۆنیەتی هەڵبژاردنی لە قۆناغە جیاوازەکان ڕوون بکەینەوە، لە تەوەرەی چوارەم دەسەڵات و تایبەتمەندییەکانی دەخەینە روو، لە تەوەرەی پێنجەمدا چۆنیەتی

لادان و لەمتمانەخستن و بەرپرسیار بوون و لێپرسینەوەی روون دەکەینەوە، دوا تەوەرەش تەرخان دەکەین بۆ ئاماژەدان بە ماف و ئیمتیازاتەکانی، بە ئومێدی ئەوەی بتوانین لە رێگەی ئەم توێژینەوەیە خزمەتێک بە کتێبخانەی یاسایی کوردی بکەین

***هیوا حامد***

# بەشی یەکەم

# چوارچێوەی یاسایی ڕێکخستنی پێگەی سەرۆکی هەرێم

هەرێمــی کوردســتان تــا نوســینی ئەم تــوێژینەوەیە خــاوەنی دەســتورێکی نوســراوی کــۆکراوە نــیە ،بــۆیە یاســادانەری کوردستانی ئەم پێگە گرنگەی لەرێگەی چەندین یاسای سروشت دەستوری جیاوازو ئاڵۆزەوە رێکخستوە، کە دەستپێگەشتنیان بۆ خوێنەرێکی ئاسایی و تەنانەت بۆ توێژەرانیش ئاسان نیە ،هەندێک لەو یاسایانە تا ئەم ساتەوەختە بەرکارەو هەندێکیشیان هەڵوەشێنراونەتەوە و هەندێکیشیان جارێک یان زیاتر لە جارێک هەمــوارکراونەتەوە، بــۆیە لەم بەشــەدا هەوڵــدەدەین ئامــاژە بەگرنگتــرین ئەو یاســایانە بکەیــن کە بە درێــژای (٢٩) ســاڵی رابردوو، پێگەی سەرۆکی هەرێمیان رێکخستوە،هەڵبەت لێرەدا تەنها ئاماژە بەو یاساو بریارە یاسایانە دەکەین کە راستەوخۆ بــوارێکی پــێگەی ســەرۆکی هەرێمیــان رێکخســتوە، ئەگینــا زۆر یاسای دیکە هەن کە لەبرگەو ماددەیەک یان چەند ماددەیەکیاندا تایبەتمەندیەکی سەرۆکی هەرێمیان رێکخستوە و هەوڵدەدەین لە شوێنی خۆیاندا ئاماژە بەو تایبەتمەندی و برگەو ماددانە بکەین.

## ١- یاســــای هەڵبژاردنـــــی ســــــەرکردەی بـــــزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد ژمارە(٢)ی ساڵی ١٩٩٢:

ئەم یاســـاییە لە لایەن ســـــەرکردایەتی بەرەی کوردســــتانیەوە دەرچوێنراوە ، ئەگەر لە یاساکە ورد بینەوە بۆمان دەردەکەوێت کە ناوەرۆکەکەی بریتییە لە یاسای رێکخستنی پێگەی سەرۆکی هەرێــم ،هەرچەنــدە وەک ناونیشــان ئامــاژەی بە دەســتەواژەی ســــەرۆکی هەرێــم نەکــردوە بەڵکــو ناونیشــانەکەی بــاس لە رێکخستنی یاسایی پێگەی سەرکردەی بزوتنەوەی رزگاریخوازی

گەلی کورد دەکات ، تێبینی دەکەین تەواوی ئەو تایبەتمەندی و دەسەڵاتانەی بە سەرکردەی بزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کورد دراون،دەسەڵات و تایبەتمەندی سەرۆکی هەرێمن، لە سۆنگەی ئەو رێسایە گشتیەش کە دەڵێت (العبره بالمقاصد والمعاني وليست بالالفاظ والمباني)دەگەینە ئەو راستیەی کە ئەم یاسایە پێگەی کەسی یەکەمی دەسەڵاتی جێبەجێکردنی رێکخستوە کە لە ئێستادا بە سەرۆکی هەرێم ناو دەبرێت،ئەم یاسایە لە (١٥) ماددە پێک دێت و لە ئێستادا هەڵوەشێندراوەتەوەو کاری پێناکرێت بە حوکمی ماددەی هەژدەیەم لە یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ژمارە(١)ی ساڵی (٢٠٠٥).

**٢- یاسای دەستەی سەرۆکایەتی هەرێم ژمارە (١٩) ی ساڵی ١٩٩٣:**

ئەم یاسایە لە لایەن ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستانەوە دەرچوێنراوە،بە وردبونەوە لە بڕگەو ماددەکانی، روندەبێتەوە کە لە بنەڕەتدا هەمواری یاسای هەڵبژاردنی (سەرکردەی بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد)ی کردوە، چونکە کۆی یاساکە بریتییە لە رێکخستنی پێکهاتەی پێگەی سەرۆک تا دەگاتە هەڵبژاردن و چۆنیەتی کارکردنی، بەڵام بە یاسایەکی تایبەت و سەربەخۆ دەرچوێندراوە نەک وەک یاسایەکی هەموارکردن، کۆی ماددەکانی (٩) ماددەیە، ساڵی ١٩٩٧ بە پێی حوکمی یاسای ژمارە (١٠)، کارکردن بەم یاسایە دەوەستێنرێت و لە ئێستادا بەرکارنیەو هەڵوەشێنراوەتەوە بە پێی حوکمەکانی یاسای ژمارە (٨) ی ساڵی ١٩٩٧.

**٣- ياسای هەڵوەشاندنەوەی یاسای دەستەی سەرۆکایەتی هەرێم ژمارە (٨)ی ساڵی ١٩٩٧:**
ئەم یاسایە جگە لە هەڵوەشاندنەوەی یاسای دەستەی سەرۆکایەتی هەرێم حوکمێکی دیکە لە خۆ ناگرێت بۆ رێکخستنی پێگەی یاسایی سەرۆکی هەرێم، بەڵام ناکرێت لەم توێژینەوەدا ئاماژەی پێ نەکەین ، چونکە ئەڵقەیەکی زنجیرەی ئەو یاسایانەیە کە پێگەی سەرۆکی هەرێمیان رێکخستوە.

**٤- یاسای وەستاندنی کار بە یاسای هەڵبژاردنی سەرکردەی بزاڤی رزگاری خوازی کورد ،ژمارە (١٠)ی ساڵی ١٩٩٧:**
ئەم یاسایە بە یەکێک لە یاسا گرینگەکان دادەنرێت لە بواری رێکخستنی پێگەی سەرۆکی هەرێم ، چونکە جگە لەوەی کارکردن بە یاسای هەڵبژاردنی سەرکردەی بزاڤی رزگاری خوازی کورد دەوەستێنێت،لە هەمان کات تایبەتمەندی و دەسەڵاتەکانی سەرکردە دابەش دەکات بە سەر هەریەک لە سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستان و سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران.
یاساکە لە (٨) مادده پێک دێت و بە دەرچوونی یاسای سەرۆکایەتی هەرێم ژمارە (١) ی ساڵی ٢٠٠٥ کۆتایی بەبونی دێت، چونکە لە بنەڕەتەوە یاسای هەڵبژاردنی سەرکردەی رزگاریخوازی کورد هەڵدەوەشێنێتەوە.

**٥- یاسای سەرۆکایەتی هەرێم ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥:**
ئەم یاسایە بە گرینگترین یاسا دێتە هەژمارکردن لە زنجیرەی ئەو یاسایانەی کە پێگەی سەرۆکی هەرێمیان رێکخستوە ،

گرینگیەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەم یاسایە یەکەم یاسا بوو ،پێگەی سەرۆکی هەرێمی لە چوارچێوەی درافتێکی یاساییەوە بردە بواری کردەیی و جێبەجێکردنەوە، لە لایەکی دیکەش تاوەکو ئێستاشی لەگەڵدا بێت بەرکارە، سەرەرای ئەوەی چەند جارێک هەموارکراوەتەوەو چەند جارێکیش کارکردن پێی هەڵپەسێردراوە، بەڵام دواتر بەرکارکراوەتەوە، هەر بۆیە بڕگەو مادەکانی ئەم یاسایە بەشێکی گرینگی توێژینەوەکە پێک دەهێنێت.

## ٦- یاسای هەموارکردنی یەکەمی یاسای سەرۆکایەتی هەرێم، ژمارە (٢)ی ساڵی٢٠٠٦:

ئەم یاسایە لە حەوت مادده پێک دێت چەند حوکمێکی یاسایی لە خۆ دەگرێت لە چوارچێوەی رێکخستنی یاسایی پێگەی سەرۆکی هەرێم.

بەشێک لە حوکمەکانی ئەم یاسایە تا ئێستاش بەرکارە و بەشێکی دیکەشی هەڵوەشاوەتەوە، بە نمونە بە پێی ماددەی دووەمی ئەم یاسایە سەرۆکی هەرێم هەریەک لە پاڵێوراونی دەستنیشانکراو بۆ پۆستی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و جێگرەکەی رادسپێرێت بە پێکهێنانی کابینەی وزاری، هەروەک لە دەقی مادەکەدا هاتوە (سەرۆکی هەرێم دوای دەسنیشان کردنیان لە لایەن پەرلەمانەوە، سەرۆکی وەزیران و جێگرەکەی رادسپێرێت بە پێکهێنانی وەزارەت......). بەڵام هەمواری سێیەمی یاسای سەرۆکایەتی ژمارەی (١)ی ساڵی ٢٠١٤، حوکمی ئەم ماددەیەی هەموار کردۆتەوە، بە شێوەیەک سەرۆکی هەرێم لە ئێستادا تەنها کاندیدێک بۆ سەرۆک وەزیران رادەسپێرێت بۆ پێکهێنانی کابینەی وزاری.

**٧- یاسای هەمواری دووەمی یاسای سەرۆکایەتی هەرێم، ژمارە(١)ی ساڵی٢٠٠٩:**

ئەم هەموارە یاسایەش هاوشێوەی زنجیرەی یاساکانی دیکە، کەم تا زۆر لە رێگەی حوکمەکانیەوە بەشێک لە تایبەتمەندییە گرنگەکانی پێگەی سەرۆکی هەرێمی رێکخستوە و تا نوسینەوەی ئەم توێژینەوەیەش، حوکمەکانی بەرکارن و گۆرانکاری بەسەردا نەهاتووە، بەنمونە تایبەتمەندی پێشنیازکردنی پرۆژە یاساو پرۆژەی بریارە یاسا لەلایەن سەرۆکی هەرێمەوە، بەو یاسایە رێکخراوەو پێشتر بوونی نەبووە، تا ئێستاشی لەگەڵ بێت ئەم تایبەتمەندیەی سەرۆکی هەرێم بەردەوامە.

**٨- یاسای درێژکردنەوەی ویلایەتی سەرۆکی هەرێمی کوردستان ژمارە (١٩)ی ساڵی ٢٠١٣:**

ئەم یاسایە لەگەڵ کەمی ژمارەی ماددەکانی کە تەنها (٥) ماددەیەو تەنها بۆ یەک خول کاریگەری یاسایی هەبوە لەسەر رێکخستنی پێگەی سەرۆکی هەرێم، بەڵام لە رووی سیاسی و تەنانەت یاساییشەوە مشتومڕی زۆری لێکەوتەوە و لەکاتی خۆیدا ئاڵۆزییەکی زۆری لە پەیوەندی نێوان حزبە کوردستانیەکان بە دوای خۆیدا هێنا، بۆیە دەکرێت بە یەکێک لە وێستگە یاساییە گرینگەکانی رێکخستنی پێگەی سەرۆکی هەرێم بێتە هەژماردن.

**٩- یاسای هەمواری سێیەمی یاسای سەرۆکایەتی هەرێم، ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٤:**

ئەم یاسایە تەنها لە چوار مادده پێکهاتووەو یەک حوکم لە خۆ دەگرێت سەبارەت بە یەکێک لە تایبەتمەندی و دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێم، ئەویش دوبارە رێکخستنەوەی راسپاردنی کەسی دەستنیشانکراو بۆ پێکهێنانی کابینەی وزارییە، یاساکە لە ئێستادا بەرکارەو دواهەمین کابینە لەکاتی نوسینی ئەم توێژینەوەیە ، کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمە، سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانەکەی بە تەنهاو بەبێ جێگرەکەی، بە پێی حوکمی ئەم یاسایە راسپێردرا بە پێکهێنانی کابینەی وزاری، هەروەک لە بریاری ژمارە ٧ی ساڵی ٢٠١٩ ی پەرلەمانی کوردستان روندەبێتەوە، کاتێک لە ماددەی یەکەمی ئاماژە بە ناوزەدکردنی بەرێز (مەسرور مەسعود مصطفی بارزانی) دەکات بۆ سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، بێ ئەوەی جێگرەکەی ناوزەدبکرێت.

**١٠- یاسای دابەشکردنی دەسەڵاتەکانی سەرۆکایەتی هەرێم بەسەر دامەزراوە دەستورییەکانی هەرێم ژمارە (٢) ی ساڵی ٢٠١٧:**

ئەم یاسایە بە هۆی لێکەوتە یاساییە کاریگەرەکانیەوە بەسەر رێکخستنی پێگەی سەرۆکی هەرێم ، بە یەکێک لە یاسا گرینگەکان دێتە هەژمار کردن، لە دوای دەرچونیەوە، جارێکی دیکە پێگەی سەرۆکی هەرێم لە رووی کرداریەوە چۆڵ دەبێتەوەو، ئەرکو دەسەڵاتەکانی بە پێی حوکمەکانی ئەم یاسایە

دابەش دەكرێت بەسەر دامەزراوە دەستورییەكانی دیكەی هەرێمی كوردستان.
یاساكە لە (٥) ماددە پێكهاتوەو لە ئێستادا بەركار نیەو هەڵوەشاوەتەوە، بە پێی حوكمی ماددە (٢)ی یاسای كاراكردنەوەی دامەزراوەی سەرۆكایەتی هەرێم ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٩.

**١١- یاسای هەڵپەساردنی دامەزراوەی سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان ژمارە (١٠)ی ساڵی ٢٠١٨:**

هەر چەندە لە رووی ژمارەی ماددەكانیەوە ئەم یاسایە كورتەو تەنها (٦) ماددە لە خۆ دەگرێت ، بەڵام لە رووی ناوەرۆكەوە بە وێستگەیەكی یاسایی گرینگی رێكخستنی پێگەی سەرۆكی هەرێم دادەنرێت، چونكە دوای چەندین ساڵ جارێكی دیكە پێگەی سەرۆكی هەرێمی گەڕاندەوە بۆ تەنها بونێكی (وجود) یاسایی دور لە جیهانی كردارەكی. لە ئێستادا بەركار نییەو بە پێی حوكمەكانی ماددەی (٢)ی یاسای كاراكردنەوەی دامەزراوەی سەرۆكایەتی هەرێم ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٩ هەڵوەشێنراوەتەوە.

**١٢- یاسای كاراكردنەوەی دامەزراوەی سەرۆكایەتی هەرێم ژمارە(١)ی ساڵی ٢٠١٩:**

ئەم یاسایە لە (٩) ماددە پێك دێت و لە كاتی نوسینی ئەم توێژینەوەیە بەركارەو بە یەكێك لە وێستگە یاساییە گرنگەكانی رێكخستنی پێگەی سەرۆكی هەرێم دادەنرێت، چونكە جگە لە كاراكردنەوەی دامەزراوەی سەرۆكایەتی هەرێم دوای هەڵپەساردنی ، گۆرانكاری گەورەشی لە چۆنیەتی خۆ پاڵاوتن و

هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم هێنایە کایەوە، بە جۆرێک جارێکی دیکە هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێمی لە گەلەوە گواستەوە بۆ پەرلەمان بەشێوەیەکی کاتی تاوەکو نوسینەوەی دەستور، سەرۆکی ئەم خولەی هەرێمی کوردستان بە پێی حوکمەکانی ئەم یاسایە لە نێو پەرلەمان هەلبژێردرا، لە بەشەکانی دیکەی ئەم توێژینەوەیە ئاماژە بە گرنگترین ئەو گۆرانکاریانە دەکەین کە ئەم یاسایە لەگەڵ خۆیدا هێنای.

## ١٣- یاسای دیوانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ژمارە (٢)ساڵی ٢٠٠٥:

ئەم یاسایە جگە لەوەی چەند حوکمێکی تێدایە، بەشێک لە دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێمی رێکخستوە، ئەویش دیوانی سەرۆکایەتی هەرێمە، سەرەرای ئەوە هەندێک تایبەتمەندی بە سەرۆکی هەرێم داوە، بۆ نمونە دەسەلاتی داوە بە سەرۆکی هەرێم لە دەرەوەی ئەو رێککارانەی لە یاسای سەرۆکایەتی هەرێم ژمارە ١ی ساڵی ٢٠٠٥ ئاماژەیان پێکراوە، کەسانێک بە پلەی تایبەت دابمەزرێنێت لە چوارچێوەی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێم، بۆیە لە رێزی ئەو یاسایەنە دێتە هەژمارکردن کە بە جۆرێک لە جۆرەکان پێگەی سەرۆکی هەرێمیان رێکخستوە، لە (٦) مادده پێک دێت و تا نوسینەوەی ئەم توێژینەوەیە بەرکارە.

## ١٤- یاسای موچە و دەرماڵەی سەرۆکی هەرێم و جێگرەکەی ژمارە(١٣)ی ساڵی ٢٠١٠:

ئەم یاسایەش هەروەک لە ناونیشانەکەیڕا دیارە بەشێک لە ماف و ئمتیازەتەکانی پێگەی سەرۆکی هەرێم و جێگرەکەی رێکدەخات، بۆیە بە پێویستمان زانی لە بەشێکی ئەم

توێژینەوەیەدا ئاماژەی پێبکەین، یاساکە لە (٨) مادده پێک دێت، هەرچەندە تا نوسینی ئەم توێژینەوەیە بەرکارە، بەڵام یاسای چاکسازی ژمارە (٢) ی ساڵی ٢٠٢٠ هەندێک لە حوکمەکانی هەموار کردۆتەوە بە شێوەیەکی ناراستەو خۆ کە لەدوا باشی توێژینەوەکەدا ئاماژەی پێدەکەین.

### ١٥- یاسای بەخشینی نیشان و میدالیای ژمارە١٢ی ساڵی ٢٠٢١

دوای چاوەروانی زیاتر لە ١٦ شازدە ساڵ، لە بەرمەبنای برگەی هەژدەهەم لە ماددەی دەیەم لە یاسای ژمارە ١ی ساڵی ٢٠٠٥ ، دواجار سەرۆکایەتی هەرێم لە ساڵی ٢٠٢١ پێشنیاری پرۆژە یاسایەکی سەبارەت بە رێکخستنی بەخشینی نیشان و میدالیا ئاراستەی پەرلەمان کردو هەر لەو ساڵەدا پەرلەمان پەسندی کرد، ئەم یاسایە لە ١٥ مادده پێک دێت و چۆنیەتی پیادەکردنی یەکێک لە تایبەتمەندیەکانی سەرۆکی هەرێم رێکدەخات کە بریتیە لە بەخشینی نیشان و میدالیا،گرینگی ئەم یاسایە لەوەدایە کە دوای ١٦ ساڵ یەکێک لە دەسەڵات و تایبەتمەندیە پەکخراوەکانی سەرۆکی هەرێمی کاراکرد.

### ١٦- بریارە یاسای ژمارە (٤) ی ساڵی ٢٠٠٩:

ئاشکرایە پەرلەمانی کوردستان جگە لە یاسا، بریارە یاساش دەردەکات کە هەمان هێزی یاسای هەیە و بەهەمان رێککارەکانی یاسادانانی ئاسایی دەردەچوێنرێت. ئەم بریارەش لە (٣) مادده پێک دێت و، بە شێوەیەکی ناراستەوخۆ یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی سەرۆکی هەرێمی هەموار کردۆتەوەئەویش

پرسی دیاریکردنی وادەی هەڵبژاردنی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستانە.

**١٧- بریارە یاسای ژمارە (٥) ی ساڵی ٢٠٠٩:**

یەکێکە لەو بریارە یاسایانەی کە بەشداری هەیە لە چۆنیەتی رێکخستنی پێگەی سەرۆکی هەرێم، هەرچەندە ئەو بریارە یاسایە بۆ یەک قۆناغ و بۆ بارێکی زۆر تایبەت بوو، بەڵام دواجار یەکێکە لەو یاسادانانەی کە پرسێکی یاسایی تایبەت بە پێگەی سەرۆکی هەرێمی چارەسەر کردوە، ئەویش پرسی ماوەی یاسایی ویلایەتی سەرۆکی هەرێمە لەو بۆشاییەی لە نێوان خولی هەڵبژاردنی دووەم و سێیەمی پەرلەماندا دروست بوو.

**١٨- پەیرەوی ناوخۆی هەموارکراوی بەرکار لە پەرلەمانی کوردستان:**

پەیرەوی ناوخۆی هەموارکراوی بەرکاری پەرلەمانی کوردستان هاوشێوەی یاسا بەرکارەکانی دیکە لە هەرێمی کوردستان، لە رێگەی چەندین ماددەو برگەوە بەشدارە لە رێکخستنی یاسایی پێگەی سەرۆکی هەرێم، کە دواتر لە درێژەی بەشەکانی دیکەی ئەم توێژینەوەیە ئاماژەیان پێدەکەین.

# بەشی دووەم
# ناونیشانی سەرۆک و پێکهاتەی سەرۆکایەتی

بە وردبونەوە لەو یاسایانەی کە پێگەی سەرۆک و پێکهاتەی سەرۆکایەتی هەرێمیان ڕێکخستووە دەردەکەوێت کە ناونیشانی سەرۆک و پێکهاتەی سەرۆکایەتی بە پێی قۆناغە جیاوازەکان کۆمەڵێک گۆرانکاری گەورەیان بەسەرداهاتوە ،هەوڵدەدەین لەم بەشەدا ئاماژە بە گرنگترین ئەو گۆرانکاریانە بدەین کە بەسەر ناوونیشانی سەرۆکی هەرێم و پێکهاتەی سەرۆکایەتیدا هاتوە:

## ١- سەرکردەی بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد:

یاسای هەڵبژاردنی سەرکردەی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد ژمارە (١) ی ساڵی ١٩٩٢ کە لەلایەن بەرەی کوردستانیەوە دەرچوێنراوە، لە جیاتی ناوی سەرۆکی هەرێم دەستەواژەی (سەرکردەی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد)ی بەکارهێناوە،ئەمەش ڕەنگە بگەڕێتەوە بۆ ئەو بارودۆخەی ئەو کات هەرێمی کوردستان پێیدا گوزەریکردوە، کە قۆناغی دوای سەرکەوتنی شۆرش و ڕاپەڕینی خەڵکی هەرێمی کوردستان و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستان بووە .لەم یاسایەدا جگە لەوەی لە بری سەرۆکی هەرێم دەستەواژەی سەرکردەی بزوتنەوەی ڕزگاریخواز بەکارهاتوە، وشەی (کورد)ی داوەتە پاڵ (بزوتنەوە ڕزگاریخوازییەکەی)، کە بەڕای ئێمە دەبوایە لە یاساکەدا بنوسرایە (سەرکردەی بزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کوردستان ) بەهۆی ئەوەی بە درێژایی مێژوو، بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد هی تەواوی گەلی کوردستان بووە بە هەموو نەتەوەو پێکهاتەکانیەوە، لەلایەکی ترەوە ئەم پێگە دەستوری و یاسایی یە بۆ قەوارەیەکی سیاسیەو سەرۆک

فــەرمانڕەوایی گــەلێک دەکــات، بــە دەســتەواژە سیاســی و یاساییەکەی نەک  تەنها نەتەوەیەک .
هــەرچی پەیوەنــدی بــە پێکهاتــەی ســەرۆکایەتییەوە هەیــە، لەیاسـاکەدا تـەنها سـەرکردەی بزوتنـەوەی ڕزگـاریخوازی کـورد بونی هەیە بەبێ ئەوەی جێگری هەبێت.

## ٢– دەستەی سەرۆکایەتی هەرێم:

یاســای دەســتەی ســەرۆکایەتی هــەرێم ژمــارە (١٩)ی ســاڵی ١٩٩٣،بەشــێوەیەکی کــاتی و بــەدەر لــە حوکمــەکانی یاســای هــەڵبژاردنی ســەرکردەی بزوتنــەوەی ڕزگــاریخوازی کــورد، تــا هــەڵبژاردنی ســەرکردەی بزوتنــەوەی ڕزگــاریخوازی کــورد ، دەستەواژەی (دەستەی سـەرۆکایەتی هـەرێم )ی بـەکارهێناوە بۆ ئـەو لایەنـەی کـە پیـادەی تایبەتمەندییـەکانی سـەرکردە دەکـات ،لێـرەدا دەبێـت ئامـاژە بەوە بکەیـن،کە گۆڕانکارییەکـە تەنهـا لـە دەسـتەواژەدا کـورت نـابێتەوە، بـەڵکو پێکهاتەکەشـی گۆڕانکـاری بەســەردادێت بــە جۆرێــک پــێگەی ســەرۆکی هەرێــم لە تەنهــا کەسێکەوە دەگۆڕێت بۆ دەستەیەک کە لە چەند کەسێک پێکدێت، هەروەک لە لــە مــاددەی (٢)ی یاســاکە ئامــاژە دەکــات بــەوەی دەســتەی ســەرۆکایەتی پێکـدێت لـە :(لـەو دوو پـاڵێوراوەی کـە زۆرترین دەنگی دەنگدەرانیان لـەو هەڵبژاردنـە بە دەسـت هێنـاوە کـە بـە پێـی یاسـای ژمـارەی(٢)ی سـاڵی ١٩٩٢ لـە ١٩٩٢/٥/١٩ ئەنجامدراوە، لەگەڵ سەرۆکی ئەنجومەنی نیشـتیمانی کوردسـتان و ســەرۆکی ئەنجومــەنی وەزیرانــی هــەرێمی کوردســتان و دوو ئەنــدامی مەکتــەبی سیاســی هەریــەک لــەو دوو حیزبــەی کــە خـاوەنی ئەودوو پاڵێوراوەنکە خـاوەنی زورتـرین دەنگن ). واتـە دەستەیەک شوێنی سەرکردە دەگرێتەوە کە لە (٦) کەس پێکدێت،

ئەمەش بە گۆڕانکاریەکی گەورەو جەوهەری دادەنرێت لەڕێکخستنی یاسایی پێگەی سەرۆکی هەرێم، هەرچەندە بۆ قۆناغێکی راگوزەریش بێت،چونکە جگە لە گۆڕینی ناو و ناونیشانی پێگەی سەرۆکی هەرێم ، هەریەکە لە پێکهاتەو چۆنیەتی هەڵبژاردن و پیادەکردنی تایبەتمەندییەکانی ئەو پێگەیە گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە. ئەم قۆناغەش لە ڕووی یاساییەوە بە دەرچوونی یاسای وەستاندنی کارکردن بە یاسای (هەڵبژاردنی سەرکردەی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد) ژمارە(١٠)ی ساڵی ١٩٩٧ کۆتایی پێدێت، چونکە پیادەکردنی تایبەتمەندیەکانی سەرکردە بە پێی ئەم یاسایە دابەش دەکرێت بەسەر هەریەکە لە سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستان و سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران.

### ٣- سەرۆکی هەرێم بەبێ جێگر

یاسای سەرۆکایەتی هەرێم ژمارە(١)ی ساڵی (٢٠٠٥) گۆرانکاریەکی گەورەی یاسایی بەدوای خۆیدا هێینا لە ڕووی ڕێکخستنی پێگەی سەرۆکی هەرێم،بۆ یەکەمجار دەستەواژەی(سەرۆکی هەرێم)ی هێنایەکایەوە ،ئەڵبەتە گۆڕانکاریەکە تەنها لەناودا کورت نابێتەوە بەڵکو پێکهاتەکەشی گۆڕانکاری بەسەردا دێت، ئەویش لەوەدا خۆی دەبینێتەوە  کە لەو یاسایەدا بڕیاردراوە  سەرۆک بەو پێەی فەرماندەی گشتی هێزەکانی پێشمەرگەیە،جێگرێکی هەبێت تا یارمەتی بدات لە راپەڕاندنی ئەرکە سەربازییەکانی ، بەوردبونەوە لە دەقی ماددەی (١٣)ی ئەم یاسایە دەردەکەوێت کە سەرۆکی هەرێم بە تەنها خۆی لە پێگەی سەرۆکایەتی هەرێمەو هیچ جێگرێکی نیە ، ئەو جێگرەی لە ماددەی (١٣) ئاماژەی بۆکراوە تەنها جێگریەتی

له فەرمانـــدەیی گشـــتی هێـــزی پێشـــمەرگەو بـــۆ کاروبـــاری سەربازیە،هەربۆیە دەبینین لەماددەی(١٤)ی یاساکە ئاماژە بەوە دەکات کە لە حاڵەتی دیارنەمانی سەرۆکی هەرێم،ئەوا سەرۆکی ئەنجومـەنی وەزیـران لـە جیـاتی ئـەو، ئـەرک و فەرمانـەکانی ڕادەپەڕێنێت نەک جێگرە سەربازیەکەی.

## ٤- سەرۆکی هەرێم و یەک جێگر

دەرچوونی یاسای هەمواری یەکەمی یاسای سەرۆکایەتی هەرێم ژمارە(٢)ی ساڵی( ٢٠٠٦) گۆرانکاری لە پێکهاتەی سەرۆکایەتی هەرێمی بەدوای خۆیدا هێنا، بە جۆرێک سەرۆکایەتی هەرێم لە تەنهـا سـەرۆکی هەرێـمەوە گـۆردرا بـۆ سـەرۆک و جێگـری سـەرۆکی هەرێـم و، بـۆ یەکەم جـار جێگـر بـۆ ئەو پـێگەیە هـاتە ئـاراوە، هەروەک لـە مـاددەی یەکـەم خـاڵی (٢)ی یاسـاکەدا بـە ڕوونـی ئامـاژە بـۆ ئـەوە دەکـات کـە سـەرۆکی هـەرێم جێگرێکـی دەبێت و هاوکاری دەکات لە ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانی و لە کاتی ئامادەنەبونیشـدا جێگـەی دەگرێتـەوە، هەروەهـا لـە خـاڵی (٣)ی هـەمان مـاددەش ئامـاژەی کـردووە کـە لـە حاڵـەتی ئاسـاییدا سەرۆکی هەرێم هەندێک لە دەسەڵاتەکانی خۆی دەسپێرێت بە جێگرەکەی،لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە دوای دەرچوونی ئـەم یاسایە بۆ یەکـەمجار لە هـەرێمی کوردسـتان لـە پاڵ سـەرۆکی هەرێم ،جێگری سەرۆکیش بونێکی یاسایی دەبێت.ئەوەی تێبینی دەکرێـت ئەوەیە کە بۆشـاییەکی یاسـایی بەدیـدەکرێت لەبـارەی چۆنیەتی دانانی جێگری سەرۆکی هەرێم، چونکە هیچ دەقێکی یاسـایی ئامـاژە بەوە ناکـات کـێ دەسـەڵاتی دانـانی جێگـری سەرۆکی هەرێمی هەیەو ڕێککارەکانی دانانی کامانەن؟ هەربۆیە لە یەکەم پیادەکردنی حوکمی ئەم یاسایە، پەرلەمانی کوردستان

بە دەنگدان جێگرێک بۆ سەرۆکی هەرێم دیاری دەکات، هەروەک لە بریـاری ژمـارە(٥)ی سـاڵی ٢٠٠٦ ی پەرلەمـانی کوردسـتان رونـدەبێتەوە کاتێـک لە مـاددەی یەکەمـی بریـارەکە بەرێـز (کۆسرەت رەسول علی) دەپاڵێوێت بۆ پۆستی جێگری سـەرۆکی هەرێم،لەراستیدا ئەم تێگەیشتنەی پەرلەمان بۆ دەقی ئەم یاسـایە پشتیوانیەکی یاسایی نیە، چونکە لە قۆناغێکی دیکەدا هەمـان دەق بەشـێوازێکی دیـکە پیـادە دەکرێـت کە لە شـوێنی خـۆی لەم توێژینەوەیەدا ئاماژەی پێدەدەین.

## ٥– سەرۆکی هەرێم و دوو جێگر

پێکهـاتەی سـەرۆکایەتی هەرێـم بە سـەرۆک و جێگـرێکەوە بەردەوام دەبێـت تـا دەرچـوونی یاسـای دابەشـکردنی دەسـەڵاتەکانی سـەرۆکایەتی هـەرێم بەسـەر دامـەزراوە دەستوریەکان ژمارە (٢)ی ساڵی (٢٠١٧) ، بەپێ ی ئـەم یاسـایە تـا هەڵبژاردنـەکانی سـەرۆکی هـەرێم و خـولی پێنجـەمی پەرلەمان،پێگـەی سـەرۆکی هـەرێم تـەنها وەک بـوونێکی یاسـایی دەمێنێت و لـە ڕووی کردارەکیەوە دەسەڵاتەکانی دابەشـی سـەر دامـەزراوە دەسـتوریەکانی دیـکەی هەرێـم دەکرێـت، پاشـان بـە دەرچـوونی یاسـای هەڵپەسـاردنی دامـەزراوەی سـەرۆکایەتی هـەرێم ژمـارە (١٠)ی سـاڵی (٢٠١٨) لـە ڕووی یاسـاییەوە بـۆ ماوەیـەکی کـاتی پێگـەی سـەرۆکایەتی هـەرێم هەڵدەسـپێردرێت چونکـە لایەنـە سیاسییەکان نـەیانتوانی بگەنـە ڕێککـەوتن لەسـەر ئەنجامـدانی هـەڵبژاردن بـۆ سـەرۆکی هـەرێم هاوکـات لەگـەڵ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان.

ئەم بارودۆخە یاساییە بەردەوام دەبێت تـا دەرچوونی یاسـای کاراکردنـەوەی دامـەزراوەی سـەرۆکایەتی هـەرێم ژمـارە (١)ی

سالّی (٢٠١٩) کە ویڕای کاراکردنەوەی ئەم پێگەیە لە ڕووی یاسایی و کردارەکییەوە، گۆڕانکاری لە پێکهاتەی سەرۆکایەتی هەرێمیش بە دوای خۆیدا دەهێنێت، بە جۆرێک بۆیەکەمجار سەرۆکی هەرێم لە بری جێگرێک، دوو جێگری دەبێت، هەروەک لەماددەی (٣) خالّی دووەمی یاساکەدا ئاماژەی بۆکراوە کە سەرۆکی هەرێم دوو جێگری دەبێت و ئەرک و دەسەلاّتەکانیان لەلایەن سەرۆکی هەرێمەوە دیاری دەکرێت.

لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە هەروەک لە خالّی پێشوودا ئاماژەمان پێکرد ، لە خولی یەکەمی سەرۆکایەتی هەرێم، پەرلەمانی کوردستان تایبەتمەندی دانانی جێگری سەرۆکی هەرێمی لەلای خۆیەوە بێ هیچ پشتیوانیەکی یاسایی پیادە کرد. لەم خولەشدا بێ ئەوەی هیچ گۆرانکاریەک لە حوکمی ماددەکە رویدابێت جگە لەوەی ژمارەی جێگرەکانی سەرۆکی هەرێم لە یەک جێگرەوە بوو بە دوو جێگر، سەرۆکی هەرێم هاوشێوەی پەرلەمان تایبەتمەندی دانانی جێگرەکانی بەخشی بەخۆی و پیادەشی کرد، کاتێک بە مەرسوم و دوور لە بریاری پەرلەمان هەریەکە لە بەرێزان (جعفر شێخ مستەفا) و (مستەفا سەید قادر) ی بە جێگرانی سەرۆکی هەرێم دانا، بێ ئەوەی پەرلەمانی کوردستان نارازیبونێکی هەبێت لەسەر بریارەکەی سەرۆکی هەرێم.

# بەشی سێیەم
# خولی سەرۆکایەتی و
# چۆنیەتی هەڵبژاردنی سەرۆک

لەم بەشـــەدا ئامـــاژە بە خـــولی ســـەرۆکایەتی و چـــۆنیەتی هەڵبژاردنی سەرۆک دەکەین لە قۆناغە جیاوازەکاندا

## ١- خولەکانی سەرۆکی هەرێم

لە یاسـای هـەڵبژاردنی سـەرکردەی بزووتنـەوەی ڕزگـاریخوازی کـــورد ژمـــارە (٢)ی ســـاڵی (١٩٩٢) دا هـــاتووە: (مـــاوەی فەرمانڕەوایی سەرکردە چوارساڵ دەبێت، هـەروەها لـە ماددەی سێیەمی یاسای سەرۆکایەتی هەرێم ژمارە (١) ی سالی(٢٠٠٥)دا هاتووە (ویلایەتی سـەرۆکی هـەرێم بۆ چوار ساڵە و دەشـێ بۆ جـاری دووەمـیش هەڵبژێردرێتەوە).بـەڵام بـە دەگمـەن ڕێـک نەکەوتووە خولەکان وەک ئەوەبن کە لە دەقی یاساکاندا هـاتووە، تـەنها ویلایـەتی یەکـەمی سـەرۆکی هـەرێم نـەبێت کـە لـە سـاڵی (٢٠٠٥) تاوەکو (٢٠٠٩) بوو،تا ڕادەیـەک خولەکـە وەک ئـەوە بـوو کـە لـە دەقـی یاسـاکە داهـاتووە، تەنانـەت لـەو خولەشـدا بـە هۆکارێکی (هونەری –یاسایی) پەرلەمانی کوردستان ناچار بوو ماوەی ویلایەتی سـەرۆکی هـەرێم درێژبکاتـەوە تـاوەکو بۆشـایی دەسـتوری و یاسـایی لـە هـەرێم دروسـت نـەبێت هـەروەکو لـە بڕیارە یاسای ژمارە (٥)ی ساڵی (٢٠٠٩)ی پەرلەمانی کوردستان لـە بڕگـەی یەکەمـدا هـاتووە :(پەرلـەمانی کوردسـتان-عێـراق لـە دانیشـتنی ئاسـایی ژمـارە ١٣ لـە ڕۆژی ٢٠٠٩/٥/١٣ بڕیاریـداوە، بەدەر لە حوکمی ماددەی سێیەم لە یاسایی سـەرۆکایەتی هـەرێم کـــە لـــە ٢٠٠٩/٦/١٢ کۆتـــایی پێدێت،درێژدەکرێتـــەوە تـــاوەکو هـەڵبژاردنی سـەرۆکێک بـۆ هـەرێم و دەسـتبەکاربوونی)، ئـەگینا خولـەکانی دیکـە گرفتـی زۆر لـە ماوەکەیانـدا هـەبووە، بـۆ نمونـە هـەروەک لە بەشـی دووەمـدا ئاماژەمـان پێدا بـەهۆی بارودۆخی سیاسـی هەرێـمەوە نـەتوانرا سـەرکردەی رزگـاریخوازی کـورد

هــــەڵبژێردرێت و لـــە شـــوێنی ئـــەو دەســـتەی ســـەرۆکایەتی دەستبەکاربوو بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانی کە لە یاسای دەستەی سەرۆکایەتی هەرێم ژمارە (١٩)ی ساڵی(١٩٩٣) ماددەی یەکەمدا هاتووە  دەستەی سەرۆکایەتی ئەرک و دەسەڵاتەکانی سەرکردە بەڕێوە دەبات تاوەکو قۆناغی دووەمی هەڵبژاردنی ڕابەری بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد تەواو دەبێت. هەڵبەت یاساکە نزیکەی چوار ساڵ تەمەنی کردووە بە یاسای ژمارە (٨)ی ساڵی(١٩٩٧) هەڵوەشایەوە بێ ئەوەی هەڵبژاردنی دووەمی ڕابەری بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردیش ئەنجام بدرێت.هەرچی ویلایەتی دووەمی سەرۆکی هەرێمە بە پێی یاسایی ژمارە (١)ی ساڵی(٢٠٠٥) کە لە ساڵی (٢٠٠٩) دەست پێ دەکات دوای ئەوە لە هەڵبژاردنی ٢٠٠٩/٧/٢٥ سەرۆکێک لەلایەن هاوڵاتیانەوە هەڵبژێردرا، دەبوایە ماوەی خولەکەی لە ٢٠١٣/٧/٢٥ کۆتایی بێت لەگەڵ کۆتایی هاتنی تەمەنی خولی سێ یەمی پەرلەمان، بەڵام بە یاسای درێژکردنەوەی ویلایەتی سەرۆکی هەرێمی کوردستان ژمارە (١٩)ی ساڵی (٢٠١٣)، لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە ویلایەتی سەرۆکی هەرێم بۆ ماوەی دوو ساڵ درێژکرایەوە هەروەک لە ماددەی یەکەمی یاساکەدا هاتووە : (ویلایەتی سەرۆکی هەرێم کە لە (٢٠١٣/٨/٢٠) دا تەواو دەبێت، بەردەوام دەبێت و درێژدەکرێتەوە تا (٢٠١٥/٨/١٩) کە ئیتر بۆ دووەم جار یارای درێژکردنەوەی نیە)، ئەڵبەتە دوای تەواو بوونی ئەو وادەیەش سەرۆکی هەرێم لە پۆستەکەی مایەوە تاوەکو بەرواری (٢٠١٧/١٠/٢٧)، بەهۆی ئەوەی نەتوانرا لەبەر بارودۆخی سیاسی هەرێمی کوردستان هەڵبژاردن ئەنجام بدرێت، لە (٢٠١٧/١٠/٢٧) پەرلەمانی کوردستان لە ڕێگەی یاسای دابەشکردنی دەسەڵاتەکانی

سەرۆکایەتی هەرێم بەسەر دامەزراوە دەستوریەکانی هەرێم ژمارە (٢)ی ساڵی (٢٠١٧) بە شێوەیەکی کردارەکی کۆتایی بەو خولەی ویلایەتی سەرۆکی هەرێم هێنا.

## ٢- هەڵبژاردنی سەرۆک

هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم یان ئەو کەس و دەستانەی کە لە شوێنی ئەو پیادەی تایبەتمەندی یەکانی ئەویان کردووە بە چەند قۆناغ و وێستگەیەکدا تێپەڕیوەو شێوازی جۆراوجۆری بە خۆیەوە بینیوە دەتوانین بڵێین بە شێوەیەکی گشتی سێ شێواز پیادەکراوە لە هەڵبژاردنیدا بەم شێوەیە:

- **هەڵبژاردنی لەلایەن گەلەوە:**

یاسای هەڵبژاردنی سەرکردەی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد ژمارە (٢)ی ساڵی (١٩٩٢)، جەخت لەوە دەکاتەوە کە سەرکردە لەلایەن گەلەوە هەڵدەبژێردرێت، هەروەک لەماددەی یەکەمی یاساکەدا هاتووە :(گەلی کوردستانی عێراق بەڕادانی گشتی و نهێنی ڕاستەوخۆ سەرکردەیەک بۆ بزوتنەوە ڕزگاریخوازییەکەی هەڵدەبژێرێ کە نوێنەرایەتی دەکا و لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوە بەناویەوە دەدوێت،لە ژێر سایەی ئەم یاسایەدا لە ١٩٩٢/٥/١٩ هەڵبژاردن بۆ سەرکردە (سەرۆکی هەرێم) ئەنجامدرا بەڵام بە هۆی ئەوەی هیچ کام لە پاڵێوراوەکان زۆرینەی ڕەهای دەنگدەرانی گەلی کوردستانیان بە دەست نەهێنا بۆیە دەبوایە گەڕی دووەمی هەڵبژاردن ئەنجام بدرایەتەوە بەڵام بە هۆی ئەو ئاڵۆزیە سیاسیەی هەبوو لە پەیوەندی نێوان لایەنە سیاسیەکانی هەرێم لەوکاتەدا بە تایبەتی لە نێوان ئەو لایەنە سیاسیانەی کە خاوەنی هەردوو پاڵێوراوی

خاوەن زۆرترین دەنگ بوون ، نەتوانرا هەڵبژاردن دووبارە بکرێتەوە و ئەم پێگە یاسایی یە بە چۆڵی مایەوە تا دروستکردنی دەستەی سەرۆکایەتی ساڵی ١٩٩٣.
بە هەمان شێوە لە یاسای ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠٠٥) جەختکراوەتەوە لەسەر ئەوەی کە سەرۆکی هەرێم لەلایەن هاوڵاتیانەوە هەڵدەبژێردرێت، هەروەکو لە ماددەی دووەمی یاساکەدا هاتووە: (هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان عێراق ، بە دەنگدانێکی گشتی و نهێنی و ڕاستەوخۆ،سەرۆکێ بۆ هەرێم هەڵدەبژێرن کە لەسەر ئاستی ناوخۆو ئاستی دەرەوەش نوێنەرایەتیان دەکا و بەناویانەوە دەدوێت ، هەماهەنگی لەنێوان دەسەڵاتە فیدڕاڵیەکان و دەسەڵاتەکانی هەرێم دا دەکات)،هەڵبژاردنی سەرۆک بەم شێوازە تەنها یەکجار و لە ساڵی ٢٠٠٩ ئەنجامدرا بەجۆرێک هاوڵاتیانی هەرێم بەشداریان کرد لە دەنگدان و لە ڕێگەی دەنگەکانیانەوە بەرێز(مەسعود بارزانی)یان وەک سەرۆکی هەرێم هەڵبژارد.

- **شێوازی دەستنیشانکردن ( تعين ):**

ئەگەر لە یاسای دەستەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ژمارە(١٩)ی ساڵی (١٩٩٣) وردبینەوە دەبینین لەو یاسایەدا دەستەی سەرۆکایەتی بە شێوەیەکی کاتی تا هەڵبژاردنی سەرکردە، ئەرک و دەسەڵاتەکانی پیادە دەکات، پێکهاتەی ئەم دەستەیە، ماددەی دووەمی یاساکە دیاری کردووە، کە پێکدێن لە (دوو لەو پالێوراوانەی کە زۆرترین دەنگی دەنگدەرانیان لە

هـەلیێبژاردنی (١٩٩٢/٥/١٩) بـە پێـی یاسـای ژمـارە (٢)ی سـاڵی (١٩٩٢) بەدەست هێناوە، لەگەڵ سـەرۆکی ئەنجومـەنی نیشـتمانی کوردستانی عێراق و سـەرۆکی ئەنجومـەنی وەزیرانـی هـەرێمی کوردسـتان و دوو ئەنـدامی مەکتـەبی سیاسـی هەریـەک لـەو دوو حزبـەی کـە دوو پاڵێوراوەکـە تێیـدان). لـە سـۆنگەی لێکدانـەوە و شـرۆڤە کردنـی دەقـی مـاددەی دووەمـی یاسـاکە دەگەینـە ئـەو ئەنجامـەی کـە ئـەو دەسـتەی سـەرۆکایەتیەی کـە بەرجەسـتەی پێگـەی سـەرۆکی هـەرێمی کوردسـتانی کـردووە لـە قۆنـاغێکی ڕاگوزەریـدا، ئەندامـەکانی بـەپێی یاسـا دەستنیشـان کـراون، هەرچەنـد دووان لـە ئەندامـەکانی ئـەو پاڵێوراوانـەن کـە لـە لایـەن گەلـەوە زۆرتـرین دەنگیـان پێـدراوە لـە هـەڵبژاردنی سـەرۆکی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد و دووانیش لە ئەنـدامانی لەلایەن پەرلەمانەوە نـاو دەنرێن کە لـە لایـەن مەکتـەبی سیاسـی حزبەکانیانـەوە دەپـاڵێورێن، بـەڵام ئـەوە هـیچ لـەو ڕاسـتیە کـەم ناکاتـەوە کـە ئەنـدامانی دەسـتەکە تاڕادەیـەکی زۆر دەستنیشـان کـراون بەیاسـا، لـە باشـترین بارودۆخـدا دەکرێـت بڵێـین کـە دەستنیشـانکردنی ئەنـدامانی ئـەم دەسـتەیە شـێوازێکی زۆر تایبەتە و ڕەنگە هاوشێوەی نەبێت لە وڵاتاندا.

- **هەڵبژاردنی سەرۆک لەلایەن پەرلەمانەوە:**

پێشـتر ئاماژەمـان پێـدا کـە یاسـای سـەرۆکایەتی هـەرێمی کوردسـتان ژمـارە (١)ی سـاڵی( ٢٠٠٥) لـە مـاددەی دووەمیـدا جـەختی لـەوە کردۆتـەوە کـە سـەرۆک لەلایـەن هاوڵاتیانـەوە هەڵـدەبژێردریت، بـەڵام مـاددەی حەڤدەیـەمی هەمـان یاسـا حوکمێکی ڕاگوزەری (ئینتیقالی) لەخۆ گرتـووە کە ئاماژە بـەوە دەکـات سـەرۆکی هـەرێم بـۆ ویلایـەتی یەکـەمی بـەپێی یاسـای

ژمــاره (۱)ی ســاڵی (۲۰۰۵) لەلایــەن ئەنجومــەنی نیشــتمانی و بەزۆرینەی دەنگی ئەندامانیەوە هەڵدەبژێردرێت. لەسایەی دەقی ئـەم مـاددە راگوزەریـەش لەیەکـەم ویلایەتیـدا، سـەرۆکی هـەرێم لەلایــەن ئەنجومــەنی نیشــتمانی کوردســتانەوە هــەلبژێردرا، هـەروەک لـە بڕیـاری ژمـارە (۳)ی سـاڵی(۲۰۰۵) ی ئەنجومـەنی نیشـتمانی کوردسـتاندا هـاتووە ،کە لـە بڕگـەی یەکەمیـدا ئامـاژە بەوە دەکـات (ئەنجومــەنی نیشــتمانی کوردســتان- عێـراق لــە دانیشـتنی ڕۆژی( ۲۰۰۵/٦/۱۲ )بڕیاریـدا بـە هـەڵبژاردنی ڕێـزدار (مسـعود مسـتەفا بـارزانی) بەسـەرۆکی هـەرێمی کوردسـتانی – عێـراق). لــە یاســای کاراکردنــەوەی دامــەزراوەی ســەرۆکایەتی هـەرێمی کوردسـتان ژمـارە (۱)ی سـاڵی (۲۰۱۹) بـە شـێوەیەکی کــاتی شــێوازی هــەڵبژاردنی ســەرۆکی هــەموارکردەوە، دوای هــەڵبژاردنی لەلایــەن هاوڵاتیانــەوە، جــارێکی دیکــە دەســەڵاتی هــەڵبژاردنی ســەرۆکی دایــەوە پەرلــەمانی کوردســتان تــاوەکو نووســینەوەی دەســتووری هــەرێمی کوردســتان، هــەروەک لــە مــاددەی (۳)ی یاسـاکەدا هـاتووە: (بـەدەر لـە حـوکمی مـاددەی دووەم لــە یاســای ســەرۆکایەتی هــەرێمی کوردســتان - عێـراق ژمارە (۱)ی ساڵی( ۲۰۰۵)ی هەموارکراوە، پەرلەمانی کوردستان - عێـراق ســەرۆکێک بـۆ هــەرێم هەڵـدەبژێرێت. بـەو ئـەرک و دەسـەڵاتانەی کـە لـە یاسـای سـەرۆکایەتی هـەرێمی کوردسـتان- عێراقدا هەیە، تا پەسندکردنی دەستوری کوردستان- عێراق، کە تێیـدا شـێوازی هـەڵبژاردنی سـەرۆکی هـەرێم و دەسـەڵاتەکانی دیــاری دەکرێــت و ســەرۆک لــە ئاســتی نــاوخۆو دەرەوەش نوێنەرایەتی هاوڵاتیانی کوردستان- عێراق دەکات و بەناویانـەوە دەدوێــت و هەماهــەنگی لــە نێــوان دەســەڵاتە فیدرالیــەکان و دەسەڵاتەکانی هەرێمدا دەکات.

# بەشی چوارەم
# ئەرک و تایبەتمەندی و دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێم

سەرۆکی هەرێم کۆمەڵێک ئەرک و دەسەڵاتی جۆراوجۆری هەیە و هەبووە بە پێی یاساکانی هەرێمی کوردستان، کە دەکرێت بەمشێوەیە پۆلێنیان بکەین:

**١- ئەو تایبەتمەندیانەی پەیوەستن بە پرۆسەی یاسادانان.**

سەرۆکی هەرێم وێرای ئەوەی سەرۆکی دەسەڵاتی جێبەجێکردنە لە هەرێمی کوردستان، لەگەڵ ئەوەشدا کۆمەڵێک تایبەتمەندی پیادە دەکات کە سروشتی یاسادانان (تشریعیان) هەیە لەوانە:

**أ- دەرکردنی بڕیار گەلێک کە هێزی یاسایان هەیە لە هەندێک باری تایبەتدا:**

سەرۆکی هەرێم تایبەتمەندی دەرکردنی کۆمەڵێک بریاری هەیە لەچەند بارێکی دیاریکراودا کە هەمان هێزی یاسایان هەیە، هەروەک لە ماددەی (١٠) خاڵی پێنجەمی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠٠٥)دا هاتووە: (کاتێ هەرێمی کوردستان و سیستەمە سیاسییەکەی یان ئاسایشی گشتی هەرێم یان دام و دەزگا دەستوریەکانی بکەوێتە مەترسیەکی ئەوتۆوە کە هەڕەشە لەبوونی بکا و پەرلەمانی کوردستان نەتوانێت کۆببێتەوە، ئەمەش دوای ڕاوێژکردن بە سەرۆکی پەرلەمان و سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، بە مەرجێ لە یەکەم کۆبونەوەی پەرلەمان بخرێتە بەردەمی، خۆ ئەگەر نەخرانە

بەردەمی یان خرانە بەردەمی و پەرلەمان پەسندی نەکردن ئەوا لەوبارەدا سیفەتی یاسابیان نامێنێ ). هەروەها لە یاسای هەڵبژاردنی سەرکردەی رزگاریخوازی گەلی کورد ژمارە(٢) ی ساڵی ١٩٩٢ هەڵوەشاوە ماددە دەیەم خاڵی -٤- دا هاتووە (دەرکردنی ئەو بڕیارانەی کە هێزی یاسایای تێدایە لە ماوەی پشووی ئەنجومەنی نیشتیمانی یان لە بارودۆخی لەناکاو بە مەرجێ هەرکاتێ ئەنجوومەن کۆبۆوە بۆ بریاردان پێشنیار بکرێن.ئەوەی تێبینی دەکرێت بەپێی یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی ١٩٩٢ ، سەرکردە جگە لە بارودۆخی لەناکاو، لەکاتی پشوەکانی پەرلەمانیش تایبەتمەنبدی دەرکردنی ئەم جۆرە بریارانەی هەبوە کە هێزی یاسایان هەیە. شایەنی باسە سەرۆکی هەرێم تاوەکو نوسینی ئەم توێژینەوەیە ئەم تایبەتمەندیەی پیادە نەکردوە.

**ب- پێشنیازکردنی پرۆژە یاساو بریار:**

یەکێکی دیکە لەو تایبەتمەندیانەی کە سەرۆکی هەرێم پیادەی دەکات و سروشتی یاسادانانی هەیە بریتییە لە پێشنیازکردنی پرۆژە یاسا و بریارە یاسا، هەروەک لە یاسای هەمواری دووەمی یاسای سەرۆکایەتی هەرێم ژمارە (١)ی ساڵی(٢٠٠٩)ماددەی یەکەم برگەی یەکەم خاڵی (١) داهاتووە:(پێشنیارکردنی پرۆژەی یاسا و بڕیارەکانی تایبەت بە سەرۆکایەتی هەرێم بۆ ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستان- عێراق).بەهەمان شێوە پەیرەوی ناوخۆی هەموارکراوی بەرکاری پەرلەمانی کوردستان لە ماددەی(١) و(٧٨)یدا جەختی

لێکردونەتەوە، بەر لە دەرچونی ئەم یاسایە، سەرۆکی هەرێم ئەم دەسەڵاتەی نەبووە، چونکە یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ژمارە ١ی ساڵی ٢٠٠٥ هیچ برگەیەکی تیا نیە کە ئەم دەسەڵاتەی پێبدات.ئەوەی لێرەدا گرنگە ئاماژەی پێبدەین ئەوەیە، پیادەکردنی ئەم تایبەتمەندیە رەها نیە، بەڵکو سنوردار کراوە بەو بابەتانەی کە پەیوەندیدارن بە کاروبارەکانی سەرۆکایەتی هەرێمەوە.

پێشتر یاسای هەڵبژاردنی سەرکردەی بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد ژمارە (٢)ی ساڵی (١٩٩٢)ی هەڵوەشاوە لە ماددەی دەیەم خاڵی (٥)،بەرەهایی ئەو تایبەتمەندییەی داوە بە سەرکردە کە پیادەی پێشنیاری کردنی پڕۆژەی یاساکان بکات نەک تەنها لەسنورو چوارچێوەی دامەزراوەکەی خۆی، دەتوانین بڵێین ئەم ئاراستەیە دروستترە، دەستوری عێراقیش هەمان ئاراستەی وەرگرتوە کە سەرۆکی کۆمار بە رەهایی و بێ کۆتوبەند دەتوانێت پرۆژەی یاسا ئاراستەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراقی بکات، هەروەک لە مادده ٦٠ برگەی یەکەمی دەستوری ساڵی ٢٠٠٥ ئاماژەی بۆکراوە .

## ج- گەڕاندنەوەی یاسا و بڕیارە یاساکان بۆ پەرلەمان:

یەکێکی دیکە لەو تایبەتمەندیانەی سەرۆکی هەرێم پەیوەست بە بواری یاسادانان و لە ئێستادا پیادەی دەکات برتییە لە گێڕانەوەی یاسا و بڕیارە یاساکان بۆ پەرلەمانی کوردستان بەمەبەستی چاوپێخشاندنەوەیان، ئەمەش لە یاسای سەرۆکایەتی

هەرێم ژمارەی (١)ی ساڵی (٢٠٠٥) ماددەی دەیەم بڕگەی یەکەم دا ئاماژەی پێکراوە کاتێک دەڵێت:(..... سەرۆکی هەرێم مافی ئەوەشی هەیە (تانە)لە کۆی یاساکە یان بەشێکی بدات و ڕەوانەی ئەنجومەنی بکاتەوە تا چاوی پێدابخشێنێتەوە،لەم بارە دا بڕیاری ئەنجومەن بنبڕە).

لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە دەقی دارشتنی ئەو تایبەتمەندیە بە یاسای هەمواری دووەمی یاسای سەرۆکایەتی ژمارە(١)ی ساڵی (٢٠٠٩)، ماددەی یەکەم بڕگەی یەکەم خاڵی -٢- گۆرانکاری بەسەرداهاتوەو هەموارکراوەتەوەو بەمشێوەی لێهاتوە: (----،سەرۆکی هەرێم بۆی هەیە لەو ماوەیەدا نارەزایی لەسەر هەموو یان هەندێک لەو یاسا و بڕیارانە دەرببڕێت و گەڕاندنەوەیان بۆ ئەنجومەنی نیشتیمانی بۆ چاوپێداخشاندنەوەیان و بڕیاری ئەنجومەن لە سەریان بنبڕدەبێت)، واتە دەستەواژەی مافی (تانە) لێدانی گۆریوە بۆ مافی (نارەزایەتی) دەربڕین، هەروەها پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانیش لە ماددەی ٩٥ بڕگەی یەکەم سەبارەت بەو تایبەتمەندیەی سەرۆکی هەرێم دەستەواژەی (رەتکردنەوەی) کۆی یان بەشیکی یاساو بریارە یاسای بەکارهێناوە، بەڵام حوکمی ماددەکە هەروەک خۆی ماوەتەوە، کە سەرۆکی هەرێم تەنها دەسەڵاتی گەراندنەوەی کۆی یان بەشێکی یاساو بریارە یاسای هەیە بۆ پەرلەمان بە مەبەستی چاوپێداخشاندنەوە، ئیدی توێژەری یاسایی و تەنانەت خوێنەرێکی ئاسایی دۆش دادەمێنیت

لەتێگەیشتن لە حیکمەتی ئەنجامدانی ئەو هەموو گۆرانکاریە لە دەستەواژەکان بێ ئەوەی حوکمی مادده یاساییەکە بگۆرێت .

**– دەرچواندنی ئەو یاسا و بڕیارە یاسایانەی پەرلەمان دەریاندەکات:**

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی سەرۆکی هەرێم پەیوەست بە پرۆسەی یاسادانان، بریتییە لە دەرچواندنی ئەو یاسا و بڕیارە یاسایانەی پەرلەمانی کوردستان پەسندیاندەکات، سەرۆک پابەندە بەوەی کە لە ماوەی (١٥) ڕۆژ دوای گەیشتنی، بڕیارەکە دەربچوێنێت، خۆ ئەگەر نەیگەڕێنێتەوە یان دەرینەچوێنێت ئەوا بە دەرچوو دێتە هەژمارکردن، هەروەک لە یاسای هەمواری دووەمی یاسای سەرۆکایەتی ژمارە(١)ی ساڵی (٢٠٠٩)،مادەی یەکەم بڕگەی یەکەم خاڵی(٢)دا هاتووە (دەرچواندنی ئەو یاسا و بڕیارە یاسایانەی کە ئەنجومەنی نیشتیماتی کوردستان-عێراق دایان دەنێت لەماوەی(١٥) ڕۆژدا لە بەرواری گەیشتنی بۆ سەرۆکایەتی هەرێم ...... ئەو یاساو بڕیارانەش بە دەرچوو دادەنرێت لەو حاڵەتەی کە سەرۆک لە ماوەی ناوبراو دەری نەچواندن و ناڕەزایشی لەسەریان نەبوو......)

لە یاسای سەرکردەی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد ژمارە (٢)ی ساڵی (١٩٩٢) هەڵوەشاوە لە ماددەی دەیەم خاڵی (٣)دا هاتووە ( دەرکردنی ئەو یاسا و پەیڕەوانەی کە ئەنجومەنی نیشتیمانی ڕەزامەندی لەسەر نیشانداون). جێگەی خۆیەتی لێرەدا ئاماژە بەوە بکەین کە لەم یاسایەدا دەرچواندنی (پەیڕەویش) لە

تایبەتمەنـدی سـەرکردە بـووە، کەلەراسـتیدا رۆشـن نـیە ئـاخۆ مەبەسـت لێـی پەیـرەوی نـاوخۆی پەرلەمـان بـوە یـاخود بەشێوەیەکی گشتی باسی پەسندکردنی پەیرەوی کردوە، چونکە بە گەرانەوە بۆ دەقی یاسای هەلبژاردنی ئەنجومەنی نیشتیمانی ژمـارە ١ ی سـالّی ١٩٩٢ بۆمـان رونـدەبێتەوە کە ئەنجـومەنی نیشـتیمانی تەنهـا دەسـەلاّتی دەرکردنـی پەیـرەوی نـاوخۆی ئەنجـومەنەکەی هەبـوە نەک ئەوەی بتوانێت بە رەهـایی پەیـرەو دەربکات، خۆ ئەگەر گریمانەی ئەوەشمان دانا کە مەبەست لە دەقـی ئەو مـاددەیە ئەوەیە سـەرکردە، پەیـرەوی نـاوخۆی ئەنجومەنی نیشتیمانیش هەروەکو یاساکان دەردەچوێنێت، دوای پەسـندکردنی لە ئەنجـومەنەکەوە، ئەوا دەرگـایەکی فراوانـی توێژینەوەمان بۆ دەکاتەوە سەبارەت بە پێگەی یاسایی پەیرەوی نـاوخۆی ئەنجـومەنی نیشـتیمانی و پەیوەنـدی نێـوانی هەردوو دەسەلاّتی جێبەجێکردن و یاسادانان لەوکاتەدا.

### ٢- ئـەو تایبەتمەندیانـەی پەیوەسـتن بـە کـاری دامەزراوەکانەوە

سـەرۆکی هـەرێم کۆمـەلێک تایبەتمەنـدی پیـادە دەکـات کـە پەیوندیـدارن بـە هـەردوو دامـەزراوەی پەرلـەمان و ئەنجومـەنی وەزیران، بەمشێوەی خوارەوە:

**آ- ئـــەو تايبەتمەندييانـــەی پەيوەســـتن بـــە دامـــەزراوەی پەرلەمان:**

سەرۆکی هەرێم چەند تايبەتمەنديەک پيادە دەکات کەپەيوەستن بە دامەزراوەی پەرلەمان بەمشێوەيە:

**- دەرکردنی فەرمانی ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پەرلەمان:**

سەرۆکی هەرێم يەکێک لە تايبەتمەنديەکانی بريتيە لە دەرکردنی فەرمان بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی گشتی پەرلەمانی کوردستان و دياريکردنی کاتەکـەی لـە مـاوەی(١٥) ڕۆژ لـە بـەرواری هەڵوەشاندنەوەی پەرلـەمان يـان بـەلای کەمـەوە لـەماوەی (٦٠) شەست ڕۆژ پێش کۆتايی هاتنی خولی هـەڵبژاردن، بە مـەرجێک ڕۆژی هـەڵبژاردن لـە شەست ڕۆژ دوای هەڵوەشاندنەوەی يـان شەسـت ڕۆژ پـێش کۆتـايی خـولی هـەڵبژاردنی پەرلـەمان رەت نـەکات. هـەروەک لـە ياسـای ژمـارە(١)ی سـاڵی(٢٠٠٩) مـاددەی يەکەم بڕگەی دووەمدا هاتووە.

لـە ياسـای هـەڵبژاردنی سـەرکردەی بزوتنـەوەی ڕزگـاريخوازی کوردی هەڵوەشاوە لە ماددەی دەيـەم خـاڵی (٦) ئامـاژەی کـردوە بەوەی سەرکردە يەکێک لە تايبەتمەنديەکانی بريتيە لـە بـانگکردن بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نيشتيمانی بە پێی ياسا لـەماوەی (١٥) ڕۆژدا لـــە ڕۆژی تـــەواوبوونی مـــاوەی ئەنجومەنەکـــەوە يـــان دەرکردنی بڕياری خۆهەڵوەشاندنەوەی .

**– بانگهێشتکردنی پەرلەمان بۆ کۆبونەوەی یەکەمی دوای هەڵبژاردنی:**

سەرۆکی هەرێم یەکێک لە تایبەتمەندیەکانی ئەوەیە کە پەرلەمانی کوردستان بانگهێشت بکات بۆ ئەنجامدانی کۆبونەوەی یەکەم لە دوای هەر خولێکی هەڵبژاردن، ئەوەش لە ماوەی(١٠)ڕۆژ لە بەرواری ڕاگەیاندنی ئەنجامی کۆتایی هەڵبژاردنەکەوە، خۆ ئەگەر سەرۆک لەو ماوەیەدا فەرمانی بانگهێشتکردنەکەی دەرنەکرد ئەوا پەرلەمان لەلای خۆیەوە، لە ڕۆژی دوای کۆتایی هاتنی ئەو ماوەیەدا واتا لە (١١) یازدەهەمین رۆژی دوای ڕاگەیاندنی ئەنجامی کۆتایی هەڵبژاردن کۆدەبێتەوە. هەروەک لە یاسای ژمارە(١)ی ساڵی(٢٠٠٥) لە ماددەی دەیەم بڕگەی سێیەمدا هاتووە ، ئەم تایبەتمەندیە لە یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ژمارە ١ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراویش ئاماژەی بۆکراوە لە ماددەی ٤٦ چل و شەشەم، بەڵام ئەوەی تێبینی دەکرێت دارشتنەکەی هێندە خراپە بەتەواوی حوکمی ماددەکەی شێواندوە، بەجۆرێک نازانرێت پەرلەمان دوای ١٠ رۆژ لە دەرچونی مەرسومی بانگهێشتکردنی لەلایەن سەرۆکی هەرێمەوە دەردەچێت کۆدەبێتەوە، یان دوای١٠ رۆژ لە پەسندکردنی راگەیاندنی ئەنجامی هەڵبژاردنەکانەوە هەروەک لە دەقی ماددەکەداهاتوە (پەرلەمان دانیشتنی یەکەمی دەبەستێ لە میانەی دە رۆژی پاش دەرچوونی مەرسوومی هەرێم بۆ بانگهێشت و کۆبونەوەی بەڵام ئەگەر بانگهێشت نەکرا ، ئەوا لە یەکەم رۆژی پاش کۆتایی هاتنی ماوەی ناوبراو، لە خۆیەوە کۆ

دەبێتەوە) ، بەداخەوە ئەمەش بە یەکێک لەو نارۆشنیە یاساییانە دادەنرێت کە لە زۆر دارشتنی دیکەی دەقی یاساکانی هەرێمی کوردستان بەدیدەکرێت، ئەمە جگە لەوەی لە یاسای سەرۆکایەتی هەرێم ئاماژە بەوە کراوە کە سەرۆکی هەرێم ئەم تایبەتماندیە لە رێگەی فەرمانێکی بانگهێشتکردنەوە پیادە دەکات کەچی لە یاسای هەڵبژاردن ئاماژە بەوە کراوە کە لە رێگەی مەرسومی هەرێمیەوە پیادەی دەکات .

یاسای هەڵبژاردنی سەرکردەی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد ژمارە (٣)ی ساڵی (١٩٩٢)ی هەڵوەشاوە لە ماددەی دەیەم خاڵی -١- دا ئاماژەی بەوە کردوە کە یەکێک لە تایبەتمەندیی یەکانی سەرکردە بریتییە لە بانگکردنی ئەنجومەنی نیشتیمانی بۆ کۆبونەوە لە خولە ئاسایی و نائاساییەکاندا، ئەگەر لە دەقی ئەو ماددەیە وردبینەوە دەبینن لێرەدا تایبەتمەندی سەرکردە جۆرێک لە ڕەهایەتی پێوە دیارە جیاواز لە یاسای ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠٠٥) کە تەنها لە دوای خولەکانی هەڵبژاردن تایبەتمەندی بانگهێشتکردنی بۆ ئەنجامدانی کۆبونەوەی یەکەم هەیە. هەروەها رۆشن نیە مەبەستی یاسادانەر لە بەکارهێنانی دەستەواژەی خولی ئاسایی و نائاسایی چییە؟ئایا مەبەستی دانیشتنی ئاسایی و نا ئاساییە؟ یان شتێکی دیکەیە؟ چونکە ئەوساش و ئێستاش لەهیچ دەقێکی یاساییدا لە هەرێم،باسی خولی ئاسایی و نا ئاسایی نەکراوە تا بزانین یاسادانەر مەبەستی لەم دەستەواژەیە چییە.

- **بانگهێشتکردنی پەرلەمان بۆ کۆبونەوەی نا ئاسایی:**

یەکێکی دیکە لە تایبەتمەندیەکانی سەرۆکی هەرێم بریتیە لەوەی بۆی هەیە داوا لە پەرلەمانی کوردستان بکات بۆ ئەنجامدانی دانیشتنێکی نائاسایی و، سەرۆکی پەرلەمان پاڵپشت بە داوای سەرۆکی هەرێم، پابەنددەبێت بەبانگهێشتکردنی پەرلەمان بۆ دانیشتنێکی نائاسایی، هەروەک لە پەیڕەوی ناوخۆی بەرکاری پەرلەمان  ماددەی (٨) برگەی دووەمیدا هاتووە.

- **داواکردنی درێژکردنەوەی وەرزی یاسادانان:**

سەرۆکی هەرێم تایبەتمەندی ئەوەی هەیە کە داوا لە پەرلەمانی کوردستان بکات  وەرزی یاسادانانی درێژ بکاتەوە بۆ ماوەیەک کە لە (٣٠) ڕۆژ تێپەرنەکات ئەمەش لە پێناو تەواو کردنی ئەو ئەرکانەی کە پەیوەستن بە وەرزی یاسادانانەکەوە ،هەروەک لە پەیرەوی ناوخۆی بەرکاری پەرلەمان  ماددەی (٧) بڕگەی چوارەم ئاماژەی بۆ کراوە.

- **گۆڕینی دانیشتنەکانی پەرلەمان بۆ دانیشتنی نهێنی :**

یەکێک لە تایبەتمەندیەکانی دیکەی سەرۆکی هەرێم ئەوەیە ئەگەر پێویستی کرد، دەتوانێت داوا لە پەرلەمانی کوردستان بکات شێوازی دانیشتنەکانی لە دانیشتنێکی ئاشکراوە بگۆرێت بۆ دانیشتنی نهێنی، ئەمەش  پێویستی بەرەزامەندی پەرلەمان دەبێت، هەروەک لە پەیڕەوی ناوخۆی بەرکاری پەرلەمان ماددەی (٩) بڕگەی سێیەمدا ئاماژەی بۆ کراوە .

**- دەرکردنی فەرمانی هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمان:**
سەرۆکی هەرێم لە چەند بارێکی تایبەتدا وەک ئەرک و پابەندیەک هەڵدەستێت بە دەرکردنی فەرمانی هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمان بەمشێوەیە:
**ا-** ئەگەر هاتوو پترلە نیوەی ئەندامەکانی پەرلەمان دەستیان لە کارکێشایەوە.
**ب-** ئەگەر لەماوەی ٤٥ ڕۆژدا بۆ بانگهێشتکردنی بۆکۆبونەوەی یەکەمی خولی هەڵبژاردن ژمارەی یاسایی ئەندامان بەدەست نەهات.
**ج-** ئەگەر پەرلەمان متمانەی بە ئەنجومەنی وەزیران نەدا لە سێ پێکهاتەی وزاری جیاوازی یەک لە دوای یەکدا .
**د-** ئەگەر سیستەمی هەڵبژاردنی ئەنجومەن گۆڕاو خولی هەڵبژاردنیش (٦) مانگ یان کەمتری مابوو.
ئەمەش لە یاسای ژمارە(١)ی ساڵی (٢٠٠٥)ی هەموارکراو لە ماددەی دەیەم بڕگەی چوارەم ئاماژەی بۆکراوە.

**ب- ئەو تایبەتمەندیانەی پەیوەستن بە ئەنجومەنی وەزیران:**
سەرۆکی هەرێم سەرۆکی باڵای دەسەڵاتی جێبەجێکردنە بە پێی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ژمارە ١ی ساڵی ٢٠٠٥ ماددەی یەکەم بڕگەی یەک، سەربارى ئەوەش کۆمەڵێک

تایبەتمەندی دیکەش پیادە دەکات کە پەیوەستە بە دامەزراوەی ئەنجومەنی وەزیران بەمشێوەیە:

**– ڕاسپاردنی پاڵێوراو بۆ سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بە پێکهێنانی کابینەی وزاری.**

سەرۆکی هەرێم یەکێک لە تایبەتمەندیەکانی بریتییە لە ڕاسپاردنی کەسی کاندیدکراو بۆ سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران لەلایەن پەرلەمانەوە بە پێکهێنانی کابینەی وزاری، لە ماوەیەکدا کە لە (٣٠) ڕۆژ تێپەرنەکات لە ڕۆژی ناونانیەوە.

هەروەک لە یاسای هەمواری سێیەمی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ژمارە(١)ی سالّی (٢٠١٤) ماددەی یەکەمدا هاتووە ،پێش ئەم هەموارە سەرۆکی هەرێم پاڵێوراوان بۆ سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و جێگرەکەی بەیەکەوە ڕادەسپارد بۆ پێکهێنانی کابینەی وزاری هەروەک لە یاسای سەرۆکایەتی هەرێم ژمارە (١)ی سالّی (٢٠٠٥) ماددەی دەیەم بڕگەی دوازدەیەمدا هاتووە.

لە یاسای هەڵبژاردنی سەرکردەی بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد ژمارە (٢)ی سالّی (١٩٩٢) بەمشێوەیە هاتووە کە سەرکردە کەسی دەستنیشانکراو لەلایەن ئەنجومەنی نیشتیمانییەوە رادەسپێرێ بە پێکهێنانی دەسەلاّتی جێبەجێکردنی. هەروەک لە ماددەی یازدەیەم خالّی (١)ی یاساکەدا هاتووە.

جێگەی خۆیەتی لیرەدا ئاماژە بەوە بکەین ئەم گۆرانکاریانە لە کوێوە سەرچاوەیان گرتوە، هەروەک ئاماژەمان پێدا، یەکەم یاسا

که ئەم تایبەتمەنـــدیەی ڕێکخســـتوە، یاســـای هەلبژاردنـــی سەرکردەی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد ژمارە (٢)ی ساڵی (١٩٩٢)ە، لەو یاسـایەدا سـەرکردە تەنهـا پـاڵێوراو بـۆ سـەرۆکی ئەنجومەنی وەزیـران ڕادەسـپێرێت بۆ پێکهێنـانی کابینەی وزاری ،بەهەمانشـێوە یاسـای سـەرۆکایەتی هەرێـم ژمـارە (١) ی سـاڵی ٢٠٠٥ بەر لە هەمـــوارکردنەوەی ، لە مـــاددەی دەیەم بـــڕگەی دوازدەیەم ئامـاژە بەوە دەکـات کە سـەرۆکی هەرێـم بە تەنهـا ســـەرۆک وەزیـــران دوای ناونـــانی لەلایەن پەرلەمـــانەوە، ڕادەسپێرێت بە پێکهێنانی کابینەی وزاری، دوای ئەوە پەرلەمانی کوردسـتان بە بریـاری ژمـارە ١ ی سـاڵی ٢٠٠٦ کە لە بەرواری ٢٠٠٦/١/٢٢ دەرچـوە ڕێککەوتنـامەیەکی نێوان پـارتی دیمـوکراتی کوردستان و یەکیەتی نیشتیمانی کوردسـتان تەسدیق دەکات کە لە خاڵی دووەمیدا هاتوە دەبێت سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیـران و جێگـرەکەی پـێکەوە لەلایەن پەرلەمـانەوە دەستنیشـان بکـرێن و لەلایەن سەرۆکی هەرێمەوە ڕابسپێردرێن بۆ پێکهێنـانی کابینەی وزاری، لەبەرمەبنای ئەم بڕیارەی پەرلەمان یاسای سەرۆکایەتی هەرێم هەموار دەکرێتەوە بە یاسـای  هەمـواری یەکەمـی یاسـای ســـەرۆکایەتی هەرێـــم ژمـــارە ٢ ی ســـاڵی ٢٠٠٦ و لە مـــاددەی دووەمـی یاسـاکە ،بـڕگەی دوازدەیەمـی مـاددەی دەیەم، یاسـای ســـەرۆکایەتی هەرێـــم هەمـــوار دەکـــاتەوە بەمشـــێوەیە:( دوای دەستنیشـانکردنیان لـە لایـەن ئەنجومـەنی نیشـتمانیی کوردسـتان ســـەرەک وەزیـــران و جێگرەکـــەی ڕادەســـپێرێت بـــە پێکهێنـــانی وەزارەت ئـــــەویش لـــــەماوەی ســـــی ڕۆژ لـــــە مێـــــژووی

راسـپاردنەکەیانەوە )، ئەوەی تێبینی دەکرێ پەرلەمانی کوردستان بەپێی بریاری ژمارە ٢ی ساڵی ٢٠٠٦ کە لە 2006/2/2 دەرچووە، هەریەکە لە بەرێزان (نێچیرڤان ئیدریس بارزانی) و(عمرفتاح) بەیەکەوە دەستنیشان دەکات وەک سەرۆک و جێگری سەرۆک وەزیران بۆ راسپاردنیان لەلایەن سەرۆکی هەرێمەوە بۆ پێکهێنانی کابینەی وزاری، بەهەمانشێوە سەرۆکی هەرێمیش بە بریاری ژمارە ٢٠١ ی ساڵی ٢٠٠٦ کە لە2/٣/٢٠٠٦ دەرچوو،رایاندەسپێرێت بە پێکهێنانی کابینەی وزاری. پیادەکردنی ئەم تایبەتمەنیە بەمشێوە دەمێنێتەوە تا دەرچونی یاسای هەمواری سێیەمی یاسای سەرۆکایەتی هەرێم ژمارە١ی ساڵی٢٠١٤ کە ماددەی یەکەمی برگەی دوازدەیەمی ماددەی دەیەمی، بۆ جارێکی دیکەش یاسای سەرۆکایەتی هەموار دەکاتەوە، بەمشێوەیە :(پاش ناونانی لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە، کاندید بۆ سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران رادەسپێریت بۆ پێکهێنانی کابینەی وەزاری لەماوەیەکدا کە لە (30) رۆژ تێپەرنەکات). سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی کابینەی نۆیەم بە تەنهاو بەبێ جێگرەکەی، بە پێی حوکمی ئەم یاسایە لەلایەن سەرۆکی هەرێمەوە راسپێردرا بە پێکهێنانی کابینەی وزاری.

**- بانگهێشتکردنی ئەنجومەنی وەزیران بۆ کۆبونەوە:**

سەرۆکی هەرێم لە بارێکدا کە پێویست بکات تایبەتمەندی و دەسەڵاتی بانگهێشت کردنی ئەنجومەنی وەزیرانی هەیە بۆ کۆبونەوە بە شێوەیەکی ناچاری، واتا ئەنجومەنی وەزیران دەسەڵاتی رەتکردنەوەی داواکەی سەرۆکی هەرێمی نییە ، هەر خۆشی سەرۆکایەتی کۆبونەوەکە دەکات .

هەروەک لە یاسای سەرۆکایەتی هەرێم ژمارە(١)ی ساڵی (٢٠٠٥) ماددەی دەیەم بڕگەی نۆیەمدا هاتووە.

**- دەرکردنی فەرمانی قەبوڵکردنی دەست لە کارکێشانەوەی ئەنجومەنی وەزیران یان وەزیر:**

دەرکردنی فەرمانی قەبووڵکردنی دەستلەکارکێشانەوەی ئەنجومەنی وەزیران یان وەزیر جا بە هۆکاری ئەوەی لە پەرلەمان لە متمانە خرابن یان لە خۆیانەوە دەستیان لە کارکێشابێتەوە، یەکێکی دیکەیە لەتایبەتمەندیەکانی سەرۆکی هەرێم، هەروەک لە یاسای سەرۆکایەتی هەرێم ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠٠٥) ماددەی دەیەم بڕگەکانی سیازدەمین و چواردەمیندا هاتووە.

### ٣- ئەو تایبیتمەندیانەی سروشتی دادوەریان هەیە :

سەرۆکی هەرێم هەندێک تایبەتمەندی و دەسەڵاتی پێدراوە کە پەیوەستن بە دەسەڵاتی دادوەریەوە بەمشێوەیە:

- **پەسندکردنی حوکمی لەسێدارەدان یان سوککردنی:**

سەرۆکی هەرێم تایبەتمەندی پەسندکردنی لە سێدارەدان یان سوککردنی، بۆ بەندکردنی هەتاهەتایی هەیە بەپێی یاسای سەرۆکایەتی هەرێم ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠٠٥) ماددەی دەیەم برگەی حەوتەم . بەهەمانشێوە لە یاسای هەڵبژاردنی سەرکردەی بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد هەڵوەشاوە،هەمان تایبەتمەندی هەبووە بەڵام دەسەڵاتی سوککردنی حوکمەکەی بەرەهایی پێدراوە، بێ ئەوەی ئاماژە بۆ ئەوە بکات کە حوکمەکە بۆ بەندکردنی هاتاهەتایی یان بۆ حوکمێکی دیکە سوک دەکات، هەروەک لە ماددەی یازدەیەم خاڵی (٥)ی یاساکەدا هاتووە.

- **لێبوردنی تایبەت لە بەندکراوان:**

یەکێک لەوتایبەتمەندیانەی کە پەیوەستە بەدەسەڵاتی دادوەریەوەو لە باری ئێستادا بەرکارەو سەرۆکی هەرێم پیادەی دەکات بریتییە لە دەرکردنی لێبوردنی تایبەت بۆ بەندکراوان، هەروەک لە یاسای سەرۆکایەتی هەرێم ژمارەی (١)ی ساڵی (٢٠٠٥ )، ماددەی دەیەم ،برگەی شەشەم ئاماژەی بۆکراوە، ئەم بابەتە لە دەستوری عێراقی وردتر رێکخراوە کاتێک دەسەڵاتی سەرۆک کۆماری سنوردارکردوە لە بابەتی لێبوردنی تایبەت و

هەریەکە لە تـاوانە نێودەوڵەتیەکـان و تـاوانی تیـرۆر وگەنـدەڵی دارایـــی و ئیــداری و ئەو تاوانـــانەی پەیوەنـــددارن بە مـــافی تاکەکەسی بەدەرکردوە لە لێبوردنی تـایبەت، هەروەک لە مـاددە ٧٣ برگەی یەکەمی دەستوری ساڵی٢٠٠٥ ئاماژەی پێکردوە.

**٤- ئەو تایبەتمەندیانەی سروشتی سەربازیان هەیە:**

ســـەرۆکی هەرێـــم کۆمەڵێــک تایبەتمەنــدی پیــادە دەکــات کە سروشتی سەربازییان هەیە:

- **فەرمانده‌یی گشتی هێزی پێشمەرگەی کوردستان:**

ســـەرۆکی هەرێمـــی کوردســـتان فەرمانـــدەی گشـــتی هێـــزی پێشـــمەرگەی کوردســـتانە بەپێـی یاســای ســەرۆکایەتی هەرێـم ژمارە ١ ی ساڵی ٢٠٠٥ ماددەی یەکەم برگەی دوو.

- **رێگەدان بە هاتنی هێزە چەکدارەکانی فیدراڵ بۆناو هەرێم:** لەکــاتی پێویســتداو بەرەزامەنــدی پەرلەمــانی کوردســتان، ســـەرۆکی هەرێـــم بـــۆی هەیە رێـــگە بە هـــاتنی هێـــزە چەکدارەکانی عێراقـی فیـدراڵی بـدات بـۆ نـاو هەرێـم ،بەپێـی یاسای سەرۆکایەتی هەرێم ژمـارە ١ ی سـاڵی ٢٠٠٥ مـاددەی دەیەم برگەی دەیەم.

- **نـاردنی هێـزی پێشـمەرگە بـۆ دەرەوەی هەرێـم:** سـەرۆکی هەرێم بەرەزامەندی پەرلەمانی کوردستان، بۆی هەیە هێزی

پێشمەرگەی کوردستان بۆ دەرەوەی هەرێم بنێرێت، بەپێی یاسای سەرۆکایەتی هەرێم ژمارە ١ ی ساڵی ٢٠٠٥ ماددەی دەیەم برگەی یازدەیەم.جێگەی خۆیەتی لێرەدا ئاماژە بەوە بکەین کە ئەم تایبەتمەندیە بۆ یەکەمجار لە ساڵی ٢٠١٤ لەلایەن سەرۆکی هەرێمەوە پیادەکرا، کاتێک لەسەر داوای سەرۆکی هەرێم، پەرلەمانی کوردستان بە بریاری ژمارە (٢٨)ی ساڵی ٢٠١٤، رەزامانديدا بە ناردنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بۆ بەرگریکردن لە کۆبانێ، هەروەک لە دیباجەی بریارەکەدا ئاماژەی پێکراوە.

- **بەخشینی روتبەی سەربازی**: سەرۆکی هەرێم دەسەڵاتی بەخشینی روتبەی سەربازی و دەرکردن و خانەنشینکردنی ئەفسەرانی هێزە چەکدارەکانی هەرێم و هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆی هەیە ، بەپێی یاسای سەرۆکایەتی هەرێم ژمارە ١ ی ساڵی ٢٠٠٥ ماددەی دەیەم برگەی حەڤدەهەم.

## ٥- نوێنەرایەتیکردنی گەلی کوردستان:

سەرۆکی هەرێم یەکێک لە تایبەتمەندیەکانی بریتیە لە نوێنەرایەتیکردنی گەلی کوردستان لەسەر ئاستی ناوخۆو دەرەوەی هەرێمی کوردستان و هەماهەنگیکردن لەنێوان دەسەڵاتە فیدراڵیەکان و دەسەڵاتەکانی هەرێمی کوردستان، بەپێی یاسای سەرۆکایەتی هەرێم ژمارە ١ ی ساڵی ٢٠٠٥ ماددەی دووەم.

### ٦- جاردانی باری نائاسایی:

هەرچەندە سەرۆکی هەرێم دەسەڵاتی جاردانی باری نائاسایی پێدراوە بەپێی یاسای سەرۆکایەتی هەرێم ژمارە ١ ی ساڵی ٢٠٠٥ ماددەی دەیەم برگەی هەشتەم ، بەڵام مەرجدارکراو بەوەی ئەم تایبەتمەندیە بە یاسایەکی تایبەت رێکبخرێت ، تا نوسینی ئەم توێژینەوەیەش ئەم یاسایە دەرنەچوە.

### ٧- بەخشینی میدالیا:

سەرۆکی هەرێم بەپێی یاسای سەرۆکایەتی هەرێم ژمارە ١ ی ساڵی ٢٠٠٥ ماددەی دەیەم برگەی هەژدەهەم دەسەڵاتی بەخشینی نیشان و میدالیای هەیە بە کەسانێک کە خزمەتێکی ناوازە پێشکەشی هەرێمی کوردستان بکەن، بەڵام مەرجدارکراوە بەوەی کە ئەم تایبەتمەندیە بە یاسایەک رێکبخرێت، ئەم یاسایەش دوای زیاتر لە ١٦ ساڵ چاوەروانی ، لە ساڵی ٢٠٢١ دەرچوو، بۆیە لە رابردودا و پێش نوسینی ئەم توێژینەوەیە ئەم تایبەتمەندیە هیچ پیادەکردنێکی کردارەکی نەبوە ، بە پێی یاسای نیشان و میدالیای ژمارە ( ١٢ ) ساڵی ٢٠٢١ سەرۆکی هەرێم بۆی هەیە:

- نیشان و میدالیا ببەخشێتە ئەو کەسانەی خزمەتێکی ناوازەیان پێشکەشی هەرێمی کوردستان کردوە، کە لەلایەن سەرۆکی پەرلەمان یان سەرۆکی ئەنجومەنی دادوەری ،یان وەزارەت و دەستە نەبەستراوەکان بە وەزارەتەوە دەستەبژێرکراون و پێشنیارکراون بۆ پێدانی نیشان و میدالیا

هەروەک لە یاسای نیشان و میدالیا ماددەی چوارەم برگەکانی یەکەم،سێیەم، چوارەمدا هاتوە.

- دەستەبژێرکردن و پێشنیارکردنی کەسانێک بۆ پێدانی نیشان و میدالیا لەلای خۆیەوە، بێ گەرانەوە بۆ ئەو لایەنانەی تایبەتماندی پێشنیارکردنی کەسەکانیان پێدراوە بۆ پێدانی میدالیا، هەروەک لە یاسای نیشان و میدالیا ماددەی چوارەم برگەی دووەمدا هاتوە.
- لێسەندنەوەی نیشان و میدالیا لەو کەسانەی پێیاندراوە لە چەند بارێکی تایبەتدا بەمشێوەیە:

**آ–** ئەگەر دەرکەوت کە پێشتر حوکمدراوە بە تاوانێکی ئابرووبەر یان دواتر پێی حوکمدرا.

**ب–** ئەگەر دەرکەوت کە پێشتر کارێکی دژ بە گەل، خاک یان بەرژەوەندییە باڵاکانی هەرێم ئەنجام داوە یان دواتر ئەنجامیان بدات.

**ج–** ئەگەر دەرکەوت لەسەر بنەمایەکی ساختە یان نادروست نیشان یان میدالیاکەی بە دەست هێناوە.

**د–** ئەگەر کارێکی ئەنجامدا کە لەگەڵ بنەمای وەرگرتنی نیشان یان میدالیاکەی پێی بەخشراوە ناکۆک و دژ هاتەوە.

- دەرکردنی پەیرەو بۆ رێکخستنی چۆنیەتی بەخشینی نیشان و میدالیا، هەروەک یاسای نیشان و میدالیا، ماددەکانی (٨،٧) دیاریکردوە.

**٨- ئەو تایبەتمەندیانەی پەیوەستن بە دامەزراندن و لادانی پلە باڵاکان:**

دەرکردنی فەرمانی دامەزراندن و لادانی کۆمەڵێک پلەی باڵا لە تایبەتمەندیەکانی سەرۆکی هەرێمە ئەمەش لە چەندین یاسای جیاوازدا رێکخراوە لەوانە:

- **دامەزراندن و لادانی خاوەن پلە تایبەتەکان:** لە یاسای سەرۆکایەتی هەرێم ماددەی دەیەم برگەی پازدەیەم دەسەڵاتی دامەزراندن و لادانی پلە تایبەتیەکانی داوەتە سەرۆکی هەرێم ، دوای پێشنیارکردنیان لەلایەن وەزیری پەیوەندیدارو بە رەزامەندی ئەنجومەنی وەزیران .
- **دامەزراندنی دادوەران و سەرۆک و ئەندامانی داواکاری گشتی:** دوای پاڵاوتنیان لەلایەن ئەنجومەنی دادوەری هەرێمەوە، سەرۆکی هەرێم تایبەتمەندی دامەزراندنی دادوەران و سەرۆک و ئەندامانی داواکاری گشتی هەیە بە پێی یاسای سەرۆکایەتی هەرێم ژمارە ١ ی ساڵی ٢٠٠٥ مادەەی دەیەم برگەی شازدەیەم.
- **دامەزراندنی سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێم:** جیاواز لە تایبەتمەندی دامەزراندنی خاوەن پلە تایبەتیەکان و بەدەر لە رێککاری پێشنیارکردنی لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە، سەرۆکی هەرێم بەپێی یاسای دیوانی سەرۆکایەتی هەرێم ژمارە ٢ی ساڵی ٢٠٠٥ ماددەی دووەم، لەلایەن خۆیەوە

دەسەڵاتی دامەزراندنی سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێمی هەیە بە پلەی وەزیر .

- **دامەزراندنی راوێژکاری ئەنجومەنی ئاسایش:** سەرۆکی هەرێم لەلای خۆیەوە دەسەڵاتی دامەزراندنی راوێژکاری ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێمی هەیە بە پلەی وەزیر، بەوپێیەی ئەنجومەنی ئاسایش راستەوخۆ بەستراوەتە بە سەرۆکی هەرێم، هەروەک لە یاسای ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێم ژمارە ٤ ی ساڵی ٢٠١١ ماددەی دووەم برگەی یەکەم و ماددەی جوارەم برگەی یەکەم ئاماژەی پیکراوە.
- **دامەزراندنی راوێژکار و بەڕێوەبەری گشتی لە دیوانی سەرۆکایەتی هەرێم:** سەرۆکی هەرێم لەلای خۆیەوە تایبەتمەندی دامەزراندن و خانەنشینکردنی راوێژکارو بەڕێوەبەری گشتی هەیە لەچوارچێوەی پێکهاتەی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێم، بەپێی یاسای دیوانی سەرۆکایەتی هەرێم ژمارە ٢ ی ساڵی ٢٠٠٥ ماددەی چوارەم برگەی یەکەم.
- **دامەزراندنی فەرمانبەرانی دیوانی سەرۆکایەتی :** لەچوارچێوەی پێکهاتەی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێم، سەرۆکی هەرێم تایبەتمەندی دامەزراندن و خانەنشینکردنی فەرمانبەرانی هەیە بەپێی یاسای دیوانی سەرۆکایەتی هەرێم ژمارە ٢ ی ساڵی ٢٠٠٥ ماددەی چوارەم برگەی دووەم.

# بەشی پێنجەم
# پرساندنی سەرۆک و
# کۆتایی هاتنی ماوەی سەرۆکایەتی

لەو بەشـــەدا هەوڵـــدەدەین هەریەکە لە بـــابەتی پرســـاندن و لەمتمانەخســـتنی ســـەرۆکی هەرێـــم و مـــاوەی ســـەرۆکایەتی و شوێنگرتنەوەی لە کاتی دیار نەمانی رونبکەینەوە.

**١- پرســـاندنی ســـەرۆکی هەرێـــم**: ســـەبارەت بە پرســـاندنی ســـەرۆکی هەرێـــم و بەرپرســـیاربونی لەبەردەم دامەزراوەیەکـــی دیکەی دەستوری لە هەرێمی کوردستان ئەوا دەتوانین بڵێین بە وردبـــونەوە لە ســـەرجەم ئەو یاســـایانەی پـــێگەی ســـەرۆکی هەرێمیـــان رێکخســـتوە مـــاددەو بـــرگەیەک نـــادۆزینەوە کە بە راشـکاوی ئامـاژە بـۆ ئەوە بکـات سـەرۆکی هەرێـم بەرپرسـە لەبەردەم دامەزراوەیەکی دەستوری لە هەرێم، تەنها لە یاسـای سەرۆکایەتی هەرێم ژمارە ١ی ساڵی ٢٠٠٥ ماددەی شازدەهەم خـــاڵی (٣) ئامـــاژەیەک هەیە بەوەی پەرلەمـــانی کوردســـتان دەتوانێت بە زۆرینەی (٤/٣) سێ لەسـەر چـواری ئەنـدامەکانی دەتوانێـت لە دەنگـدانێکی نهێنـی ســـەرۆکی هەرێـــم لە متمـــانە بـخەن.بەڵام لە راستیدا دەقی ئەم برگەیە بە راددەیەک نارۆشنە کە جێبەجێکردنـی ئەسـتەم کـردوە، چـونکە یاسـادانەر رونـی نەکـردۆتەوە کەی؟ و لەسـەر کـام بـابەت؟ و کـێ؟ بـۆی هەیە پرسی لە متمانەخستنی سەرۆکی هەرێم ئاراستەی پەرلەمان بکـات، بەپـێچەوانەوە دەسـتوری عێراقـی لە مـاددەی ٦١ بـرگەی شەشـەم خـاڵی (ا)و(ب) چـۆنیەتی پرسـاندن و لە متمانەخسـتنی

سـەرۆکی کۆمـاری عێراقـی بە رۆشـنی رێکخسـتوە لەلایەن ئەنجـومەنی نـوێنەرانی عێـراقیەوە، بەجۆرێـک مـافی داوە بە پرسـاندنی سـەرۆکی کۆمـار لەسـەر داوای زۆریـنەی رەهـای ئەنـدامانی ئەنجـومەنی نـوێنەران لەسـەر بنەمـای داواکـاریەکی هـۆدار، هەروەهـا لە متمانەخستنیشـی وابەسـتەکردوە بە تاوانبارکردنی لەلایەن دادگای بالآی ئیتیحادیەوە، بە یەکێک لەو تۆمەتانە(شـکاندنی سـوێندی دەستوری)،(پێشـێلکردنی دەسـتور)،(خیانەتی گەورە). هەربـۆیە دەتـوانین بڵـێن لەروی یاسـاییەوە ئەم دەقەی لە یاسـای سـەرۆکایەتی هەرێمـدا هـاتوە، دەقێکی بی گیانەو یارای جێبەجێکردنی نیە.

**٢- کۆتـایی هـاتنی مـاوەی سـەرۆکایەتی سـەرۆکی هەرێـم:**
بەشـێوەیەکی گشـتی مـاوەی سـەرۆکایەتی سـەرۆکی هەرێـم بە دوو شێواز کۆتایی دێت:

**ا- کۆتایی هاتتنی خولی سەرۆکایەتی:** لەو بارەدا سەرۆکی هەرێـم بەشـێوەیەکی ئاسـایی لەگەڵ کۆتـایی هـاتنی خـولی پەرلەمـان، مـاوەی سـەرۆکایەتیەکەی کۆتـایی دێـت و بەردەوام دەبێت لە کـارەکەی تـاوەکو سـەرۆکێکی دیـکە هەڵـدەبژێردرێت، هەروەک لە یاسـای کـاراکردنەوەی دامەزراوەی سـەرۆکایەتی هەرێمـی کوردسـتان ژمـارە ١ ی سـاڵی ٢٠١٩ مـاددەی ٥ بـرگەی یەکەم و دووەمدا ئاماژەی پێکراوە.

**ب- کۆتـــایی پێهێنـــانی مـــاوەی ســـەرۆکایەتی لەلایەن پەرلەمانەوە:**

بەدەرلە کۆتـایی هـاتنی خـولی سـەرۆکایەتی هەرێـم، لەچەنـد بارێکدا پەرلەمانی کوردستان بە بریارێک ماوەی سەرۆکایەتی سەرۆکی هەرێم کۆتایی پێدەهێنێت بەمشێوەیە:

١- ئەگەر ســـەرۆکی هەریـــم خـــۆی داوای کۆتـــایی پیهێنـــانی ماوەکەی بکات.

٢- ئەگەر ســەرۆکی هەرێــم نەتوانیــت لەبەر هەر هــۆیەک بێــت ئەرک و فەرمانەکانی هەڵسورێنێت.

٣- بەلای کەمەوە ٤/٣ ی ئەنـــدامانی پەرلەمـــانی کوردســـتان لە دەنگدانێکی نهێنیدا لە متمانەی بخەن.

هەروەک لە یاســای ســەرۆکایەتی هەرێــم ژمــارە ١ ی ســاڵی ٢٠٠٥ ماددەی شازدەهەم ئاماژەی بۆکراوە.

**٣- شوێنگرتنەوەی لەکاتی دیارنەمانی**

یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان لە رێکخستنی بابەتی دیارنەمـــانی ســـەرۆکی هەرێـــم جیـــاوازی کـــردوە لە نێـــوان دیارنەمانی کاتی و شوێنچۆڵبونی پێگەکە بە هەمیشەیی، بۆیە ئێمەش بە دوو تەوەری جیاواز تیشکی دەخەینەسەر، هەڵبەت گرنگە لێرەدا ئاماژە بەوە بکەین کە مەبەستمان لە دەستەواژەی کاتی و هەمیشەیی بریتیە لە توانای گەرانەوەی سەرۆکی هەرێم بۆسەرکارو پێگەکەی ، لە رووی کردارەکی و یاساییەوە، نەک مەبەست کورتی و درێژی کاتی دیارنەمانی بێت:

**آ- دیارنەمــانی بە شــێوەیەکی کــاتی:** بەشـێوەیەکی گشـتی ڕێکخستنی ئەو بابەتە بەدوو قۆناغدا تێپەربووە، قۆناغی یەکەم یاسای سەرۆکایەتی هەرێم ڕێکیخستووە، لە کاتی دیارنەمانی سەرۆکی هەرێم بە هەرهۆیەک بێت ئەوا سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران شوێنی دەگرێتەوەو ئەرک و فرمانەکانی رادەپەرێنێ تا سەرۆکی هەرێم دەگەرێتەوە بۆ سەر کارەکەی و دەستبەکار دەبێتەوە، هەروەک لە ماددەی ١٤ یاسای سەرۆکایەتی هەرێم ژمارە ١ی سالّی ٢٠٠٥ ئاماژەی بۆ کراوە، هەرچی قۆناغی دووەمی ڕێکخستنی ئەو بابەتەیە، یاسای هەمواری یەکەمی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی ژمارە ٢ی سالّی ٢٠٠٦ ڕێکیخستوە، کاتێک لە مادده یەکەم برگەی دووەمیدا ئاماژە بەوە دەکات لە کاتی دیارنەمانی سەرۆکی هەرێم، جێگرەکەی شوێنی دەگرێتەوەو کارو فرمانەکانی رادەپەرێنێت تا گەرانەوەو دەستبەکاربوونی. لەئێستادا ئەم حوکمە بەرکارەو حوکمی پێشوو کە ماددە ١٤ی یاسای سەرۆکی هەرێم ڕێکیخستبو هەڵوەشاوەتەوە، بە حوکمی ماددەی پێنجەمی یاسای هەمواری یەکەمی یاسای سەرۆکایەتی هەرێم ژمارە ٢ی سالّی ٢٠٠٦، کاتێک لە ماددەی پێنجەمی یاساکەدا ئاماژە بەوە دەدات ماددەی ١٤ یاسای سەرۆکایەتی هەرێم هەڵدەوەشێتەوە.نموونەی ئەو جۆرە دیارنەمانە زۆرن لەوانە، گەشتکردنی سەرۆکی هەرێم بۆ دەرەوەی هەرێم، جێگەی خۆیەتی ئاماژە بەوە بکەین کە دوای دەرچونی یاسای کاراکردنەوەی دامەزراوەی سەرۆکی هەرێم

ژمــاره ١ی ســاڵی ٢٠١٩ چــۆنیەتی جێبەجێکردنــی ئەم حــوکمە نارۆشنی لەخۆ گرتوە، چونکە لە ماددەی سێیەم برگەی دووەمی یاسـاکەدا ئامـاژە بۆ ئەوە دەکات سـەرۆکی هەرێم بۆ لەمەودوا دوو جێگری دەبێت بێ ئەوەی رونیبکاتەوە کام لەو جێگرانە لە کاتی دیارنەمانی شوێنی دەگرنەوە.

**ب– چۆڵ بوونی پێگەی سەرۆکی هەرێم:** ئەم شێوازو جۆرەیان جیاوازە ،کاتێک بەرجەستە دەبێت کە بارودۆخێک بێتە پێشـەوە لەروی یاسـایی و کـردارەکیەوە مەحـاڵ بێـت سـەرۆکی هەرێـم بگەرێـــتەوە ســـــەر کـــــارەکەی، بـــۆ نمـــونە لەکـــاتی دەستلەکارکێشـانەوەی سـەرۆکی هەرێم، لەو بارەیاندا سـەرۆکی پەرلەمان شوێنی دەگرێتەوەو هەڵدەستێت بە راپەراندنی ئەرک و فەرمانەکانی و، دەبێت لەماوەی ٦٠ رۆژ لە بەرواری دیارنەمانی، سـەرۆکێکی نـوێ بـۆ هەرێـم هەڵبژێردرێـت، هەروەک لە یاسـای سـەرۆکایەتی هەرێـم ژمـارە١ی سـاڵی ٢٠٠٥ مـاددەی پـازدەیەم ئامــاژەی پێکــراوە، دەســتوری عێراقــی ئەم بــابەتەی وردتــر رێکخسـتوە کاتێـک لە مـاددەی ٧٥ بـرگەی سـێیەمیدا ئامـاژەی بەوە کـردوە لەبـاری چۆلبـوونی پـێگەی سـەرۆکی کۆمـار، تەنهـا ئەوکاتە سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران شوێنی دەگرێتەوە ئەگەر هاتوو جێگرێکی نەبوو شوێنی بگرێتەوە.

# بەشی شەشەم
# ماف و ئیمتیازاتەکانی سەرۆکی هەرێم

سـەرۆكی هەرێـم كۆمەڵێـك مـاف و ئیمتیـازاتی هەیە كە یاسـا بەركارەكان رێكیان خستوە بەم شێوەیە:

- **پێـدانی مـوچە**: سـەرۆكی هەرێـم مـافی وەرگرتنـی مـوچەیەكی مانگـانەی هەیە كە بـرەكەی (١٥) ملیـۆن دینـاری عیراقیە، هەروەك لە یاسای موچەو دەرماڵەی سەرۆكی هەرێم ژمارە ١٣ ی ساڵی ٢٠١٠ ماددەی یەكەم ئاماژەی بۆكراوە
- **پێـدانی دەرمـاڵە**: سـەرۆكی هەرێـم مـافی وەرگرتنـی دەرمـاڵەیەكی مانگـانەی هەیە كە دەخـرێتە سـەر مـوچەكەی بەرێژەیەك، كە هاوتـای ٥٠٪ لەسـەدا پەنجای موچەكەی بێت ، هەروەك لە یاسای موچەو دەرماڵەی سەرۆكی هەرێم ژمارە ١٣ ی ساڵی ٢٠١٠ ماددەی دووەم ئاماژەی بۆكراوە.
- **موچەی خانەنشینی**: هەرچەند بابەتی خانەنشین بونی سەرۆكی هەرێم بە یاسایەكی تایبەت رێكخراوە ،ئەویش یاسای ژمـارە ١٣ی سـاڵی ٢٠١٠ یە، كە تیایـدا ئامـاژە بەوە كـراوە سـەرۆكی هەرێـم لە كـاتی خانەنشـین بـونی مـافی وەرگرتنـی مـوچەیەكی خانەنشـینی هەیە كە بـڕەكەی هاوتـای ٨٠٪ لەسـەدا هەشـتای كـۆی مـوچەو دەرمـاڵەكەی بێـت، بەڵام لە یاسـای چاكسـازی ژمـارە ٢ی سـاڵی ٢٠٢٠ سـەرەرای دەسـتكاریكردنی بری موچەی خانەنشینیەكە، كۆمەڵێك رێكـارو مەرج دانـراوە بۆ خانەنشین بونی بەمشێوەیە:

**ا- مەرجەكانی خانەنشین بوون**: جگە لە حاڵەتەكانی مردن یان شەهیدبوون، یان خانەنشـین بـوون بە هۆكـاری تەندروسـتی یـان

هەر حاڵەتێکی دیکە کە لە یاسای خانەنشینی بەرکاردا هاتوە، سەرۆکی هەرێم ئەوکاتە شایستەی موچەیەکی خانەنشینی دەبێت، کە ٤٥ ساڵ تەمەنی تەواو کردبێت و خزمەتی خانەنشینی لە ١٥ ساڵ کەمتر نەبێت، هەروەک لە یاسای چاکسازی ژمارە ٢ی ساڵی ٢٠٢٠ ماددەی ٧ برگەی سێیەم خاڵی ١دا ئاماژەی پێکراوە.

**ب- هەژمارکردنی موچەی خانەنشینی سەرۆکی هەرێم:**
موچەی خانەنشینی سەرۆکی هەرێم بە پێی یاسای چاکسازی ژمارە ٢ی ساڵی ٢٠٢٠ ماددەی٧ برگەی دووەم بەمشێوەیە هەژماردەکرێت:

- ڕێژەی ١٥٪ لەسەدا پازدەی کۆی گشتی دوا موچەو دەرماڵەی ئەوەی لە کاتی خزمەتکردندا وەریدەگرێت.
- ڕێژەی ١.٥٪یەک و نیو لەسەدا لە کۆی گشتی دوا موچەو دەرماڵە کە لە کاتی خزمەتکردندا وەریدەگرێت دەخرێتە سەر موچەی خانەنشینیەکەی بۆ هەر ساڵێکی خزمەتی کە هەیەتی.
- دەرماڵەی بروانامە یان هاوشێوەکانی بەمشێوەیە: ئەگەر هەڵگری بروانامەی ئامادەیی بوو ئەوا بە ڕێژەی ١٪ دبلۆم، ٢٪بەکالۆریۆس، ٤٪دبلۆمی باڵا یان ماستەر ٦٪ ، دکتۆرا ٨٪ لە کۆی موچەو دەرماڵەکەی کە لە کاتی خزمەتکردندا وەریدەگرێت دەخرێتە سەر موچەی خانەنشینیەکەی.
- لە هەموو بارێکدا نابێت موچەی خانەنشینی سەرۆکی هەرێم لە ڕێژەی ٥٠٪ لە سەدا پەنجای کۆی گشتی دوا موچەو دەرماڵەی زیاتر بێت کە لە کاتی خزمەتکردندا وەریدەگرێت

هەروەک لە یاسای چاکسازی ژمارە ٢ی ساڵی ٢٠٢٠ ماددەی٧ برگەی دووەم ئاماژەی پێکراوە.
بەدەر لە مەرجەکانی تەمەن و خزمەت کە لەسەرەوە ئاماژەمان پێداوە، تەنها بۆ ئەم خولەی سەرۆکایەتی کە لە ساڵی ٢٠١٩ دەستی پێکردوە، سەرۆکی هەرێم مافی خانەنشینبونی هەیە بە مەرجێک موچەکەی زیاتر نەبێت لە ٢٥٪لەسەدا بیستو پێنجی کۆی دوا موچەو دەرماڵەی کە لە کاتی خزمەتکردندا وەریدەگرێت هەروەک لە یاسای چاکسازی ژمارە ٢ی ساڵی ٢٠٢٠ ماددەی٧ برگەی سێیەم خاڵی ٢ ئاماژەی پێکراوە.

- **دابینکردنی پێداویستیەکانی نیشتەجێبون، پارێزگاریکردن :** پاش تەواوبونی ئەرکەکەی،سەرۆکی هەرێم مافی دابینکردنی پێداویستیەکانی نیشتەجێبون، پارێزگاریکردن و گواستنەوەی گونجاوی هەیە کە لەلایەن حکومەتەوە بۆی دابیندەکرێت، هەروەک لە یاسای موچەو دەرماڵەی سەرۆکی هەرێم ژمارە ١٣ ی ساڵی ٢٠١٠ ماددەی حەوتەم ئاماژەی بۆکراوە.

# دەرەنجام و راسپاردە

وەک نەریتێکی باوی نوسینی توێژینەوە، دوابەشی تەرخان دەکرێت بۆ خستنەروی ئەو دەرەنجامگیریانەی توێژەر پێیان دەگات لەگەڵ خستنە روی ئەو راسپاردانەی بەلایەوە گرنگن بۆ کەسانی پەیوەندیدار و خوێنەران بە گستی،ئێمەش لە میانەی توێژینەوەکەماندا گەیشتوینەتە چەند دەرەنجامێک و چەند راسپاردەیەکمان لەلا گەلاڵەبووە، هەوڵدەدەین لەچەند خاڵێک کورتیان بکەینەوەو بیانخەینەروو:

## دەرەنجامەکان

١- لەسەرەتای دروستبوونی قەوارەی هەرێمی کوردستانەوە لە ساڵی ١٩٩٢، تاوەکوو نوسینی ئەم توێژینەوەیە، پێگەی سەرۆکی هەرێم جێگەی ململانێی توندی نێوان لایەنە سیاسیەکان بووە، ئەمەش رەنگە بۆ بایەخ و گرنگی و کاریگەری ئەو پێگەیە بگەرێتەوە لەروانگەی تێروانینی حزبە کوردستانیەکانەوە، هەربۆیە دەبینین لەناونیشانیەوە بیگرە تا دەگات بە چۆنیەتی هەڵبژاردن و دەسەڵات و تایبەتمەندیەکانی، جێگەی مشتومڕی توندی نێوانیان بوە، بەرادەیەک هەندێک جار گەیشتۆتە ئاستی پەکخستن و هەڵپەساردنی پێگەکە، هەروەک لە درێژەی توێژینەوەکەدا ئاماژەمان پێداوە.

٢- نەبونی دەستور رێگەی خۆشکردوە بۆ یاسادانەری کوردستانی کە بەشێوەیەکی بەربلاو دەستێوەردانی یاسادانان(التدخل التشريعي) بکات بۆ رێکخستنی پێگەی سەرۆکی هەرێم ، ئەمەش وای کردوە جۆریک لە ناسەقامگیری

ببەخشـێتە چـۆنیەتی رێکخسـتنی یاسـایی ئەم پێگەیە،بەجۆرێـک رۆژگارێک نـاوی سـەرکردەی بزوتنەوەی رزگـاریخوازی کـورد بـوە، رۆژگـارێکی دیـکە بـۆتە سـەرۆکی هەرێـم، رۆژگارێـک سـەرۆک تەنهـا خـۆی بـوە لەو پـێگەیەدا، رۆژگـارێکی دیـکە دەستەیەکی شـەش کەسی، رۆژگارێک جێگری نەبوە، وەختێک بـوە جێگـری هەبـوە تەنهـا بـۆ کاروبـاری سـەربازی، وەختانێک جێگرێکی هەبوە بۆ گشت کـارەکەنی و لەئێستاشـدا دوو جێگـری هەیە، رۆژگارێک لە کاتی چۆڵبوونی پێگەکەی سـەرۆک وەزیـران بۆی هەبوە شوێنەکەی پڕبکاتەوە لە ئێسـتادا جێگرەکەی شـوێنی دەگـرێتەوە ،سـەردەمانێک لەلایەن خەڵـکەوە هەڵبژێـردراوە، سـەردەمانێکی دی لەلایەن پەرلەمـانەوە، ئەمـانە مشـتێکن لە خەرواری ئەو گۆرانکـاریە زۆرانەی کە وای کـردوە سـیمایەکی ناسەقامگیری بەخشیوەتە رێکخستنی یاسایی پێگەی سـەرۆکی هەرێم لە کوردستان.

٣- نەبـوونی دیـدوتێروانینێکی یەکگرتـووی دەوڵەتـمەدارانە لەلایەن کۆی هێزەسیاسیەکانی کوردسـتان بۆ پێگەی سـەرۆکی هەرێـم کە رەمـزی یەکیەتـی گەل و یەکپـارچەیی خـاکی کوردسـتانە،نوێنەرایەتی گەلـی کوردسـتان دەکـات لە نـاوەوەو دەرەوەی هەرێم و بۆی هەیە بە ناویەوە بدوێت، حەکەمی نێوان دەسـەڵاتەکەنە لە هەرێـم،بەرادەیەک خزێنـراوەتە نێـو ململانێـی تەسکی حزبیەوە کە سـەنگ و قورسایی ئەم پێگەیەی خستۆتە ژێر پرسیارەوە، تەنها بۆ نمونە ئاماژە بە پرسی خانەنشینبوونی سـەرۆکی هەرێـم دەکەیـن، کاتێـک لە یاسـای چاکسـازی ژێربـارکراوە بـۆ مەرجـی تەمەن و خـزمەت ، جـێگەی تێرامـانی زۆرە سـەرۆکی هەرێـم بەو هەمـوو رەمـزیەتەیەوە، بەو هەمـوو نهێنیە هەستیارانەیەوە کە لایەتی لەسەر کۆی پرسـەکانی تـایبەت

بە هەرێمـــی کوردســـتان لەســـەر ئاســـتی نـــاوخۆیی دەرەکـــی، یاســـادانەری هەرێمـــی کوردســـتان و لە پشـــتیەوە حـــزبە سیاسیەکانیش بەمشیوەیە برواننە پێگەی سەرۆکی هەرێم، ئەمە جگە لە تەسکبینیو تێنەگەیشتن لە هەستیاری ئەم پێگەیە، شتێکی دیکەی لێناخوێندرێتەوەو دورو نزیک پەیوەندی بە چاکسازی و دادپەروەری کۆمەڵایەتیەوە نیە، کە وەک پاساو پەنای بۆ براوەو نمونەی لە وڵاتانی دونیادا نیە مەگەر عێراق،بەپێچەوانەوە ئەم یاساکاریە پەردەپۆشـی ئەو نادادیـانەی پێـدەکرێت کە هەن و دەرگاش واڵا دەکات بۆ گەندەڵی، هەڵبەت وەختێک ئێمە ئەو توێژینەوەیە دەنوسـین ئەوانەی پۆسـتی سـەرۆکی هەرێمیـان هەبوەو هەیە مەرجەکانی خانەنشینبونیان تێدایە بە پێی یاسای چاکسازی، بۆ ئەوەی خوێنەر ئەم سەرنجەمان بە لایەنداری و دەرچوون لە بنەمای بێلایەنی زانستی لەسەر هەژمار نەکات.

٤– راڤەکردن و لێکدانەوەی جیاوازی دەقی مادده و برگەکانی ئەو یاسایانەی کە پێگەی سەرۆکی هەرێمیان رێکخستووە، وای کردوە شێوازی پیادەکردنی جیاوازی لێبکەوێتەوە لە قۆناغە جیاوازەکانـدا، بـێ ئەوەی حـوکمی مـاددەو بـرگەی یاسـاکە گـۆڕانێکی بەسـەرداهاتبێت، وەک ئەو نمـونەی لە دیـاریکردنی جێگری سەرۆکی هەرێم تێبینی دەکرێت، کاتێک لە خولی یەکەمی سەرۆکایەتی لە ساڵی ٢٠٠٦ ، پەرلەمان جێگری سەرۆکی هەرێم دەپاڵێوێـت و سـەرۆکی هەرێـم تەنهـا بریـارەکەی پەرلەمـان دەردەچوێنێت، کەچی لە دوا خولی سەرۆکایەتی بە دیاریکراوی لە سـاڵی ٢٠١٩ ، سـەرۆکی هەرێـم لەلای خـۆیەوە جێگرەکـانی دادەنێـت، بـێ ئەوەی پەرلەمـان هـیچ بەشـدارییەکی هەبێـت لەو پرۆسـەیەدا، ئەوەی جـێگەی سـەرنجە ئەوەیە، حـوکمی ئەو دەقە یاساییە لە هەردوو ساتەوەختەکەدا یەکەو گۆرانکاری بەسەردا

نەهـاتوە، کەچـی لە دوو قۆناغـدا بەدوو شـێوازی جیـاواز پیـادە دەکرێت.
٥- کـاریگەری پاشـماوەکانی شـەری نـاوخۆ و دروسـتبونی نـاوچەی قەڵەمڕەوی هێـزە سیاسـیەکان،کاریگەری راسـتەوخۆی لەسـەر کـارایی پـێگەی سـەرۆکی هەرێـم هەبـوە، بەجۆرێـک بەربەستبووە لەوەی سەرۆکی هەرێم بتوانێت بەرجەستەی ئەو رۆل و پێگەیە بکات کە لە یاسـاکاندا ئاماژەی پێکراوە، بە نمونە تایبەتمەندی فەرماندەیی کردنی هێزی یەکگرتووی پێشمەرگەی کوردستان.

# راسپاردە

لە سۆنگەی ئەو بەرەنجامانەی لە توێژینەکەماندا پێیگەیشتوین ئەم چەند راسپاردەیە بە گرنگ دەزانین بیخەینە بەردەست کەس و لایەنە پەیوەندارەکان:

١- پێویستە بابەتی رێکخستنی یاسایی پێگەی سەرۆکی هەرێم لە دەرەوەی ململانێ سیاسیەکانی نێوان حزبە کوردستانیەکان بێت و جیابکرێتەوە لە ململانێی بەدەستهێنانی ئەو پۆستە لە لایەن هەر کەس و لایەنێکەوە ، کە خواستێکی تەواو یاسایی و رەوایە، ئەمەش بەوە دەکرێت کە لە روانگەیەکی دەوڵەتمەدارانەوە بۆئەم پۆست و پێگەیە بروانین و ، پێویستە هێمای یەکیەتی و یەکریزی خاک و گەلی کوردستان بێت.

٢- هەرچی زوە پەلە بکرێت لە نوسینەوەی دەستوری هەرێمی کوردستان ، تاوەکو دەستیوەردانی یاسادانەری کوردستانی بۆ رێکخستنی ئەو پێگە گرنگە لەسنورێکی بەرتەسکدا بمێنێتەوە، ئەمەش لەپێناوی بەخشینی سەقامگیری زیاتر بەو پێگە یاسایی و سەروەریە گرنگە بۆ هەرێمی کوردستان .

٣- ئەگەر ناتوانرێت لە ئایندەیەکی نزیکدا دەستوری هەرێمی کوردستان بنوسرێتەوە، ئەوا دەکرێت یاسا سروشت دەستورییەکان کە پرسی دەسەڵاتەکان رێکدەخەن لە نێویشیاندا یاساکانی تایبەت بە رێکخستنی پێگەی سەرۆکی هەرێم، تایبەتمەندیەکیان پێ بدرێت بەوەی هەموارکردنەوەیان رێژەیەکی زیاتری دەنگی پەرلەمانتارانی پێویست بێت لەوەی بۆ یاسایەکی ئاسایی پێویستە، بە نمونە وای لێبکرێت کە یاسا سروشت دەستورییەکان بەرێژەی ٣/٢ دوو لەسەر سێی دەنگی ئەندامانی پەرلەمان هەموار بکرێتەوە، بەمشێوەیە دەتوانرێت جۆریک لە سەقامگیری بدرێت بەو پێگە گرنگ و هەستیارە.

# پاشکۆی
# یاساو بڕیارە یاساکان

# یاسای هەڵبژاردنی سەرکردەی
# رزگاریخوازیی بزوتنەوەی کورد

بەپێی بەرژەوەندییەکانی گەلی کوردستانی عێراق سەرکردایەتی بەرەی کوردستانی عێراق ئەم یاسایەی دەرکرد:

## یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی/١٩٩٢
## هەڵبژاردنی سەرکردەی بزوتنەوەی رزگاری خوازی کورد

## بەشی یەکەم
## حوکمە گشتییەکان

**ماددەی یەکەم:**

گـەلی کوردسـتان عێـراق بـەڕادەی گشـتی نهێنـی راسـتەقینەی سەرکردەیەک بۆ بزووتنـەوەی رزگاریخوازییەکـەی هەڵدەبژێرێ کە نوێنەرایەتی دەکات لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوە بەناویەوە دەدوی.

**ماددەی دووەم:**

ماوەی فەرمانرەوایی سەرکردە چوار ساڵ دەبێت.

**ماددەی سێ یەم:**

رادان لـەکاتی هـەڵبژاردنی ئەنجومـەنی نیشـتمانیدا دەکـرێ و هێندەی پەیوەندی بە دەنگدان و جودا کلردنـەوەی دەنگـەکان و راگەیاندنی ئەنجامـەوە هـەبی َکە لەگـەل حوکمی ئـەم یاسـایەد انــاکۆک نــەبن، حکــومی بەشــی هەشــتەمی یاســای

هــەڵبژاردنی ئەنجومــەنی نیشــتمانی کوردســتان - ژمــارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ بەکار دەخریت.

**ماددەی چوارەم:**

ئەنجوومەنی نیشتمانیی مووچەی سەرکردە بە یاسایەک دیاری دەکات.

## بەشی دووەم
## مەرجەکانی پالێوراو و دەنگدەر

**ماددەی پێنجەم:**

پالیوراو دەبێت ئەو مەرجانەی تێدابێت

١-تەمەنی لە کاتی هەلبژاردن دا لە چل ساڵ کەمتر نەبێ.

٢-هاووڵاتی کوردستانی عێراق بێت تێیدا نیشتەجێ بێ.

٣-هەموو مافێکە مەدەنی و سیاسی هەبی.

**ماددەی شەشەم:**

دەنگدەر دەبێت ئەو مەرجانەی تێدا بێت کە لە ماددەکانی (١٩ و ٢٠)ی یاسای ئەنجوومەنی نیشتمانیی ژمارە (١)ی ساڵی/١٩٩٢ دیار کراون

# بەشی سێیەم
# پاڵاوتن و هەڵبژاردن

**ماددەی حەوتەم:**

١- دوای خــۆ پــاڵاوتن پێشــکەش بــە دەســتەی بــاڵای سەرپەرشتکاری هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان دەدرێ دەبــێ بــە لایــەنی کەمــەوە لــە پــازدە رۆژ پــێش کــاتی دەستپێکردنیەوە بێ.

٢- دەســتە دەبێـت لـە مـاوەی دوو رۆژ دا لـە رۆژی پێشـکەش کردنەوە بڕیاری خۆی سەبارەت بە داوای خۆ پاڵاوتنەکەوە بدا.

٣- پاڵێوراو بۆی هەیە بڕیاری بڕیاری پەسەند کردنی داواکەی لەلای دداگا (استئناف)ی بە سیفەتی تەمیزی لە ماوەی دوو رۆژ بەرپچ بداتەوە.

٤- دداگــا دوا بڕیــاری لەســەر بەرپەچدانەوەکــە دەردەکــا و لــە ماوەی دوو رۆژ لە رۆژی پێشکەشکردنی یەوە ئاشکرای دەکات و پالێوراو لە رۆژی دەرچوونی یەوە بە پێزا (مبلغ) دادەنرێ.

٥- دەسـتەی بـاڵا بـە لایـەنی کەمـەوە پـێش حـەوت رۆژ لـە کـاتی هەڵبژاردن ناوی پالێوراوان رادەگەیەنێ.

**ماددەی هەشتەم:**

ئەوەی لە هەڵبژاردندا زۆربەی موتلـەقی رادارانـی وەدەسـت هێنـا بە سەرکەوتوو دادەنرێ.

# بەشی چوارەم
# ئەرک و دەسەڵاتەکانی سەرۆک

**ماددەی نۆیەم:**

سـەرکردە پێشـئەوەی دەسـت بـە کارەکـانی بکـات لەبـە دەم ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستاندا ئەم سوێندە دەخوا:
( بە خوای گەورە سوێند دەخۆم کە بە دلسۆزیەوە پارێزگاری لـە یـەکێتی گـەل و خـاکی کوردسـتانی عێـراق بکـەم رێـز لـە سەروەری یاساو پیرەوی ناوخۆ بگرم و بورژەوەندییەکانی گەل رەچاو بکەم بێ جیاوازی مافی رۆلەکانی بپارێزم گوێرایەڵی ئـەو ئـەو پەیوەندییـە بـم کـە ئەنجومـەنی نیشـتمانی کودسـتانی لەگـەل دەسەلاتەکانی ناوەندیدا بڕیاری لەسەر دەدا)
پەیوەندی سەرکردە بە دەسەلاتی یاسادانانەوە

**ماددەی دەیەم:**

١- بانگ کردنی ئەنجومـەنی نیشـتمانی بـۆ کۆبونـەوەی لـە خـولی ئاسایی نا ئاساییەکاندا.
٢- مـۆر کردنـی ئـەو رێکوتننامـەی کـە ئەنجومـەنی نیشـتمانی بڕیاریان لەسەر دەدا.
٣- دەرکردنـی ئـەو یاسـا و پەیرەوانـەی کـە لـە ئەنجومـەنی نیشتامنی رەزامەندی لەسەر پێشان داوە.
٤- دەرکردنی ئەو بڕیارەی کە هێزی یاسایان تێدایە لە ملوەی پشـووی ئەنجومـەننی نیشـتمانی دا لـە بـارودۆخی ناکـاودا بەمەرجێک هـەر کاتێک ئەنجومـەن کۆبـووە و بـۆ بڕیـاردان پێش چاو بخرێت.

٥- پێشنیاز کردنی پرۆژە یاساکان.
٦- بانگ کردن بۆ هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نیشتمانی بە پێی یاساله ماوەی پازدە رۆژدا لە رۆژی تەواو بوونی ماوەی ئەنجومەنەوە یا دەرکردنی بڕیاری خۆ هەڵوەشاندنەوە.

**ماددەی یانزدەیەم:**

١- دەرکردنی فەرمانی سپاردنی پێکهێنانی دەسەڵاتی جێ بەجێکردن بەو کەسەی ئەنجومەنی نیشتمانی دەستنیشانی کردووە.
٢- دەرکردنی فەرمانی فەرمانی پێکهێنانی دەسەڵاتی جێ بەجێکردن دوای باوەر پێدان لەلایەن ئەنجومەنی نیشتمانی یەوەز
٣- دەرکردنی فەلامانی دامەزراندن و لادانی خاوەنانی پلە تایبەتی مووچە و خۆرە گەورەکان و قبوولکردنی وازهێنانی لەسەر پێشنیازکردنی لایەنە پەیوەندیدارەکان.
٤- هەڵبژاردنی راویژکارانی خۆی و دامەزراندن و لادانیان.
٥- فەرماندان بە جێ بەجێ کردنی حوکمی ئیعدام یا سوک کردنی.
٦- بە هاوبەشی لەگەل دەسەڵاتی جێبەجێ کردندا، سیاسەتی گشتی کوردستان عێراق دادەنێ.

**ماددەی دوازدەیەم:**

فەرماندەی گشتی هەموو هێزە چەکدارەکانی کوردستانی عێراق.

**ماددەی سێزدەیەم:**

ئەگەر سەرکردە لەبەر هەر هۆیەک بێ ئامادەی بەجێ گەیاننی کارەکەی نەبوو سەرۆکی دەسەڵاتی جێ بە جێ کردن جێگەی دەگەرێتەوە.

**ماددەی چواردەیەم:**

ئەگەر جێگەی سەرکرد لەبەر هەر هۆیەک پێ چۆڵ بوو سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی جێگەی تا هەڵبژاردنی سەرکردەیەکی نوێ لە ماوەی دوو مانگی چۆل بوونەکەدا ئەرکەکانی بە جێ دێنێ.

**ماددەی پانزدەیەم:**

ئەو یاسایەی لە رۆژنامەی بەرەی کوردستانیدا بڵاو دەکرێتەوە لە رۆژی بڵاوکردنەوەەیەوە کاری پێ دەکرێ.

## یاسای دەستەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانی عێراق

### بەناوی خوای بەخشندە ومیهرەبان
### بەناوی گەلەوە
### ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق
### ژمارەی بڕیار:٤٨
### مێژووی بڕیار:١٩٩٣/١٢/٢٢
## بڕیار

به پێی حوکمی بڕگە(١) له مادده (٥٦)ی یاسای ژماره (١)ی ساڵی ١٩٩٢ و لەسەر داوای ژمارەی یاسایی ئەندامانی ئەنجومەنی نیشاتمانی عێراق.
ئەنجومەنی نیشتمانی له دانیشتنی ڕۆژی ١٩٩٣/١٢/٢٠ دا بڕیاری دەرچواندنی ئەم یاسایەی دا.

## یاسای ژماره (١٩) ی ساڵی ١٩٩٣
## یاسای دەستەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانی عێراق

**ماددەی یەکەم:**
بەدەر له حوکمەکانی یاسای ژماره (٢)ی ساڵی١٩٩٢ دەستەیەک دادەمەزرێ پێی دەگوترێ (دەستەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانی عێراق) و یەم دەستەڵات و ئەرکانەی که له یاسای ناوبراوی سەرەوەدا هاتوون جێ بەجێ دەکات تاکو قۆناغی دووەمی هەڵبژاردنی رابەری بزووتنەوەی رزگاری خوازیی کوردی تەواو دەبێت.

**ماددەی دووەم:**

دەستەی ناوبراو لە ماددەی یەکەمی ئەم یاسایە لەو دوو پاڵێوراوانە پێک دێت کە زۆرترین دەنگی دەنگدەرانیان لەو هەڵبژاردنەی کە بە پێی یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی ١٩٩٢ لەڕۆژی ١٩٩٢/٥/١٩ دا کراوە، لەگەڵ سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق و سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانی عێراق و دوو ئەندامی مەکتەبی سیاسی هەریەک لەودوو حزبەی کە دوو پاڵێوراوەکە تێی دان.

**ماددەی سێیەم:**

بڕیارەکانی دەستە بە تێکڕای دەنگ وەردەگیرێن و بە ئیمزای ئەودوو پاڵێوراوە دەردەچن، کە لە ماددەی دووەمی ئەم یاسایەدا هاتوون و لە کاتێک دا کە یەکێک لەو دووپاڵێوراوانە لە دەرەوەی هەرێم بوون، ئیمزای ئەو ئەندامانەی ئامادە دەبن بەسەو ئامادە نەبوونی کارناکاتە سەر نیصابی کۆبوونەوەی دەستەکە.

**ماددەی چوارەم:**

لە کاتێکدا کە هەردوو پڵێوراو بەیەکەوە لە دەرەوەی هەرێم بوون، بڕیارەکان بە ڕێککەوتنی ئەو ئەندامانەی کەدەمێننەوە وەردەگیرێن و بە ئیمزای سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق و سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان دەردەچن.

**ماددەی پێنجەم:**

ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بڕیاری ئەمانە دەدا:

١- ناونانی ئەو پاڵێوراوانەی کە لە ماددەی (٢)ی ئەم یاسایە ئەنجام دەدا ئەمەش لەبەر رۆشنایی ئەنجامی هەڵبژاردنی رۆژی ١٩٩٢/٥/١٩ دەبێ.

٢- ناوی ئەو ئەندامانەی هەردوو مەکتەبی سیاسی بۆ ئەندامێتی دەستەکە دەستنیشان دەکات کە لەلایەن هەردوو حزبەوە پاڵێوراوان.

٣- روو لە ئەندامانی دەستە دەنێت تاکو بە پێی ئەم یاسایە و یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی ١٩٩٢ بۆ ئەوەی هەریەکەیان ئەو کارو ئەرکانە جێ بەجێ بکەن کە پێیان سپێردراوە.

**ماددەی شەشەم:**

ئەندامانی دەستە بەر لە دەست بەکاربوونیان و بەکارهێنانی ئەو دەسەڵاتانەی کە پێیان سپێردراوە سوێندی یاسایی بە پێی ماددە (٩)ی یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی ١٩٩٢ لەبەردەم ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق دەخۆن.

**ماددەی حەوتەم:**

هەموو بڕیار و کارێک کە بە پێی دەستەڵاتەکانی کە لە یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی ١٩٩٢ دا هاتبێ تاکو دەرچوونی ئەم یاسایە شەرعین و جێ بەجێ دەکرێن.

**ماددەی هەشتەم:**

هەر دەقێکی دیکە لەگەڵ ئەم یاسایە نەگونجێ کاری پێ ناکرێ.

**ماددەی نۆیەم:**
ئـەم یاسـایە لـە رۆژی بڵاوکردنـەوەی لـە رۆژنامـەی رەسـمی دا کاری پێ دەکرێ.

**جوهر نامق سالم**
سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی
کوردستانی-عێراق

**به ناوی خوای بەخشندەی میهرەبان**
**به ناوی گەلەوە**
**ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی-عێراق**
**ژمارە بڕیار: ٣٣**
**مێژووی بڕیار ١٩٩٧/١١/٢٦**

## بڕیار

به پێی حوکمەکانی بڕگەی (١)ی له ماددەی (٥٦)ی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ و لەسەر بەرچاو خستنی له لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە، ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق له دانیشتنی رۆژی ١٩٩٧/١١/٢٥ی دا ئەم یاسایەی دەرهێنا.

**یاسای ژمارە (٨) ساڵی ١٩٩٧**
**یاسای هەڵوەشاندنەوەی یاسای دەستەی سەرۆکایەتی هەرێم ژمارە (٩)ی ساڵی ١٩٩٣**

**ماددەی یەکەم:**
یاسای ژمارە (١٩)ی ساڵی ١٩٩٣ (یاسای دەستەی سەرۆکایەتی هەرێم) هەڵدەوەشێنرێتەوە (لەغو) دەکرێت.

**ماددەی دووەم:**
ئەنجومەنی وەزیران دەبێ حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکات.

**ماددەی سێیەم:**
کار به هیچ دەقێکی هاو دژی حوکمەکانی ئەم یاسایە ناکرێ.

**ماددەی چوارەم:**

ئـەم یاسـایە لـە ڕۆژە دەرچوانـدنی کـاری پـێ دەکـرێ و لـە ڕۆژنامەی ڕەسمیدا بڵاو دەکرێتەوە.

**جوهر نامق سالم**

سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانی

کوردستانی عێراق

## یاسای وەستاندنی کار بە یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی ١٩٩٢ یاسای هەڵبژاردنی سەرکردەی بزاڤی رزگاریخوازی کورد

**بە ناوی خوای بەخشندەی میهرەبان**
**بە ناوی گەلەوە**
**ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی-عێراق**

**ژمارە بڕیار: ٣٥**
**مێژووی بڕیار ١٩٩٧/١١/٢٦**

## بڕیار

بە پێی حوکمەکانی بڕگەی (١)ی لە ماددەی (٥٦)ی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ و لەسەر هەموارکراو لە سەر داواکاری ئەنجومەنی وەزیران، ئەنجومەنی نیشتمانیی لە دانیشتنی رۆژی ١٩٩٧/١١/٢٥ی دا ئەم یاسایەی دەرهێنا.

یاسای ژمارە (١٠) ساڵی ١٩٩٧
یاسای وەستاندنی کار بە یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی ١٩٩٢
(یاسای هەڵبژاردنی سەرکردەی بزاڤی رزگاریخوازی کورد)

**ماددەی یەکەم:**

کار بە یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی ١٩٩٢ (یاسای هەڵبژاردنی سەرکردەی بزاڤی رزگاریخوازی کورد)رادەگیرێت و تاوەکو هەڵبژاردن ئەنجام دەدرێ.

**ماددەی دووەم:**

سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق ئەم ئەرکانەی خوارەوە پیادە دەکا سەرەرای ئەنجام دانی ئەرکەکانی خۆی کە

لـــه یاســـای ژمـــاره (١)ی ســـاڵی ١٩٩٢و پـــەیڕەوی نـــاوخۆی ئەنجوومەندا هاتووە.
١- دەرکردنـی فـەرمانی راسـپاردن (تکلیـف) بـۆ ئـەو کەسـەی ئەنجومـەنی نیشـتمانی کوردسـتانی عێـراق رای دەسـپێرێ بـۆ پێکهێنانی دەسەڵاتی راپەراندن.
٢- فەرماندان بە دامەزراندنی دەسـەڵاتی راپەرانـدن دوای متمانـە پێدانی لە لایەن ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراقەوە.
٣- دەرکردنـی ئـەم یاسـا و بڕیـار و پێرەوانـەی کـە ئەنجومـەنی نیشتمانی رەزامەندی لەسەر داوە.

**ماددەی سێیەم:**

سـەرۆکی ئەنجومـەنی وەزیـران هەڵدەسـتێ بـە ئەنجامـدانی ئـەو کارانەی خوارەوە سەرەرای ئەنجام دانی ئەرکـەکانی خـۆی کەلـە یاسای (٣)ی ساڵی ١٩٩٢، یاسای ئەنجومەنی وەزیران هاتووە:
١- دەرکردنی فەرمانی دامەزراندنی قازی لە کار لادانـی (عفـا ) خـاون پلـە تایبەتـەکان (اصـحاب الدرجـە خاصـە) و گـەورە فەرمانبـەران (کبـار الـوڤفین) و پەسـەند کردنـی دەستکێشـانەوە (استقالە) یان بە پێی پێشنیاز کردنی لە لایەنە پەیوەندارەکانەوە.
٢- دەرکردنی فەرمالانی دامەزراندنی قازی و دادوەران ئەوانـەی ئەنجومەنی دادگەری بڕیاری دامەزراندنیان دەدات.
٣- بانگهێشتن بۆ ئەنجامـدانی هـەڵبژاردنی ئەنجومـەنی نیشـتمانی بە پێی یاسا لە ماوەی (١٥) پازدە رۆژدا لـە دوای کۆتـایی هـاتنی مـــاوەی ئەنجومـــەنی، یـــاخود بـــە دەرچوانـــدنی بڕیـــاری هەڵوەشاندنەوەی خۆی.
٤- راسـتاندنی (تصـدیق) بڕیارەکـانی لـە سـێدارەدان (اعـدام) و سووک کردنیان.

**ماددەی چوارەم:**
ئەوانەی بە پێی ئەم یاسایەوە دادەمەزرێنرێن کە فەرمانەکانیان پێویست بکا دەبێ سوێندی یاسایی لەبەر دەم سەرۆکی وەزیراندا بخۆن، جگە لە وانەی سوێند خواردنیان بە پێی یاسا کارپێکراوەکانەوە لەبەردەم وەزیری تایبەتمەند دەبێت.

**ماددەی پێنجەم:**
قازی و دادوەران و ئەندامانی دەستەی داواکاری گشتی سوێندی یاسایی لە بەر دەم ئەنجومەنی دادگەریدا دەخوات.

**ماددەی شەشەم:**
کار بە هیچ دەقێکی دژ بە حوکمەکانی ئەم یاسایە ناکرێ.

**ماددەی حەوتەم:**
لایەنە پەیوەندارەکان جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە بەخۆ دەگرن.

**ماددەی هەشتەم:**
ئەم یاسایە لە رۆژی دەرچواندنی کار پێ دەکرێ و لە رۆژنامەی رەسمیدا بڵاودەکرێتەوە.

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانی**
**کوردستانی عێراق**

## بەناوی خوای  بە خشندە و میهرەبان
## بەناوی  گەلەوە
## ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستان– عیراق

پشت بە حوکمی برگەی (١)ی ماددەی (٥٦) لە یاسای ژمارە (١)ی سالی (١٩٩٢) هەموارکراو, لەسەر داوای ژمارەی یاسای لە ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان- عیراق ، ئەنجومەن لە دانیشتنی رۆژی (٢٠٠٥/٦/٧)یدا بریاری بە یاساکاری کردنی ئەم یاسایەی خوارەوەی دا:

## یاسای ژمارە(١)ی ساڵی/٢٠٠٥
## یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی  کوردستان– عیراق

# بەشي یەکەم
# حوکمە گشتییەکان

**ماددەی یەکەم:**

هەرێمی کوردستان – عیراق سەرۆکێکی دەبێت بە (سەرۆکی هەرێمی کوردستان – عیراق ) ناو دەبرێت ،کە سەرۆکی باڵای راپەڕاندنیشە لە هەرێمدا.

**ماددەی دووەم:**

هاوڵاتیانی کوردستان – عیراق، بە دەنگدانی گشتی و نهێنی و راستەوخۆ، سەرۆکی بۆ هەرێم هەڵدەبژێرن کە لەسەر ئاستی ناوخۆو ئاستی درەوەش نوێ نەرایەتییان دەکا و، بە ناویانەوە دەدوێت و، هەماهەنگی لە نێوان دەسەڵاتە فیدرالیەکان و دەسەڵاتەکانی هەرێمدا دەکات.

**ماددەی سێیەم:**

(ویلایەتي) سەرۆکي هەرێم بۆچوار ساڵەو، دەشێ بۆ جاري دووەمیش هەڵبژێردرێتەوە.

**ماددەی چوارەم:**

دەنگدان بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم لە کات وساتي هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان – عیراقدا ئەنجام دەدرێت بە مەرجێ لەگەڵ حوکمی ماددەی سێیەمی ئەم یاساییە پێچەوانە نەبا و، لەو ماوەیە کەم نەکاتەوە کە بۆی دیارکراوە.

# بەشي دووەم
# مەرجەكاني پاڵێوراو و هەڵبژێر

**ماددەي پێنجەم:**

مەرجە پاڵێوراو:

١- تەمەنی لە كاتی هەڵبژاردندا لە(٤٠) چل ساڵ كەمتر نەبێ.
٢- هاووڵاتی و نیشتەجێی كوردستان ـ عیراق بێت.
٣- لە هەموو مافە مەدەنی و سیاسیەكانی بەهرەمەند بێت.

**ماددەی شەشەم:**

دەبێ هەڵبژێر ئەو مەرجانەی تێدابیت كە لە یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی كوردستان ـ عیراق ژمارە(١)ی ساڵی ١٩٩٢ي هەمواركراودا هاتوون.

# بەشی سێیەم
# پالاوتن و هەڵبژاردن

**ماددەی حەفتەم:**

**١**- داوای خۆپالاوتن, لانی کەم, پێش(٣٠)سی رۆژ لە وادەی هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان ــ عیراق، پێشکەش بە دەستەی بالای سەرپەرشتی هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان ـ عیراق دەکرێت.

**٢**- دەبێت دەستەی بالا ، داوای خۆپالاوتنەکە بە بنبری یەکلا بکاتەوەو، لە ماوەی(٤)چوار رۆژ دا - لە پێشکەشکردنی داواکەوە- بلاوی بکاتەوە.

**٣**- پالێوراو مافی خۆیەتی، لەماوەی(٧)حەوت رۆژدا- لە رۆژی دەرچوونی بڕیاری رەتکردنەوەی داواکەیەوە- لەبەر دەمی دادگای تەمیزی هیرێمی کوردستاندا ناڕەزایی خۆی نیشان بدات.

**٤**- دادگا لە ماوەی (٢) دوو رۆژ، لە پێشکەشکرنی ناڕەزاییەکەوە, بڕیارێکی بنبڕی لەسەر دەردەکاو بلاوی دەکاتەوەو، پالێوراوەکەش لە رۆژی دەرچوونی بڕیارەکەوە بە پێی ڕاگەیەندراو دادەندرێ.

**٥**- دەستەی بالا لانی کەم (١٥) پازدە رۆژ بەر لەوادەی رۆژی هەڵبژاردن، ناوی پالێوراوان رادەگەیەنا.

**ماددەي هەشتەم:**

ئەو پالێوراوەی زۆرینەي سادەي دەنگەکان بە دەست بێنێ، بە براوە دادەندرێ.

# بەشی چوارەم
# ئەرک وفرمان و دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێم

**ماددەی نۆیەم:**
سـەرۆکی هەرێـم، دوای هەڵبـژاردن، پـێش دەســـتبەکاربوونی لە ئەرک و فەرمانەکانیـــدا، لە مـــاوەی (٧)حەوت رۆژدا -لە رۆژی هەڵبژاردنیەوە- ئەم سوێندەی خوارەوە لەبەردەمـی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان – عیراقدا دەخوات:
(ســـوێند بـــێ بە خـــوای مەزن، پارێزگـــاری لە مافەکـــان و دەســـکەوتەکان و یەکرِیـــزی وبەرژەوەنـــدییەکانی هاوڵاتیـــانی هەرێمـی کوردسـتان بکەم و ئەرک وفرمانەکـانم بە دروسـتی و دڵسۆزی ئەنجام بدەم).

**ماددەی دەیەم:**
سەرۆکي هـەرێم ئەم ئەرک وفرمان و دەسەڵاتانەي خوارەوەي هەیە:
**یەکەم:** ئەو یاسایانەي ئەنجومەني نیشتماني هەرێم دایان دەنێت، ســـەرۆکي هەرێـم لەمـاوەي (١٠)دە رۆژ دا لە رۆژي دانـانیەوە دەریان دەچوێنێ و، مـافي ئەوەشـي هەیە (تـانە) لە کۆي یاسـاکە یان لە بەشێکي بدات و، رەوانەي ئەنجومەني بکاتەوە تـا چاوي پێدابخشێنێتەوە ، لەم بارەدا بریاري ئەنجومەن بنبرە.
**دووەم:** لە حاڵەتێکدا ئەنجومەنی نیشتمانی هەرێم هەڵبوەشێتەوە، یان ماوەی خولی هەڵبژاردنەکەی کۆتایی هاتبا، سـەرۆکی هەرێم لە مـاوەی ١٥ پـازدە رۆژدا فەرمـان بۆ ئەنجامـدانی هەڵبژاردنـی گشتی دەردەچوێنێ.

**سێیەم:** لە ماوەي (١٠)دە رۆژدا لە رۆژی راگەیاندنی ئەنجامی کۆتایی هەڵبژاردنەکەوە ، فەرمانی بانگهێشت کردنی ئەنجومەنی نیشتمانی هەرێم بۆ خولی یەکەمی کۆبوونەوەی خولی هەڵبژاردن دەردەچوێنێ و، ئەگەر بانگهێشتی بۆ دەرنەکرا، ئەوا ئەنجومەن، لە خۆیەوە، لە رۆژی دوای کۆتایی ماوەکە کۆ دەبێتەوە.

**چوارەم:** لەم حاڵەتانەی خوارەوەدا، بەفەرمانی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان – عیراق هەڵدەوەشێنێتەوە:

١- ئەگەر پتر لە نیوەی ئەندامەکانی دەستیان لەکار کێشایەوە.

٢- ئەگەر لە ماوەي (٤٥) چل و پێنج رۆژدا لە بانگهێشت کردنی بۆ کۆبوونەوەی خولی هەڵبژاردن, ژمارەی یاسایی ئەندامان بە دەست نەهات.

٣- ئەگەر ئەنجومەن متمانەی بە ئەنجومەنی وەزیران، لە سێ پێکهاتەی وەزاری جیاوازی یەک لەدواي یەک دا نەدا .

٤- ئەگەر سیستەمی هەڵبژاردنی ئەنجومەن گۆڕاو، خولی هەڵبژاردنیش، (٦) مانگ یان کەمتری مابوو.

**پێنجەم:** کاتێ هەرێمی کوردستان و سیستەمە سیاسییەکەی, یان ئاسایشی گشتی هەرێم، یان دامودەزگا دەستوورییەکانی بکەونە مەترسییەکی ئەوتۆوە، هەرەشە لە بوونی بکاو، ئەنجومەنی نیشتمانیش نەتوانێ کۆببێتەوە، ئەوە، لەو بارەدا سەرۆکی هەرێم دوای راوێژو رێککەوتن لەگەڵ سەرۆکی ئەنحومەنی نیشتمانی وسەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمدا بڕیارگەلێ دەردەچوێنێ هێزی یاسایان هەیە بە بەمەرجێ ئەو بڕیارانە، لە یەکەم کۆبوونەوەی ئەنجومەنی نیشتمانی هەرێمدا بخرێنە بەردەمي. خۆ ئەگەر هاتوو نەخرانە بەردەمی، یان خرانە

بەردەمــی و ئەنجــومەن پەســەندي نەكــردن، ئەوا، لەو بــارەدا سیفەتی یاساییان نامێنێ.

**شەشەم** : لێبوردني تایبەت لە بەندكراوان، بەپێي یاسا.

**حەوتەم** : پەسـەند كردنـي حـوكمي لە سـێدارە دان, یـان سـووك كردني بۆ بەندكردني هەتا هەتا.

**هەشتەم** :جاڕداني باري نائاسایي بە پێي یاسایەكي تایبەت.

**نۆیەم** : لەكاتي پێویسـتدا بانگهێشـتي ئەنجومەني وەزیـران دەكا بۆ كۆبوونەوەیەكي ناچاري وگفتوگۆكردني پرسگەلێكي دیاركراو كە كۆبـوونەوەكەي بـۆ دەكـرێ، سـەرۆكایەتي كۆبـوونەوەكەش دەكا.

**دەیەم** : لە كـــاتي پێویســـتداو، بە رەزامەنـــدي ئەنجـــومەني نیشتماني هەرێم، رێگەدەدات بە هێـزە چەكدارەكاني فیدراڵ بێنە ناو هەرێمەوە.

**یازدەم** : سـەرۆكي هەرێـم بۆي هەیە، بەرەزامەندي ئەنجومەني نیشتماني كوردستان- عیراق، هێزەكاني پێشمەرگە بۆ دەرەوەي هەرێم بنێرێ.

**دوازدەم** : دواي ناوناني سەرۆكي وەزیـران لە لایەن ئەنجومەني نیشـتماني كوردسـتان -عیـراقەوە, سـەرۆكي هەرێـم داواي لـێ دەكـا, وەزارەتەكەي لە مـاوەي (٣٠) سـي رۆژدا- لە رۆژي داوا كردنەكەوە، پێك بهێنێ.

**سـیازدەم:** كـاتێ ئەنجـومەني نیشـتمانیي كوردسـتان- عیـراق، ئەنجـومەني وەزیـران یـان وەزیـر لە متمـانە دەخـات، سـەرۆكي هەرێـــم فەرمـــاني قبـــوڵكردني دەســـت لەكاركێشـــانەوەیان دەردەچوێنێ.

**چـــواردەم**: فەرمـــاني قبـــولّكردني دەســـت لە كاركێشـــانەوەي ئەنجـومەني وەزيـران يـان وەزيـر دەردەچـوێ و، داواشـيان لـێ دەكا لە ئەرك وفرماني خۆياندا بەردەوام بن تـا وەزارەتـي نـوێ پێك دەهێنرێ.
**پـازدەم** :دامەزرانـدني خـاوەن پـلە تايبەتەكـان لەسـەر پێشـنيازي وەزيري پەيوەنديدارو رەزامەندي ئەنجومەني وەزيران.
**شازدەم** : دامەزراندني دادوەران و سەرۆك و ئەنداماني ئيديعاي گشتي دواي پاڵاوتنيان لەلايەن ئەنجومەني دادوەري هەرێمەوە.
**حەڤــدەم**: بەخشـيني روتـبەي سـەربازي بە ئەفسـەراني هێـزە چەكدارەكاني هەرێم و هێزەكاني ئاسايشـي نـاوخۆو دەركـردن و خانەنشينيشيان بەپێي ياسا رەچاوكراوەكان.
**هەژدەم**: بەخشيني نيشان و مەداليا بەپێي ياسا.

**مادەي يازدەم:**
مووچەو دەرماڵەي سەرۆكي هەرێم بەپێي ياسا ديار دەكرێ.

**ماددەي دوازدەم:**
سـەرۆكايەتي هەرێـم ديـوانێكي دەبـێ و، پێكهـاتەو ئەركەكـاني بە ياسا ديار دەكرێت.

**ماددەى سيازدەم:**
١ـ سەرۆكي هەرێم فەرمانداري گشتي هێزەكاني پێشمەرگەي هەرێمي كوردستان ـ عيراقە.
٢ـ سەرۆكي هەرێم جێگرێك بۆ فەرمانداري گشتي هێزەكاني پێشمەرگەي هەرێمي كوردستان ـ عيراق دادەمەزرێنێ تا لە

ئەركوف رمانەكانيدا لەم رووەوە ياريدەي بداو، لە ديارنەبوونيدا جێگاي بگرێتەوە.

**ماددەی چواردەم:**

لە حـالەتی دیـارنەبووی سـەرۆکی هەرێمـدا لەبەر هەر هـۆیەک دەبـێ, ببـێ، سـەرۆکی ئەنجـومەنی وەزیـران، لە جیـاتی ئەو، ئەرکوفرمانەکانی لە ئەستۆ دەگرێ.

**ماددەی پازدەم :**

ئەگەر پلەوپایەی سەرۆکی هەرێم، لەبەر هەر هۆیەک، چۆڵ بوو, سـەرۆکی ئەنجـومەنی نیشـتمانی کوردسـتان ـ عیـراق ئەرک وفرمانەكاني هەڵدەسورێنێ تا لە ماوەي(٦٠) شەست رۆژ دا- لە رۆژي چـۆڵ بـوونی پلەوپـایەکەوە- سـەرۆکێکی نـوێ هەڵدەبژێردرێ.

**ماددەی شازدەم:**

ماوەي سەرۆكايەتي سەرۆكي هەرێم، لەم حالەتانەي خوارەوەدا، بەبریـارێ لەلایەن ئەنجـومەني نیشـتماني کوردسـتان ـ عیـراق کۆتایي پێ دەهێندرێ:

١- ئەگەر سەرۆكي هەرێم خۆي داواي ئەوە بكات.

٢- نەتـوانێ، لەبەر هەر هـۆیەک ێـت، ئەرکـو فرمانەکـاني هەڵسوورێنێ.

٣- بەلایەنـی کەمەوە(سـێ) ئەنـدامانی ئەنجـومەنی نیشـتمانی کوردستان- عیراق، لە دەنگدانێکی نهێنیدا، لە متمانەی بخەن.

# بەشي پێنجەم
# حوكمە گواستنەوەييەكان

**ماددەی حەڤدەهەم**

بەدەر لە حوكمي ماددەي دووەمی ئەم ياسايە:
سەرۆكی هەرێم، لە لايەن ئەنجومەنی نيشتمانیً كوردستان-عيراقەوە بە زۆرينەی دەنگی ئەندامەكانی هەڵدەبژێردرێت بۆ (ويلايەتی)يەكەم.

**ماددەی هەژدەم:**

ياساي ژمارە(٢)ي ساڵي ١٩٩٢(ياساي هەڵبژاردني رابەري بزووتنەوەي رزگاريخوازي كوردي) و، ياساي ژمارە(١٠)ساڵي ١٩٩٧ي هەمواركراو هەڵدەوەشێتەوە.

**ماددەی نۆزدەم:**

پێويستە لەسەر ئەنجومەنی وەزيران و لايەنە پەيوەنديدارەكان كار بە حوكمەكاني ئەم ياسايە بكەن.

**ماددەی بيستەم:**

ئەم ياسايە لە رۆژی دەرچوونيەوە كاري پێدەكریً و لە رۆژنامەی رەسمی(وەقايعي كوردستان)دا بڵاودەكرێتەوە.

**عدنان رشاد مفتی**
سەرۆكی ئەنجومەنی نيشتمانی
كوردستان – عيراق

## بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان
## بەناوی گەلەوە
## ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان ـ عیراق

پشت بە حوکمی بڕگە (١)لە ماددەی (٥٦) لە یاسای ژمارە (١)ی ســـاڵی (١٩٩٢) هەموارکراو و، لەســەر خستنەڕووی ژمارەی یاسـایی لە ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان ـ عیراق، ئەنجومەن لە دانیشتنی رۆژی (٢٠٠٦/١/٢٤) بڕیاری دا ئەم یاســایەی خوارەوە دابنێت:

## یاسای ژمارە (٢) بۆ ساڵی ٢٠٠٦
## یاسای هەموار کردنی یەکەمی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ـ عیراق

**ماددەی یەکەم:**

مـاددەی (یەکـەم) لـە یاسـای سـەرۆکایەتی هـەرێم ژمـارە(١) بـۆ ســـاڵی ٢٠٠٥ هـــەمواردەکرێت و بـــەم شـــێوەی خـــوارەوە دەخوێندرێتەوە:

١- هــەرێمی کوردســتانی عێــراق ســەرۆکێکی دەبێــت پــێ ی دەوترێت سەرۆکی هەرێمی کوردستان وخۆی سەرۆکی باڵای دەســـەڵاتی جێبـــەجێ کـــردن و فەرمانـــدەی گشـــتی هێـــزی پێشمەرگەی هەرێمی کوردستانە.

٢- ســەرۆکی هــەرێم جێگرێکــی دەبێــت هاوکــاری دەکــات لــە ڕاپەڕانـدنی ئەرکـەکانی و لـەکاتی ئامادەنـەبوونی دا جێگـەی ئـەو دەگرێــتەوە و هەرخۆشــی جێگــری فەرمانــدەی گشــتی هێــزی پێشمەرگەیە.

٣- سەرۆکی هەرێم هەندێک لە ئەرک و دەسەڵاتەکانی خۆی بەجێگرەکەی خۆی دەدات.

**مادەی دووەم:**

برگەی ( دوازدەم) لەماددەی (دەیەم)ی ئەم یاسایەدا هەمواردەکرێت وە بەم شێوەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:
( دووای دەستنیشانکردنیان لە لایەن ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان سەرەک وەزیران و جێگرەکەی رادەسپێرێت بە پێکهێنانی وەزارەت ئەویش لەماوەی سی رۆژ لە مێژووی راسپاردنەکەیانەوە)

**ماددەی سێیەم:**

ماددەی ( یازدەم)ی یاساکە هەمواردەکرێت و بەم شێوەی خوارەوە دەخوێنرێتەوە.
( مووچەو دەرماڵەی سەرۆکی هەرێم و جێگرەکەی بەیاسا دیار دەکرێت).

**ماددەی چوارەم:**

ماددەی سیازدەی یاساکە هەڵدەوەشێندرێتەوە.

**ماددەی پێنجەم:**

ماددەی چواردەمی یاساکە هەڵدەوەشێندرێتەوە.

**ماددەی شەشەم:**

لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم یاسایە جێبەجێ دەکەن.

**ماددەی حەوتەم:**
ئـەم یاسـایە لـە رۆژی دەرچواندنیـەوە جێبـەجێ دەکرێـت و لـە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.

**عەدنان رەشاد موفتی**
سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانی
کوردستان-عیراق

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**
**بەناوی گەل**
**ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان ـ عیراق**

پشت بە حوکمی بڕگە (١)ی مادده (٥٦) لە یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو، لەسەر داوای ژمارەی یاسایی پەرلەمانتاران. ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان ـ عیراق لە دانیشتنی نائاسایی ژمارە (١)ی رۆژی ٢٠٠٩/١/٢١دا ئەم یاسایەی دەرکرد:

**یاسای ژمارە (١) ی ساڵی ٢٠٠٩**
**یاسای هەموارکردنی دووەمی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ـ عیراق**
**ژمارە (١) ی ساڵی ٢٠٠٥ هەموارکراو**

**ماددەی یەکەم:**
بڕگەکانی (یەکەم و دووەم و پازدەم) لە ماددەی دەیەمی یاساکە هەمواردەکرێت و بڕگەیەک لە زنجیرە (نۆزدەم) زیاد دەکرێتە سەرماددەکە و بەم شێوەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:
**یەکەم:**
١- پێشنیارکردنی پرۆژەی یاساو بڕیارەکانی تایبەت بە سەرۆکایەتی هەرێم بۆ ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان ـ عیراق.
٢- دەرچواندنی ئەو یاساو بڕیارانەی کە ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان ـ عیراق دایان دەنێت، لە ماوەی پانزە ڕۆژدا لە بەرواری گەیشتنی بۆ سەرۆکایەتی هەرێم، سەرۆکی هەرێم

بۆی هەیە لەو ماوەیەدا نارەزایی لەسەر هەموو یان هەندێک لەو یاساو بڕیارانەی دەربببێت. و گەڕاندنەوەی بۆ ئەنجومەنی نیشتمانی بۆ چاو پێخشاندنەوەیان و بڕیاری ئەنجومەنی نیشتمانی لەسەریان بنبڕدەبێت. و ئەو یاساو بڕیارانەش بە دەرچوو دادەنرێت لەو حالەتەی کە سەرۆکی هەرێم لەماوەی ناوبراو دەری نەچوواند و نارەزایشی لەسەریان نەبووە ئەنجومەنی نیشتمانی رادەسپێری و لە ڕۆژنامەی فەرمی بلآو دەکرێتەوە.

**دووەم:**

دەرکردنی فەرمانێک بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی گشتیی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق و دیاریکردنی کاتەکەی لەماوەی (پانزەرۆژدا) لە بەرواری هەلوەشاندنەوەی یان بەلانی کەم لەماوەی شێست رۆژی پێش کۆتایی خولی هەڵبژاردنی بە مەرجێک رۆژی هەڵبژاردن لە شەست ڕۆژی دوای هەڵوەشانەوەی یان شەست ڕۆژی پێش کۆتایی خولی هەڵبژاردنی رەت نەکات.

**پازدەم:** دامەزراندن و لابردنی خاوەن پلە تایبەتیەکان لەسەر پێشنیاری وەزیری پەیوەندیدارو ڕەزامەندی ئەنجومەنی وەزیران.

**نۆزدەم:** سەرۆکی هەرێم هەر دەسەڵاتێکی تر کە لە دەستوورو یاسادا هاتبێت دەگرێتە دەست.

**ماددەی دووەم:**

کار بە هیچ دەقێکی یاسایی یان بڕیار ناکرێت ئەگەر ناکۆک بێ لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا.

**ماددەی سێیەم:**

پێویستە لەسەر لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی چوارەم:**

ئەم یاسایە لەبەرواری دەرچواندنیدا جێبەجێ دەکرێ و لەرۆژنامەی فەرمیدا (وەقائیعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.

**عەدنان موفتی**

سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتماني کوردستان-عیراق

تێبیني: ئەم یاسایە بەبریاري ژمارە (٢) ي ساڵی ٢٠٠٩ لەلایەن سەرۆکی هەرێمي کوردستانەوە پەسەندکرا.

**بەناوی خودای بەخشندەو میهرەبان**
**بەناوی گەلەوە**
**پەرلەمانی کوردستان ـ عیراق**

پشت بە حوکمی برگەی (١ ) لە ماددەی (٥٦)ی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراوو، لەسەر داوای ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان، و بەدەر لە حوکمەکانی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ هەمواکراو و یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ هەمواکراو، پەرلەمانی کوردستان ـ عیراق لە دانیشتی ئاسایی ژمارە (٣٥)ی رۆژی ٢٠١٣/٦/٣٠ بڕیاری دەرچوواندنی ئەم یاسایەی دا:

**یاسای ژمارە (١٩)ی ساڵی ٢٠١٣**
**یاسای درێژکردنەوەی ویلایەتی سەرۆکی هەرێم کوردستان ـ عیراق**

**ماددەی یەکەم:**
ویلایەتی سەرۆکی هەرێم کە لە (٢٠١٣/٨/٢٠) دا تەواو دەبێت، بەردەوام دەبێت، درێژ دەکرێتەوە تا (٢٠١٥/٨/١٩) کە ئیتر بۆ دووەم جار یارای درێژکردنەوەی نییە.

**ماددەی دووەم:**
لەو ماوەیەدا کە لە ماددەی (یەکەم)ی ئەم یاسایەدا دیاریکراوە، پڕۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان بە سازان هەموار دەکرێتەوە.

**ماددەی سێیەم:**

کار بەهیچ دەقێکی یاسایی یان بڕیارێک ناکرێت کە پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە بێت.

**ماددەی چوارەم:**

پێویستە سەرۆکایەتی هەرێم و ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی پێنجەم:**

ئەم یاسایە لەبەرواری دەرچوواندنیەوە جێبەجێ دەکرێت، و لەرۆژنامەی فەرمیي (وەقایعی کوردستان)دا بڵاودەکرێتەوە.

**د. ارسلان بایز اسماعیل**

سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان ـ عیراق

# هۆیە پێویستکارەکان

لە پێنــاو بەرژەوەنــدی گشــتیي هەرێمــی کوردســتان و، بــۆ هاتنەکـایەی پێکهـاتن و سـازان لەسـەر هەمـوارکردنی پـڕۆژەی دەسـتووری هەرێـم، و لەبەرئەوەش کە پـڕۆژەی دەسـتوور بـۆ سیســـتەمی سیاســـي هەرێـــم گـــرنگە، و بەمســـۆگەرکردنی رەخسـاندنی بـارودۆخی مەوزوعـی بۆ ئەوەی بگەیـن بە پێکهـاتن لەسـەری ئامانجەکـانی گەلـی کوردسـتان - عێـراق بگـاتە جێ و بێــتەدی رێزەکــانی یەکبگــرن و برایەتیــان بەردەوام بێــت، ئەم یاسایە دەرچوێندرا.

---

تێبینـی/ یاسـاکە بە دەرچـوو دەژمێـردرێ بە تێپەڕبـوونی مـاوەي یاســایی دەرچوونــدنی، بە پێــی حــوکمی بــڕگەی یەکەم/٢ لە مـاددەی دەیەم لە یاسـای سـەرۆکایەتی هەرێمـی کوردسـتان - عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ی هەموارکراو.

**بەناوی خودای بەخشندەو میهرەبان**
**بەناوی گەلەوە**
**پەرلەمانی کوردستان ـ عیراق**

پشت بە حوکمی بڕگەی (١ ) لە ماددەی (٥٦)ی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراوو، لەسەر داوای ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان، پەرلەمانی کوردستان ـ عیراق لە دانیشتی ئاسایی ژمارە (٣)ی رۆژی ٢٠١٤/٥/١٣ بڕیاری دەرچوواندنی ئەم یاسایەی دا:

**یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٤**
**یاسای هەموارکردنی سێیەمی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ـ عیراق**
**ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ هەموارکراو**

**ماددەی یەکەم:**

بڕگەی (دوازدەیەم) لە ماددەی (دەیەم)ی ئەم یاسایە هەموار دەکرێت و، بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێنرێتەوە:
پاش ناونانی لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە، کاندید بۆ سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران رادەسپێرێت بۆ پێکهێنانی کابینەی وەزاری لەماوەیەکدا کە لە (٣٠) رۆژ تێپەرنەکات.

**ماددەی دووەم:**

پێویستە لەسەر لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی سێیەم:**

کار بە هیچ دەق و یاسایەکی دیکە ناکرێت پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە بێت.

**ماددەی چوارەم:**

ئەم یاسایە لە رۆژي دەرچونیەوە جێبەجێ دەکرێت و لە رۆژنامەی فەرمی( وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.

## هۆکارەکانی دەرچوواندنی ئەم یاسایە

بەمەبەستی گونجاندن لەگەڵ سیستەمی سیاسي، دیموکراتیي پەرلەمانی، ئەم یاسایە دەرچوێندرا.

**یوسف محمد صادق**
سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان ـ عیراق

## بەناوی خودای بەخشندەو میهرەبان
## بەناوی گەلەوە
## پەرلەمانی کوردستان ـ عیراق

پشت بە حوکمی بڕگەی (١ ) لە ماددەی (٥٦)ی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەمووارکراوو، لەسەر داوای ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان، و بەدەر لە حوکمەکانی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو، پەرلەمانی کوردستان ـ عیراق لە دانیشتی ئاسایی ژمارە (٤)ی رۆژی ٢٠١٧/١٠/٢٩ بڕیاری دەرچوواندنی ئەم یاسایەی دا:

## یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٧
## یاسای دابەشکردنی دەسەڵاتەکانی سەرۆکایەتی هەرێم بەسەر دامەزراوە دەستوورییەکانی هەرێم

**ماددەی یەکەم:**

دەسەڵاتەکانی سەرۆکایەتی هەرێم تا هەڵبژاردنەکانی سەرۆکی هەرێم و خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان بەسەر دامەزراوە دەستوورییەکانی هەرێم دابەش دەکرێن بەم شێوەیەی خوارەوە:

**یەکەم:** پیادەکردنی ئەرک و دەسەڵاتەکانی هاتوو لە حوکمی ماددەی یەکەم و ماددەی دووەم و، هەروەها بڕگەکانی (دووەم، شەشەم، دەیەم، یازدەم، پازدەم، هەژدەم، نۆزدەم) لە ماددەی دەیەم لە یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ـ عێراق ژمارە

(١)ی ساڵی ٢٠٠٥ هەمواركراو لەلایەن سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی كوردستان دەبێت.

**دووەم**: پیادەكردنی ئەرك و دەسەڵاتەكانی هاتوو لە بڕگەكانی (چوارەم، پێنجەم، حەوتەم، هەشتەم و حەڤدەم) لە ماددەی دەیەم لە یاسای سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان ـ عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ هەمواركراو لەلایەن سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی كوردستان دەبێت.

**سێیەم**: پیادەكردنی ئەرك و دەسەڵاتەكانی هاتوو لە بڕگەكانی (یەكەم/ ٢، چواردەم) لە ماددەی دەیەم لە یاساي سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان ـ عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ هەمواركراو لەلایەن دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمانی كوردستان دەبێت.

**چوارەم**: پیادەكردنی ئەرك و دەسەڵاتەكانی هاتوو لە بڕگەكانی (سێیەم، دوازدەم، سێزدەم، شازدەم) لە ماددەی دەیەم لە یاساي سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان ـ عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ هەمواركراو لەلایەن سەرۆكی ئەنجومەنی دادوەری هەرێمی كوردستان دەبێت.

**ماددەی دووەم :**

دیوانی سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان لەكارو ئەركە كارگێڕی و داراییەكانی بەردەوام دەبێت و ئەركەكانی بەپێی حوكمەكانی ئەم یاسایە جێبەجێ دەكات.

**ماددەی سێیەم :**

**یەکەم**: جــگە لەو مــاددانەی کە لە نــاوەڕۆکی ئەم یاســایەدا ئاماژەیـان پێکـراوە کـارکردن بەیاسـای سـەرۆکایەتی هەرێمـی کوردســتان ــ عێـراق ژمـارە (١)ی سـاڵی ٢٠٠٥ هەمـوارکراو رادەگیرێت تـا هەڵبژاردنەکانی سـەرۆکی هەرێمـی کوردسـتان و خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان.

**دووەم**: ئەم یاسـایە بەرکـار دەبێت تـا هەڵبژاردنەکانی سـەرۆکی هەرێمی کوردستان و خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان.

**ماددەی چوارەم :**

کار بەهیچ دەقێکي یاسـایي یان بڕیارێک ناکرێت کە پێچەوانەي ئەحکامەکاني ئەم یاسایە بێت.

**ماددەی پێنجەم :**

ئەم یاسایە لە ماوەي (٧) رۆژ لە بەرواري پەسند کردني لەلایەن دەســتەي ســەرۆکایەتي پەرلەمــانەوە دەردەچووێنــدرێت و، لە رۆژي دەرچـوونیەوە جێ بەجێدەکرێت و، لە رۆژنـامەي فەرمي (وەقائیعي کوردستان) بڵاو دەکرێتەوە.

## هۆیەکانی دەرچوواندن

بەهــۆی درێژکــردنەوەی مــاوەی یاســایی خــولی چــوارەمی پەرلەمــانی کوردســتان و، رەتکــردنەوەی ســەرۆکی هەرێمــی کوردستان بۆ بەردەوام بوونی لە پۆستەکەیدا و، بەپێی ئەوەی لە ماددەی چوارەم لە یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ـ عێــراق ژمــارە (١)ی ســاڵی ٢٠٠٥ هەمــوارکراودا هــاتووە کە دەنگـدان بـۆ هەڵبژاردنـی سـەرۆکی هەرێـم لە کـات و سـاتی هەڵبژاردنــی پەرلەمــانی کوردســتان ئەنجــام دەدرێــت و لەبەر نەبـوونی کاندیـد بـۆ پۆسـتی سـەرۆکی هەرێـم و بەمەبەسـتی دروست نەبوونی بۆشایی یاسایی لە دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێم، ئەم یاسایە دەرکرا.

| | | |
|---|---|---|
| **بێگەرد دلشاد شکراللە** | **جعفر إبراهیم ئێمینکی** | **یوسف محمد صادق** |
| سکرتێري پەرلەمانی | جێگري سەرۆکي | سەرۆکی پەرلەمانی |
| کوردستان ـ عیراق | پەرلەمانی | کوردستان ـ عیراق |

**بەناوی خودای بەخشندەو میهرەبان**
**بەناوی گەلەوە**
**پەرلەمانی کوردستان ـ عیراق**

**ژمارەی دەرچوون: ١٦**
**مێژووی دەرچوون: ٢٠١٨/٧/١١**

پشت بە حوکمی بڕگەی (١) لە ماددەی (٥٦)ی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو ، لەسەر داوای ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان، و لەسەر ئەو یاساکارییەش کە پەرلەمان لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (6)ی رۆژی ٢٠١٨/7/11 ئەنجامیداوە و، بەپێی ئەو دەسەڵاتەش کە لە بڕگەی (سێیەم)ی (ماددەی یەکەم) لە یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٧ بەدەسەڵاتی سەرۆکایەتی پەرلەمان دراوە، بڕیاری دەرکردنی ئەم یاسایەی دا:

**یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٨یاسای هەڵپەساردنی دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ـ عیراق**

**ماددەی (١):**
هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم هاوکات لەگەڵ هەڵبژاردنی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان، ئەنجام نادرێت.

**ماددەی (٢):**

**یەکەم** : کـــارکردن بە یاســـــای (دابەشـــکردنی دەســـــەڵاتەکانی سەرۆکایەتی هەرێم بەسەر دامەزراوە دەستوورییەکانی هەرێم) ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٧ بەردەوام دەبێت.

**دووەم :** دیوانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان لەکارو ئەرکە کارگێڕي و داراییەکان بەردەوام دەبێت و، لەژێر سەرپەرشتی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران کارەکانی ئەنجام دەدات.

**ماددەی (٣):**

پێویستە خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان لە ماوەی دوو وەرزی گرێدانی ساڵی یەکەمیدا لە ژێر رۆشنایي پێوەرە گشتییە دەســـتوورییەکان، بڕیـــار لەســـەر چارەنووســـی دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێم بدات.

**ماددەی (٤):**

کار بە هیچ دەقێکی یاسایی ناکرێت، پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە بێت.

**ماددەی (٥):**

پێویستە لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی (٦):**

ئەم یاســـایە لە رۆژی دەرچـــوونیەوە کـــاری پێـــدەکرێت و، لە رۆژنامەی فەرمي (وەقائیعی کوردستان)دا بڵاودەکرێتەوە.

# هۆیەکانی دەرچواندن

لە پێناو رەخساندني زەمینەی سازان و لێک تێگەیشتن لەسەر سیستەمی حوکمڕانی لە هەرێمی کوردستان، ئەم یاسایەدەردەچوێندرا.

| | | |
|---|---|---|
| **بێگەرد دلشاد شکراللە** | **جعفر إبراهیم ئێمینکی** | **یوسف محمد صادق** |
| سکرتێري پەرلەمانی | جێگري سەرۆکي | سەرۆکی پەرلەمانی |
| کوردستان ـ عیراق | پەرلەمانی | کوردستان ـ عیراق |

## بەناوی خودای بەخشندەو میهرەبان
## بەناوی گەلەوە
## پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق

**ژمارەی دەرچوون: ٥**
**مێژووی دەرچوون: ٢٠١٩/٥/٨**

پشت بە حوکمی بڕگەی (١) لە ماددەی (٥٦)ی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو و، لەسەر داوای ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان، و لەسەر ئەو یاساکارییەش کە پەرلەمان لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (٥)ی رۆژی ٢٠١٩/٥/٨ ئەنجامیداوە و، بەپێی ئەو دەسەڵاتەش کە لە بڕگەی (سێیەم)ی (ماددەی یەکەم) لە یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٧ بەدەسەڵاتی سەرۆکایەتی پەرلەمان دراوە، بڕیاری دەرکردنی ئەم یاسایەی دا:

**یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٩**

**یاسای کاراکردنەوەی دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ـ عێراق**

**و هەمواری شێوازی هەڵبژاردنی سەرۆک تا پەسەندکردنی دەستور**

**ماددەی (١):**

یاسای هەڵپەساردنی دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ـ عێراق ژمارە (١٠)ی ساڵی ٢٠١٨ هەڵدەوەشێتەوە و دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێم کارا دەکرێتەوە

**ماددەی (٢):**
یاسای دابەشکردنی دەسەڵاتەکانی سەرۆکایەتی هەرێم بەسەر دامەزراوە دەستورییەکانی هەرێم ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٧ هەڵدەوەشێتەوە.
**ماددەی (٣):**
**یەکەم:** بەدەر لە حوکمی ماددەی دووەم لە یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ـ عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ی هەموارکراو، پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق سەرۆکێک بۆ هەرێم هەڵدەبژێرێت بەو ئەرک و دەسەڵاتانەی کە لە یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ـ عێراقدا هەیە، تا پەسەند کردنی دەستوری کوردستان ـ عێراق کە تێیدا شێوازی هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم و دەسەڵاتەکانی دیاری دەکرێت و، سەرۆک لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوەش نوێنەرایەتی هاوولاتیانی کوردستان ـ عێراق دەکات و بەناویانەوە دەدوێت و هەماهەنگی لە نێوان دەسەڵاتە فیدرالیەکان و دەسەڵاتەکانی هەرێمدا دەکات.
**دووەم:** بەدەر لە حوکمی برگەکانی (٢) و (٣) لە ماددەی (یەکەم) لە یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ـ عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ی هەموارکراو، سەرۆکی هەرێم دووجێگری دەبێت و ئەرک و دەسەڵاتەکانیان لەلایەن سەرۆکی هەرێمەوە دیاری دەکرێت.

**ماددەی (٤):**
بەدەر لە حوکمەکانی ماددەی (حەفتەم)ی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ـ عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ی

هـەموارکراو، پەرلـەمـانی کوردسـتان بـۆ هـەڵبژاردنی سـەرۆکی هەرێم ئەم ڕێکارانەی خوارەوە دەگرێتەبەر:
**یەکەم:**
١ـ لـە مـاوەی (٣٠) سـیی ڕۆژ لـە دوای هـەڵبژاردنی دەسـتەی سـەرۆکایەتی پەرلـەمان، پەرلـەمانی کوردسـتان دەرگـای خـۆ پاڵاوتن دەکاتەوە.
٢ـ خوازیارانی خۆکاندیدکردن کە مەرجەکانی ماددەی (پێنجەم)ی یاسـای سـەرۆکایەتی هـەرێمی کوردسـتان ـ عێـراق ژمـارە (١)ی سـاڵی ٢٠٠٥ی هـەموارکراو تێدایـە، لـە مـاوەی (٣) سـێ ڕۆژ لـە بـەرواری کردنـەوەی دەرگـای خۆپـاڵاوتن داواکـاری و سـیڤی خۆیان پێشکەشی سەرۆکایەتی پەرلەمان دەکەن.
٣ـ سـەرۆکایەتی پەرلـەمان لـە مـاوەی (٢)دوو ڕۆژ لـە ڕۆژی داخستنی دەرگای خۆپاڵاوتن ناوی ئـەو پاڵێوراوانـە ڕادەگەیـەنێت کە مەرجی یاساییان تێدایە.
٤ـ هـەر کەسـێک لەوانـەی داواکارییـان پێشـکەش کـردووە، ئەگـەر ناوی ڕانەگەیەنرا بۆی هەیە لە ماوەی (٢) دوو ڕۆژ لـە ڕێکـەوتی ڕاگەیاندنی ناوی کاندیدەکان لە بەردەم دادگای تەمییز تانە بدات، دادگـای تـەمییز لـە مـاوەی (٢) دوو ڕۆژ تانـە یـەکلایی دەکاتـەوە، بڕیاری دادگاش لەم بارەوە بنبڕە.
٥ـ سەرۆکی هەرێم لە دەنگدانێکی ئاشـکرا و بـە دەنگـی زۆرینـەی ڕەهـای ئەنـدامانی پەرلـەمان، لـە مـاوەی (٣) سـێ ڕۆژ لـە ڕۆژی دەرکردنی بڕیاری بنبڕ لەسەر تانەکان هەڵدەبژێردرێت.
٦ـ ئەگـەر هـیچ پاڵێوراوێـک دەنگـی زۆرینـەی ڕەهـای ئەنـدامانی پەرلـەمانی بەدەسـت نـەهێنا دەنگـدان دووبـارە دەکرێتـەوە و، کێبرکێ لە نێوان ئەو دوو پاڵێوراوە دەبێت کە زۆرینـەی دەنگیـان هێناوە و ئەوەی لە جاری دووەم زۆرینەی بەدەست هێنا دەبێتـە

سەرۆکی هەرێم، ئەگەر تەنها یەک پاڵێوراویش هەبوو بۆ پۆستی سـەرۆکی هـەرێم دەنگدانی ئاشـکرا ئـەنجام دەدرێـت و، ئەگـەر پاڵیوراوەکـە زۆرینـەی دەنگی پەرلـەمانی بەدەسـت هێنـا دەبێتـە سەرۆکی هەرێم.

**دووەم:**

بـەدەر لـە حـوکمی خـاڵی (١) برگـەی (یەکـەم)ی ئـەم ماددەیـە پەرلەمانی کوردستان تەنها لەم خولـەدا لـە مـاوەی (٣) سێ رۆژ لە دوای دەرچواندنی ئەم یاسایە دەرگای خۆ پالاوتن بۆ پۆسـتی سەرۆکی هەرێم دەکاتەوە.

**ماددەی (٥):**

**یەکـەم:** مـاوەی ویلایـەتی سـەرۆکی هـەرێم بـە کۆتـایی هـاتنی ماوەی ویلایەتی پەرلەمان کۆتایی دێت.

**دووەم**: سـەرۆکی هـەرێم لـە ئـەرک و دەسـەلاتەکانی بـەردەوام دەبێـت تـا بـە پێـی حوکمـەکانی ئـەم یاسـایە سـەرۆکێک هەڵدەبژێردرێت.

**ماددەی (٦):**

کـار بـە هـیچ دەقێکـی یاسـایی یـان بڕیارێـک ناکرێت کـە لەگـەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە ناکۆک بێت.

**ماددەی (٧):**

پێویستە لەسەر لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمـەکانی ئـەم یاسـایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی (٨):**

ئـەم یاسـایە لـە رۆژی دەرچواندنیـەوە جێبـەجێ دەکرێت و لـە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان)دا بڵاو دەکرێتەوە.

## هۆیەکانی دەرچواندن

بە مەبەستی کاراکردنـەوەی دامـەزراوەی سـەرۆکایەتی هـەرێمی کوردستان ـ عێراق و هـەڵبژاردنی سـەرۆکی هـەرێم لـە پەرلـەمان ئەم یاسایە دەرچوێندرا.

**منی نبی نادرقەهوەچی**
سکرتێری پەرلەمانی
کوردستان- عیراق

**هێمن هەورامی**
جێگری سەرۆکی پەرلەمانی
کوردستان- عیراق

**د. ڤاڵا فرید أبراهیم**
سەرۆکی پەرلەمانی
کوردستان- عیراق

## بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان
## بەناوی گەلەوە
## ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان– عیراق

پشت بە حوکمي بڕگە (١)لە ماددەي (٥٦) وماددەي (٥٣) لە یاساي ژمارە (١)ي ساڵی (١٩٩٢) هەموارکراو و, ماددەي(١٢)لە یاساي سەرۆکایەتي هەرێمی کوردستان- عیراق ژمارە(١) ي ساڵی ٢٠٠٥و لەسەر خستنەڕووي ژمارەي یاسایي لە ئەندامانی ئەنجومەني نیشتمانی کوردستان- عیراق, ئەنجومەن لە دانیشتنی ڕۆژی (٢٠٠٥/٧/٢٦) بڕیاري دا ئەم یاسایەی خوارەوە دابنێت:

## یاسای ژمارە (٢) ي ساڵی ٢٠٠٥
## یاسای دیوانی سەرۆکایەتی هەرێمي کوردستان– عیراق

**ماددەی یەکەم:**

سەرۆکایەتي هەرێم دیوانێکي دەبێت بەناوی (دیوانی سەرۆکایەتي هەرێمی کوردستان) کە خاوەن کەسایەتی مەعنەویەو ئەم ئەرکانەي خوارەوەی هەیە:

**یەکەم:** سەرپەرشتی کردني فەرمانگەکانی دیوان.

**دووەم:** رێکخستني پەیوەندي لەنێوان سەرۆکایەتي هەرێم وسەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان- عیراق وسەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان- عیراق.

**سێیەم:** رێکخستنی پەیوەندی لەنێوان سەرۆکایەتی هەرێم و دەسەڵاتەکانی عیراقی فیدراڵ.

**چوارەم**: رێکخستنی چالاکی و پەیوەندییەکانی سەرۆکي هەرێم لە ناوەوەو دەرەوەي هەرێمی کوردستان.

**ماددەی دووەم:**
سەرۆکي هەرێم بە پلەي وەزیر سەرۆکي دیواني سەرۆکایەتي هەرێم دادەمەزرێنێت.

**ماددەی سێیەم:**
سەرۆکي هەرێم بۆي هەیە سیستەمێکي تایبەت بە پێکهاتەي دیوان دەربکات و هەر فەرمانگەو بەش وهۆبەیەک بە گونجاو بزانێت بێنێتەکایەوەو پوچەل یان بکاتەوە.

**ماددەی چوارەم:**
**یەکەم**: سەرۆکي هەرێم راوێژکارەکانی دادەمەزرێنێت بە پلەي تایبەت و بۆي هەیە بەڕیوەبەرە گشتییەکانی نێو پێکهاتەي دیوان دابمەزرێنێت و لێپرسینەوەیان لەگەڵدا بکات و خانەنشینیان بکات بەپێی یاسا.
**دووەم**: سەرۆکی هەرێم بۆي هەیە کارمەندانی پێکهاتەی دیوان دابمەزرێنێت و لێپرسینەوەیان لەگەڵدا بکات وخانەنشینیان بکات بەپێی یاسا, هەروەها بۆی هەیە هەندێک لە دەسەڵاتەکانی سەبارەت بەم بڕگەیە بە سەرۆکی دیوان بدات.

**ماددەی پێنجەم:**
سەرۆکی دیوان بۆی هەیە لە کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ئامادەبێت.

**ماددەی شەشەم:**
ئەم یاسـایە لە رۆژي دەرچوانـدنیەوە جـێ بەجـێ دەکرێـت و لە رۆژنـامەي رەسـمي هەرێـم(وەقـایعي کوردسـتان)دا بـلآو دەکرێتەوە.

**عدنان رشاد مفتی**
سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانی
کوردستان- عیراق

تێبینـی: ئەم یاسـایە دوای پەسـندکردنی لەلایەن سـەرۆکی هەرێمـی کوردستان – وە لەژمارە (٦١) ي سالّی شەشەمی رۆژی ١٦/٧/ ٢٠٠٦ ی رۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بلآوکراوەتەوە.

**بەناوی خودای بەخشندەو میهرەبان**
**بەناوی گەلەوە**
**پەرلەمانی کوردستان ـ عیراق**

پشت بە حوکمی برگەی (١) لە ماددەی (٥٦)ی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراوو، لەسەر داوای ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان، پەرلەمانی کوردستان - عێراق لەدانیشتنی ئاسایی ژمارە (١٣)ی رۆژی ٢٠١٠/١١/٩ بڕیاری دەرچوواندنی ئەم یاسایەی دا:

**یاسای ژمارە (١٣)ی ساڵی ٢٠١٠**
**یاساي مووچەو دەرماڵەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان ـ عیراق و جێگرەکەی**

**ماددەی یەکەم:**
سەرۆکی هەرێمی کوردستان ـ عیراق مووچەیەکی مانگانە وەردەگرێت بڕەکەی(١٥) ملیۆن دیناری عیراقیە.

**ماددەی دووەم:**
دەرماڵەی مانگانە دەخرێتە سەرمووچەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان ـ عیراق کە دەکاتە(٥٠%)ي مووچەی مانگانەی.

**ماددەی سێیەم:**
سەرۆکی هەرێمي کوردستان ـ عیراق لە کاتی خانەنشین بوون، مووچەی خانەنشین وەردەگرێت، کە دەکاتە(٨٠%)ی مووچەو دەرماڵەکەی.

**ماددەی چوارەم:**

جێگری سەرۆکی هەرێمی کوردستان ـ عیراق مووچەیەکی مانگانە وەردەگرێت کە دەکاتە(١٣) ملیۆن دیناری عیراقی.

**ماددەی پێنجەم:**

دەرماڵەی مانگانە دەخرێتە سەر مووچەی جێگری سەرۆکی هەرێمی کوردستان ـ عیراق کە دەکاتە(٥٠%)ي مووچەی مانگانەی.

**ماددەی شەشەم:**

جێگري سەرۆکی هەرێمی کوردستان ـ عیراق لە کاتی خانەنشین بوون مووچەی خانەنشینی مانگانە وەردەگرێت کە دەکاتە(٨٠%)ي مووچەو دەرماڵەکەی.

**ماددەی حەوتەم:**

پاش تەواو بووني ئەرکي سەرۆک یان جێگرەکەی، حکومەت هەموو پێداویستییەکاني نیشتەجێ بوون و پارێزگاري کردن و گواستنەوەي گونجاو و، ئیمتیازاتي دیکەیان بۆ دابین دەکات، ئەوانەي کە یاسا کارپێکراوەکاني هەرێم یا نەریتي نیشتمانیي لەم حالەتانەدا دەیان بەخشێ.

**ماددەی هەشتەم:**

ئەم یاسـایە لە رۆژی بڵاوکـردنەوەی لە رۆژنـامەی فەرمی(وەقائیعي کوردستان) جێبەجێ دەکرێت.

**محمد قادر عبدالله**

**(د. کەمال کەرکووکی)**

سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق

## هۆیەکانی دەرچوواندنی

ئامـاژە بە یاسـاي سـەرۆکایەتي هەرێمـي کوردسـتان ـ عیـراق ژمـارە(١)ي سـاڵي ٢٠٠٥ي هەمـوارکراوو، لە پێنـاوي دەسـت نیشان کردني مووچەو دەرماڵەي سەرۆکي هەرێم و جێگرەکەي ئەم یاسایە دەرچوێنرا.

تێبینی: ئەم یاسایە بەبریاري ژمارە ١٨ ي سالي ٢٠١٠ لەلایەن بەرێز سەرۆکي هەرێمی کوردستانەوە دەرچوێنرا.

## بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان
## بەناوی گەلەوە
## پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق

پاڵپشت بە حوکمی بڕگەی (١)ی ماددەی (٥٦) لە یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو و بڕگەی (یەکەم)ی ماددەی (٧٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق، و لەسەر داوای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، پەرلەمانی کوردستان لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (٣)ی ڕۆژی ٢٠٢١/٩/٧ ئەم یاسایەی پەسەند کرد:

## یاسای ژمارە (١٢)ی ساڵی ٢٠٢١
## یاسای نیشان و میدالیا لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق

**ماددەی (١)**

بۆ مەبەستی حوکمەکانی ئەم یاسایە، ئەم زاراوە و دەستەواژانەی خوارەوە ماناکانی بەرامبەریان دەگەیەنن:

**یەکەم:** هەرێم: هەرێمی کوردستان ـ عێراق.

**دووەم:** سەرۆک: سەرۆکی هەرێمی کوردستان ـ عێراق.

**سێیەم:** ئەنجومەن: ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ـ عێراق.

**ماددەی (٢)**

**یەکەم:** نیشان و میدالیا بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە بریتین لەمانەی خوارەوە:

١.    نیشانی نیشتمان.
٢.    نیشانی ئاشتی و پێکەوە ژیان.
٣.    نیشانی پێشمەرگە.
٤.    میدالیای بەرخودان و قارەمانێتی.

**دووەم:**

١.    **نیشانی نیشتمان:** بەو کەسانە دەبەخشرێت کە لە بواری مەدەنیدا خزمەتێکی ناوازە پێشکەش بە هەرێم دەکەن، یان داهێنانێکی مەزن لە بواری کارەکەیاندا دەکەن، بەجۆرێک کە لە خزمەتی مرۆڤایەتیدا بێت.

٢.    **نیشانی ئاشتی و پێکەوە ژیان:** بەو کەسانە دەبەخشرێت کە خزمەتێکی ناوازە لە بواری گەشەپێدانی ئاشتی و مافی مرۆڤ و پێکەوە ژیان پێشکەش بە هەرێم دەکەن.

٣.    **نیشانی پێشمەرگە:** بەو کەسە بیانیانە دەبەخشرێت کە خزمەتێکی ناوازە پێشکەش بە هەرێم دەکەن.

٤.    **میدالیای بەرخودان و قارەمانێتی:** بەو کەسانە یان بە میراتگرەکانیان دەبەخشرێت کە لە بوارەکانی سەربازی و ئاسایش، یان لە میانەی پاراستن و بەرگری لە هەرێم،
خزمەتێکی گەورەی بێ هاوتا پێشکەش دەکەن کە شایستەی ڕێزلێنان و بەرزڕاگرتنە.

**ماددەی (٣)**

**یەکەم:** شێوە و نەخش و نیگار و هێماکان، و ئەو ماددانەی کە نیشان و میدالیای لێ دروست دەکرێت، بە پەیڕەوێک دیاری دەکرێت کە لەلایەن سەرۆک دەردەچێت.

**دووەم:** نیشـــان و میـــدالیا بە مەرســـوم، لەلایەن ســـەرۆک، لە بۆنەیەکی تایبەتیدا دەبەخشرێن.

**ماددەی (٤)**

**یەکەم:** سـەرۆک بـۆی هەیە لە هەر کاتێکـدا نیشـان و میـدالیا بە کەسانی شایستە ببەخشێت.

**دووەم:** سـەرۆکایەتی هەرێم بـۆی هەیە پێشـنیار بـۆ دیـاریکردنی کەسانی شایستە بە بەخشینی نیشان و میدالیا بکات.

**سێیەم:** سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان و سەرۆکی ئەنجوومەنی دادوەری لە هەرێم، بۆیان هەیە پێشنیار بۆ دیاریکردنی کەسانی شایستە بە بەخشینی نیشان و میدالیا بکەن.

**چوارەم:** کەسانی شایستە بۆ وەرگرتنی نیشـان و میـدالیا لەسـەر ڕاســـپاردەی وەزیـــری تایبەتمەنـــد یـــان ســـەرۆکی لایەنە نەبەســـتراوەکان بە وەزارەت، بەڕەزامەنـــدی ئەنجـــومەن، بـــۆ سەرۆکایەتی هەرێم پێشنیار دەکرێن.

**پێـــنجەم:** لیژنەیەکـــی تایبەتەمەنـــد لە ســـەرۆکایەتی هەرێـــم پێکـدەهێنرێت، بـۆ هەڵسـەنگاندنی پێشـنیارکراوان، بـۆ خسـتنە بەردەمی سەرۆک بە مەبەستی بەخشینی نیشان و میدالیا.

**ماددەی (٥)**

**یەکەم:** هەڵگرانـی نیشـان یـان میـدالیا بەپێـی حوکمەکـانی ئەم یاسایە، ئەم ئیمتیازاتانەی خوارەوەیان پێدەبەخشرێت:

١. بانگهێشتکردنیان بۆ بۆنە نیشتمانییە فەرمییەکان.

٢. بەخشـینێکی دارایـی کە بـڕەکەی لەلایەن سـەرۆکایەتی هەرێـمەوە دیـاری دەکرێـت و لە بـودجەی سـەرۆکایەتی هەرێـم خەرج دەکرێت.

٣.	هەر بە خشین و ئیمتیازێکی تر کە لە پەیڕەوی جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایەدا هاتبێت.

**دووەم**: نیشان و میدالیا لە بۆنە فەرمیی و نیشتمانییەکاندا بەخۆوە دەکرێن.

**سێیەم**: لە کاتی مردنی هەڵگرانی نیشان و میدالیا، میراتگرەکانیان مافی پارێزگاریی کردنیان لە نیشان و میدالیاکە هەیە، بەڵام مافی بەخۆوەکردنیان نییە.

**ماددەی (٦)**

**یەکەم**: سەرۆکی هەرێم بە مەرسومێک نیشان یان میدالیای بەخشراو لە هەڵگرەکەی دەستێنێتەوە، لەسەر ڕاسپاردەی لێژنەیەکی لێکوڵینەوە کە لە سەرۆکایەتی هەرێم بۆ ئەو مەبەستە پێک دێت، لە سێ ئەندام کە یەکێکیان مافپەروەر بێت لە کاتی هاتنەدی یەکێک لەم حاڵەتانەی خوارەوە:

- ئەگەر دەرکەوت کە پێشتر حوکمدراوە بە تاوانێکی ئابرووبەر یان دواتر پێی حوکمدرا.
- ئەگەر دەرکەوت کە پێشتر کارێکی دژ بە گەل، خاک یان بەرژەوەندییە باڵاکانی هەرێم ئەنجام داوە یان دواتر ئەنجامیان بدات.
- ئەگەر دەرکەوت لەسەر بنەمایەکی ساختە یان نادروست نیشان یان میدالیاکەی بە دەست هێناوە.
- ئەگەر کارێکی ئەنجامدا کە لەگەڵ بنەمای وەرگرتنی نیشان یان میدالیاکەی پێی بەخشراوە ناکۆک و دژ هاتەوە.

**دووەم**: لێسەندنەوەی نیشان و میدالیا بەپێی بڕگەی (یەکەم)ی ئەم ماددەیە، دەبێتە هۆی ڕاگرتنی ئیمتیازاتەکان، و لێسەندنەوەی ئەوانەی کەشیاوی لێسەندنەوە بن.

**ماددەی (٧)**
ئەرک و پێکهاتەکانی هەر لیژنەیەک کە لەم یاسایەدا هاتوون بە پەیڕەوێک دیاری دەکرێن کە لەلایەن سەرۆک دەردەچێت.

**ماددەی (٨)**
نیشان و میدالیای بەخشراو شیاوی مامەڵە پێکردن نین، بە پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایەوە.

**ماددەی (٩)**
شێواز، نەخش، هێمای بەکارهاتوو لە دروستکردنی نیشان و میدالیا بە موڵکی هەرێم هەژماردەکرێن.

**ماددەی (١٠)**
نیشان و میدالیای بەخشراو بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە، نیشانەی گلدانەوەی ناخرێتە سەر.

**ماددەی (١١)**
هەرکەسێک کاری ساختەکردن یان لاسایی کردنەوەی هەر نیشان و میدالیایەکی هاتوو لەم یاسایەدا ئەنجام بدات، یان بەبێ مۆڵەتی لایەنی تایبەتمەند دروستی بکات، ئەوا بە زیندانیکردن بۆ ماوەیەک کە لە (١٠) دە ساڵ زیاتر نەبێت لەگەڵ ڕەچاوکردنی هەر سزایەکی توندتر کە لە یاسایەکی دیکەدا هاتبێت، سزادەدرێت.

**ماددەی (١٢)**
سەرۆک پەیڕەوێک بۆ دیاریکردنی کاروبارەکانی پەیوەندیدار بۆ ئاسان جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەردەکات.

**ماددەی (١٣)**
پێویستە لەسەر لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی (١٤)**
کار بە دەقی هیچ یاسا و بڕیارێک ناکرێت کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکۆک بێت.

**ماددەی (١٥)**
ئەم یاسایە لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێت.

## هۆیەکانی دەرچواندن

بە مەبەستی هاندان و ڕێزلێنان و نیشانکردنی ئەو کەسانەی لە بوارە جیاوازەکاندا خزمەتێکی ناوازەیان پێشکەش بە خاک و گەلی کوردستان دەکەن، ئەم یاسایە دەرچووێنرا.

**د. ڕێواز فایق حسێن**
سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق

**بەناوی خودای بەخشندەو میهرەبان**
**بەناوی گەلەوە**
**پەرلەمانی کوردستان ـ عیراق**
**بڕیاری ژمارە (٤)ی ساڵی٢٠٠٩**

پشت بەستن بە حوکمی ماددەی (٥٦) بڕگەی (٣) لەیاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراوو ماددەی دەیەم بڕگەی (١٢) لەیاسای ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ی هەموارکراو، لەسەر داوای ژمارەی یاسایی پەرلەمانتاران. پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق لەدانیشتنی ئاسایی ژمارە (٦)ی رۆژی ٢٠٠٩/٤/١٥ی خۆیدا، بڕیاردرا:

**یەکەم:**

بەدەر لە حوکمي ماددەي (دەیەم/ دووەم) لە یاساي سەرۆکایەتي هەرێم ژمارە (١)ي ساڵی ٢٠٠٥ي هەموارکراو دەسەڵات بەسەرۆکي هەرێمي کوردستان ـ عێراق دەدرێ کاتي ئەنجامداني هەڵبژاردنەکاني خولي سێیەمی پەرلەماني کوردستان ـ عیراق دیاري بکات و بانگهێشتی بۆ بکات پاش تەواو بووني پێداویستیە کردەتیەکاني هەڵبژاردن لەلایەن کۆمسیۆني باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانەوە.

**دووەم:**

پێویستە لەسەر لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم بڕیارە جێبەجێ بکەن.

**سێیەم:**

ئەم بڕیارە لە رۆژی دەرچووواندنیەوە جێبەجێ دەکرێ و لە رۆژنامەی فەرمی (وەقائیعی کوردستان)دا بڵاودەکرێتەوە.

**عدنان موفتی**

سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان.عیراق

**بەناوی خودای بەخشندەو میهرەبان**
**بەناوی گەلەوە**
**پەرلەماني كوردستان ـ عیراق**
**بڕیاری ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠٠٩**

پشت بەستن بە حوكمی ماددەی (٥٦) بڕگەی (٣) لەیاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەمواركراو، لەسەر داوای ژمارەی یاسایی پەرلەمانتاران. پەرلەمانی كوردستان ـ عێراق لەدانیشتنی ئاسایی ژمارە (١٣)ی رۆژی ٢٠٠٩/٥/١٣ی خۆیدا، بڕاردرا:

**یەكەم:**
بەدەر لە حوكمی ماددەی سێیەم لە یاسای سەرۆكایەتی هەرێم ژمارە (١) ی ساڵی ٢٠٠٥ی هەمواركراو ویلایەتی سەرۆكی هەرێم كە لە ٢٠٠٩/٦/١٢ كۆتایی پێدێت، درێژدەكرێتەوە تاكو هەڵبژاردنی سەرۆكێكی نوێ بۆ هەرێم و دەست بەكاربوونی.

**دووەم:**
كار بە هیچ دەقێكی یاسایی یان بڕیارێك ناكرێت پێچەوانەی حوكمەكانی ئەم بڕیارە بێت.

**سێیەم:**
لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەكانە حوكمەكانی ئەم بڕیارە جێ بەجێ بكەن.

**چوارەم:**
ئەم بڕیارە لە رۆژی دەرچوواندنیەوە جێبەجێ دەكرێ و لە رۆژنامەی فەرمی (وەقائیعی كوردستان)دا بڵاودەكرێتەوە.

**عدنان موفتی**
سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان ـ عیراق